# ناوەڕۆك


پێشەکی ........................................ ٢
پوختەی ئەنجامدراو ........................................ ٣
چوارچێوەی یاسایی مافەکانی مرۆڤ ........................................ ٨
ئازادی ڕادەربڕین ومیدیا ........................................ ١٦
بازرگانیکردن بە مرۆڤ ........................................ ١٩
ڕەوشی کرێکاران ........................................ ٢١
ڕەوشی پەروەردە وخوێندنی باڵا ........................................ ٢٤
ئاوارەو پەنابەران ........................................ ٢٥
سەروەری یاسا ........................................ ٣٣
کۆچ ........................................ ٣٦
باری دارایی وئابووری ........................................ ٤٠
رەوش و باروودۆخی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازییەکان و بەندیخانەکانی گرتن وگواستنەوەی پۆلیس و ئاسایش: ........................................ ٤٣
رەوشی منداڵان ........................................ ٥٣
رەوشی ژنان ........................................ ٥٧
پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان ........................................ ٦٢
کەمئەندامان ........................................ ٧٢
هاتووچۆ ورێگەوبان ........................................ ٧٣
داعش وتیرۆر ........................................ ٧٧
تەندروستی: ........................................ ٧٨
مادده هۆشبەرەکان ........................................ ٨٣
پێشنیازەکان ........................................ ٨٦
پاشکۆ ........................................ ٨٩




www.ihrckr.org ihrckr@gmail.com
ناونیشان: هەولێر - گەڕەکی ئازادی - نزیک یاریگای فرانسۆ هەریری

# پێشەکی

ئەم راپۆرتە رومالّی رەوشی مافەکانی مرۆڤ دەکات لە هەرێمی کوردستان- عێراق، لە ماوەی (٢٠١٥/١/١ تاکو ٢٠١٥/١٢/٣١)، وەك یەکێك لە ئەرکەکانی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بە پێی حوکمی مادده (٤/ دەیەم/ أ) لە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤ لە سالّی ٢٠١٠)، دەقەکەی وەك لە یاساکەدا هاتووە: "راپۆرتی سالّانە ئامادە دەکات بۆ دەرخستنی رووی راستەقینەی واقیعی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا و بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری و لایەنی پەیوەندیدارەکان بەرز دەکاتەوە، لەگەلّ پیشاندانی راسپاردەی بەکردار بۆ پاراستن و بەهێزکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان".

ئەم راپۆرتە لە دەرەنجامی دەستنیشانکردن و لێکۆلینەوە و تۆمارکردنی پێشێلکاریی و ئەو کەموکورییانەی هەن لە بوارەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ ئامادەکراوە و لێکدانەوە و هەلّسەنگاندنی بابەتیانەی بۆ کراوە، ئەمەش لە دەرەنجامی کاری تیمەکانی سەر بە دەستە و هەروەها کۆشش و هاوکاری و چالاکییەکانی چەندین لایەنی پەیوەندیدار لە رێگەی پێدانی زانیاری و ئامار و داتای پێویست و پەیوەست بە لاینە جیاجیاکانی مافەکانی مرۆڤ، بە مەبەستی دەستنیشانکردن و دەستخستنەسەر خالّە لاوازەکان و هەولّی خستنەرووی پێشنیاز وراسپاردەی گونجاو بۆ لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی راستکردنەوەی دۆخەکە و باشترکردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافانە لە سۆنگەی رێککەوتنامە وپەیماننامە نێودەولّەتیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و لە رێگەی رەچاوکردنی پێوەرە نێودەولّەتیەکان، شانبەشانی چوارچێوە یاساییە ناوخۆییەکان کە دەگونجێن لەگەلّ رێککەوتننامە وپەیماننامە و جارنامەکان و پێوەرە نێودەولّەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا.

لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا رووبەرووری چەندین تەگەرە و کێشە بووینەتەوە، کە پەیوەستن بەو رەوشە هەستیارەی هەرێم بە گشتی لە دەرەنجامی شەڕی تیرۆر و سەختی باری ژیان و ئەو ئاستەنگە ئابوری و داراییانەی رووبەڕووی هەرێم بونەتەوە و رەنگدانەوەی نەرێنیان هەبووە لەسەر ئەنجامدانی ئەرك و کارەکانی هەموو لایەك و لە دەرنجام وادەی دەرچوونی ئەم راپۆرتەش لە کاتی دیاریکراوی خۆی دواکەوت.

# پوختەی ئەنجامدراو

دۆخی ئالۆزی سەربازی و سیاسی و ئابووری عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥)، رەنگدانەوە و کاریگەری هەبووە لەسەر رەوش و دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، کاریگەریکەشی لە زۆربەی کاتەکاندا نەرێنی بووە، بە جۆرێك هەموو مافە مەدەنی وسیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان، تا دەگاتە مافی ژینگەی دروست و بوژانەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسی، رووبەڕووی ئاستەنگ و کشانەوە هاتووە.

فەراهەمبوونی ئازادی را وڕادەربڕین وەك مافێکی بنەڕەتی مرۆڤ، پێوەرێکە بۆ بەهرەمەندبوون بە هەموو مافەکانی دیکەی مرۆڤ، هەروەها رێزگرتن لە مافی ئازادی راو وڕادەربڕین لە هەر شوێنێکدا رەنگدانەوەی پێوەرەکانی دادپەروەری و دەستپاکی و یەکسانییە لە و شوێنەدا.

لە ساڵی (٢٠١٥) پێشێلکاری زەق بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان کراوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە: داخستنی نوسینگە، هەوڵی سوتاندن، لێدان، رێگریکردن، راگرتن، و سوکایەتی پێکردن، بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٥) لەو کاتانەی هاوڵاتیان لە هەندێك ناوچەی کوردستان بەرامبەر بە نادادپەروەری و نایەکسانی و نەبوونی مووچە خۆپیشاندانیان دەکرد، لە کاتانەدا رۆژنامەنووسان لە کاتی رووماڵکردنی خۆپیشاندانەکان دوچاری رێلێگرتن و ئەشکەنجە و سوکایەیەتی پێکردن دەبوونەوە.

سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری کەناڵ و ئامرازەکانی راگەیاندن و رادەربڕین، بەڵام پێشێلکاری و بەرتەسککردنەوەی بەرچاو هەیە لە بواری ئازادی را و رادەربڕین.

ئەگەرچی تا ئێستا تاوانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ نەبۆتە دیاردە لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئاماژە وسیماکانی دەرکەوتنی ئەو تاوانە لە بەرزبوونەوەدان، کە گرنگترینیان بریتین لە: فرۆشتنی کچان و ژنانی ئێزیدی لە لایەن رێکخراوی تیرۆرستی (داعش)، بەکارهێنانی ژنان ومنداڵان بۆسواڵکردن، هێنانی کچان لەناوچەکانی باشور وناوەڕاستی عێراق بەمەبەستی کارکردن لەکافتریاو هۆتێلەکان، نەشتەرگەری گۆڕینی گورچیلە لەژێرناوی بەخشین، ناردنە دەرەوەی گەنجان بۆ وڵاتانی ئەوروپا لەرێگەی ئەو کەسانەی کاری بردندەرەوەی هاوڵاتیان دەکەن بە نایاسایی.

تا دێت رەوشی کرێکاران لەهەرێمی کوردستان بەرەو خراپی دەڕوات ودەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی قەیرانی دارایی زۆرترین کاریگەری لەسەر ئەم چینە دروستکردووە، هەروەها پابەندنەبوون بە یاساکانی کار و خانەنشینی و

**بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران و سستی و لاوازی رۆڵی دەزگاکانی جێبەجێکردن، رێخۆشکەر بوونە بۆ پێشێلکاریەکانی کە دەرحەق بە کرێکاران دەکرێت و لە زۆرێك لە مافەکانیان بێبەش دەکرێن و هەندێك جاریش ژیان و تەندروستیان دەکەوێتە مەترسی و دوچاری پێکان و نەخۆشی و ژیان لە دەستدان دەبنەوە.**

**وەك ئاشکرایە ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان لە دوو ملیۆن مرۆڤ تێپەڕی کردووە، ئەم ژمارە زۆرەش لە تواناکانی حکومەتی هەرێم بەدەرەن بە تایبەتی لەم بارودۆخە سەختەی ئابووری هەرێم، هەروەها هاوکارییە نێودەوڵەتیەکانیش بەگوێرەی پێویست نین، ئەمە وای کردوە، بارودۆخی ژیان و خواردن و خواردنەوە و شوێنی حەوانەوە و تەندروستی و کارکردن و خوێندن و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی ئەم ئاوارەو پەنابەرانە وەك پێویست نەبێت و کەمتر بێت لە نزمترین ئاستی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی ئەم حالەتانە لە زۆرترین کات و شوێندا.**

**سەروەری یاسا بنەمایەکی بەهێزە بۆ بوونی متمانە و یەکسانی لە مافەکان و بەشداریێکی بەهێزە لە پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بە لاوازبوون و نەمانی متمانە نامێنێت و هێزو دەسەڵات بە نارەوا بەکار دەهێندرێت و دەکەوێتە دەستی کەسانی رێپێنەدراو و نایەکسانی دەبێت لە مافەکان و شیرازەی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەرەو لێکترازان دەچێت.**

**لە هەرێمی کوردستان سەروەرنەبوونی یاسا لە چەندین کایەی ژیان و لە چەندین کەیسدا بە زەقی دیارە، دیارترینیان جێبەجێنەکردنی حوکمی دادگا و نادادپەروەری لە بواری کارگێڕی و بە ناحەق بردنی موڵك وماڵی گشتی و بەخشینی دەستکەوت و ئیمتیازات بێ بوونی بنەما و پێوەر و نەبوونی لێپرسینەوەن لە گەندەڵکاران و یاساشکێنان و دەستوەردان لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری.**

**بۆ دەربازبوون لە سەختیەکان ژیان و نادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاواتخواستن بۆ ژیانێکی باشتر زۆرێك لە گەنجان و خێزانەکان بە رێگەی نا یاسایی روویان لە هەندەران کردووە بە تایبەتی بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، کۆچبەران تووشی چەندین نەهامەتی جۆراوجۆر بونەتەوە ودەبن و کارەساتی دڵتەزێنیان بەسەردا دێت، لە خنکان و کوژران و بازرگانیکردن بە ئەندامی جەستەیان و دەستدرێژی سێکسی و چەندین کاری دیکەی نا مرۆڤانەی نەشیاو.**

**ناڵەباری و بارودخۆی ئابووری و دارایی هەرێم یەکێکە لەو کێشە هەرە گەورەانەی کە دوچاری خەڵکی ئەم هەرێمە بۆتەوە وبە یەکێك لە پێشیلکارییە هەرە گەورەکان هەژماردەکرێت بەرامبەر بە تاکەکانی کۆمەڵگا وبەرێوەچوونی ژیانی ئاسایی خەڵك، بە رادەیەك مووچە خۆران و فەرمانبەران و بەڵێندەران و جوتیاران لە مافە داراییەکانیان بێبەشکراون وەیان لە کاتی خۆی بە دەستیان ناگات.**

هەر چەندە شوێنەکانی بەکار هاتوو بۆ گرتن و گواستنەوە و چاکسازییەکانی حوکمدراوان لە رووی بینا و پێداویستیەکان بەرەو پێشچوون و باشتربونێکیان بەخۆوە بینیوە و باشتر لە جاران مافی راگیراو وحوکمدراوان لە لایەنی شوێنی ژیان و خەوتن و پشودان و...هتد دابینکراوە، بەڵام دیاردەی ئەشکەنجەدان و مانەوەی زۆری راگیراوان زیاتر لە ماوە یاساییەکان و هەروەها ئازادنەکردنی هەندێك کەس سەرەڕای بوونی فەرمانی ئازادکردنیان لە دادگاوە، بە تایبەتی لە بەندیخانەکانی ئاسایش بوونی هەیە، هەروەها بەرنامەکانی چاکسازی لەم شوێنانە لاوازن.

هەرێمی کوردستان بەرزبونەویەکی مەترسیداری بەخۆوە بینیوە لەرێژەی بەکارهێنان وبازرگانیکردن بەمادده هۆشبەرەکان، بە تایبەتی لەنێو توێژی هەرزەکاران و گەنجان بەشێوەیەك نزیکبۆتەوە لە دیاردە، بەرادەیەك لە هەندێك شوێنی فەرمی وەك چاکسازییەکانیش بوونی هەیە.

کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان وەك پێویست نەیتوانیوە خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات، وێڕای هەوڵ و ماندبونی پزیشك و کارمەندانی کەرتی تەندروستی و ئەرکە سەخت و پیرۆزە مرۆڤانەییەکەیان، بەڵام کەمتەرخەمی هەندێکیان بەرامبەر بە نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو کێشانەی رووبەرووی هاوڵاتیان دەبێتەوە ولەئەنجامدا زۆر گیروگرفتی لێدەکەوێتەوە وکاریگەری خراپ ومەترسی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان دەبێت، لە هەندێك حالەتدا مردنیشی لێکەوتۆتەوە. هەروەها کەمی و کۆنی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان و ئامێری پزیشکی وپشکنین کێشەیەکی دیکەیە کە هاوڵاتیان پێیانەوە گرفتارن.

بەرزبونەوەی رۆژ بە رۆژی ژمارەی قوربانی گیانی و زەرەری ماددی هاتووچۆ و رێگەوبان، ئاماژەیەکی ترسناکە ودەرخەری ئەوەیە کەهۆکار وکێشە وگرفتی زۆرهەن بۆ بەرزبونەوەی ئەورێژەیە، لە خراپی رێگاکانی هاتووچۆ و نەبوونی هێماکان و نیشانەکان و پابەند نەبوون بە یاسای هاتووچۆ لە لایەنی خێرایی لێخورین و خراپی جۆر وناتۆکمەیی ئۆتۆمۆبیلە هاوردەکراوەکان و نا هۆشیاری هەندێك لە شۆفێرەکان و پیادەکان بە بنەماکانی سەلامەتی هاتووچۆ و خۆپاراستن.

بەردەوامی ئەو قەیرانە دارایی وسیاسی ویاسایەی کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێت زۆرترین کاریگەری دەبێت بۆسەر پرۆسەی خوێندن ودۆخی خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان، دیارترینیان گرفتی دواکەوتنی بەردوامی مووچەی مامۆستا و فەرمانبەرانی ئەم کەرتەیە، ڕاوەستانی پرۆژە پەروەردەیەکان یەکێکی ترە لە گرفتەکانی ئێستای بەردەم ڕەوشی پەروەردەوفێرکردن، بەجۆرێك تادێت ژمارەی قوتابیان وخوێنکارانی زانکۆو پەیمانگاکان ڕوو لەهەڵکشان دەکات وحکومەتی هەرێمی کوردستانیش هیچ پلانێکی ڕوونی نیە بۆ لەخۆگرتنی ئەم ژمارە زۆرە بەگوێرەی ستاندەرە نێودەوڵەتیەکان.

ئاوارە و پەنابەرێکی زۆر روویان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کردووە وەك ناوچەیەکی ئارام بۆ خۆدەربازکردن لەو رەوشە ترسناك و خراپەی لە ناوچەکانیان هەیانە، هەرچەندە ژمارەکەیان لە گۆڕانی بەردەوامدایە لە دەرەنجامی ئالۆزی دۆخەکە و پێشهاتە سەربازییەکان و هێرشە تیرۆرستییەکان، بەڵام لە هەندێك کاتدا ژمارەکە لە دوو ملیۆن کەس نزیك دەبێتەوە.

ئاوارەکان وەك هاوڵاتییەکی ئەم وڵاتە مافی خۆیانە بەهرەمەند بن لە هەموو ئەو مافانەی هاوڵاتیەکی عێراقی هەیەتی، لەگەڵ ئەو مافانەی یاسا نێودەوڵەتیەکان پێیان رەوا دەبینێت لەبەر خراپی و ترسناکی بارودۆخی ژیانیان، هەروەها پەنابەرانیش بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان مافیان دیاریکراوە، بەڵام لە زۆر کاتدا لەبەر کەمی توانا دارایی و کەمی توانا مرۆییەکان لە هەرێم و هەروەها کەمی یارمەتییە نێو دەوڵەتیەکان و سەختی رەوش و سەختی کەش و هەوا، ئاوارە وپەنابەران لە ژیانێکی سەختدا دەژین و لە زۆرێك لە مافەکانیان بێبەشن وەیان وەك پێویست بۆیان دابین نەکراوە، هەر لە شوێنی حەوانەوە تا دەگاتە خواردن و ئاوی خواردنەوە و پێداویستی تەندروستی و خوێندن و کارکردن و هاتووچۆکردن و .. هتد.

وێڕای هەوڵ وکۆششی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی باشتر کردنی رەوشی ژیانی منداڵان بە گشتی و پاراستنی مافەکانیان، بەڵام دەبینین کێشەی تایبەت بە منداڵ لە هەرێمی کوردستان روو لە زیادبوونەوە لە لایەنی تەندروستی وخوێندن وپەروەردە و لایەنەکانی دیکەی ژیانی منداڵ.

رێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥) بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠١٤) زیادی کردوە، وەك لە ئامارەکانی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەرکەوتوە، هەروەها ژنانیش وەك هەموو چین وتوێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا زەرەرمەندن لە خراپی باری دارایی هەرێم و دەرهاوێشتەکانی، کە بەشێوەیەکی دیار رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ژیان و خزمەتگوزارییە پێویستەکان و رەوشی تەندروستی و خوێندن و کارکردن و چەندین لایەنی دیکەی تایبەت بە ژنان.

هەرێمی کوردستان خاوەن تێکەڵەیەکی جیاوازی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییە، کە ئاین وزمان وکلتور ورۆشنبیری خۆیان هەیە وچەندەها ساڵە دانیشتوی ناوچەکانی کوردستانن وزێدی باو وباپیرانیانە، پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی وئاینیەکان بەشێکە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی، مافی ئەم پێکهاتەیە پارێزراوە لە پاراستنی ئەمنیەت وسەروماڵ ومافیان لە خوێندن وخوێندن بە زمانی خۆیان ومافە ئیداری وسیاسی ونوێنەرایەتیان لە ناو پەرلەمان وحکومەت و وەرگرتنی پۆستی ئیداری وحزبی و مافە ئاینیەکان وکەلتورییەکان و ئەنجامدانی گشت بۆنە و رێورەسمە ئاینی وچالاکیە کلتورییەکانیان.

**کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا سوودمەند نەبوونە لەو یاسایانەی کە بە گشتی و وەیان بە تایبەتی مافەکانیان دەپارێزێت، لە زۆر لایەنی و چالاکی ژیان مافەکانیان نەپارێزراوە، لە بوارەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی و هەلی کارکردن و خوێندن و دامەزراندن و تەندروستی و ئاسانکاری جوله و هاتوچۆکردن.**

**یەکێك لەو گرفتە سەرەکییانەی کە رووبەڕووی کەرتی هاتووچۆ بۆتەوە لەهەرێمی کوردستان، نەشیاوی وخەراپی ڕێگاوبانەکانە بەتایبەت لەڕووی نەبوونی پردی پەڕینەوە لە هەموو شوێنە سەرەکیەکان و هەروەها خراپی رێگا و بانەکان و نەبوونی هیماکانی هاتوچۆ، ئەمەش پێویست دەکات لایەنە پەیوەندارەکان ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە سەلامەتی گیانی هاوڵاتیانەوە هەیە جێبەجێ بکەن و لە رێگەی یاسا و ڕێسکان زیاتر رێکخستن بۆ کەرتی هاتووچۆ بکەن.**

**بە گوێرەی گوتە و ئەو تۆمارە دەنگی و گرتە ڤیدیۆیانەی ئەو کەسانەی لە دەست رێکخراوی (داعش) دەربازیان بووە و هەروەها قوربانیانی دەستی ئەم گروپە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی (داعش)، کەسانی سڤیل رووبەڕووی هێرشی بێ پەرواى داعش دەبنەوە بۆ سەر ماف و ئازادییە سەرەکییەکانیان لە ئازادییە ئاینیەکان و ئازادی رادەربڕین و کۆبوونەوەو پێکهێنانی کۆمەڵە و هەموو ئەو ئازادییانەی دیکە کە یاسای نێودەوڵەتی لە ئەستۆی دەگرێت. لەگەڵ جێبەجێکردنی سزادانی جەستەیی سەخت لەسەر بنەمای راڤەکردنی هەڵە و توندڕەوانەیان بۆ یاسا شەرعییەکان، لە کوشتن بە چەندین شێوازی هۆڤانە وەك سوتاندن و سەربڕین و ...هتد وە هەروەها دارکاریکردن و سەرانە وەرگرتن و ...هتد، هەموو ئەمانە بۆ ترساندنی خەڵك و کپکردنی دەنگە ناڕازییەکانن. هەروەها وە بە شێوەیەکی سیستەماتیك و بە ئەنقەست پێکهاتە ئاینی و ئاینزاکان و نەتەوەکانی لە عێراق کردۆتە ئامانج، وەك پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی و شیعە و کوردی فەیلی و تورکمان و شەبك و...هتد.**

**لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی داعش دایە، پێکهاتەکان ناچار دەکرێن بە هەڵاتن وەیان توانەوە، هەروەها باجیان لەسەر دەسەپێندرێت و شوێنەوارە مێژوویی و ئاینیە پیرۆزەکانیان خاپوردەکرێن.**

## چوارچێوەی یاسایی مافەکانی مرۆڤ

مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە چوارچێوەی چەندین رێککەوتنامە ودۆکیۆمێنتی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستن و پتەکردنی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها دەستور ویاسا ناوخۆییەکانی عێرا ق و هەرێمی کوردستان.

### مافە مەدەنی و سیاسیەکان:

بە نەوەی یەکەمی مافەکانی مرۆڤ لە سیستەمی مافەکانی مرۆڤ هەژمار دەکرێت، ئەو ماف و ئازادییانەی لە دەستوری عێراقدا تێکستی لەسەر کراوە، لە دەروازەی دووەم لە ژێر ناونیشانی ماف و ئازادییەکان، بەشی یەکەم: مافە مەدەنی و سیاسیەکان لە مادده (١٤ تاکو ٢١) ، و مافە ئابووری وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان، لە مادده (٢٢ تاکو ٣٦ ) هاتووە، لە بەشی دووەم: ئازادییەکان، لە مادده (٣٧ تاکو ٤٦) هاتوون. بە پێی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان، مافە مەدەنی وسیاسیەکان بریتین لە: مافی ژیان، تەناهی کەسی، مافی نەخستنە ژێر باری ئەشکەنجەدان وەیان سزای سەخت وەیان مامەڵەکردنی نامرۆڤانە، قەدەغەکردنی کۆیلایەتی، مافی ئازادی تاکە کەسی و رانەگرتن وەیان گرتنی بەزۆری، مافی ئازادی رادەربڕین، مافی ئازادی باوەڕ، مافی پێکهێنانی کۆمەڵەکان، مافی گردبوونەوە بە چوونە پاڵ کۆمەڵەکانیشەوە، مافی بە ئازادی هاتووچۆکردن و مانەوە، مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن، مافی دادگایکردنێکی دادپەروەرانە و مافی کەمینەکان لە پارێزگاریکردن لێیان.

بەوپێیەی عێراق لایەنێکە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان، بۆیە پێویستدەکات ئەو مافە مەدەنی و سیاسیانەی لە یاساکانی عێراقدا هاتوون بگونجێندرێن لەگەڵ رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە رێگەی چەندین رێوشوێنی یاسادانانەوە، هەروەها پێویستدەکات رێوشوێنی پەسەندکردن و چونەپاڵ پرۆتۆکۆلە ئیختیاریەکانی پاشکۆی ئەم پەیماننامە تەواو بکات، هەروەها ئەو مافە مەدەنی و سیاسیانەی کە دەستور بە هاوڵاتیانی داوە ئیش لەسەر کاراکردنیان بکرێت، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق دەبێت پابەند بێت بەم پەیماننامە نێودەوڵەتیە.

مافی ژیان: چەندین دۆکیۆمێنتی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ، مافی ژیان و سەلامەتی جەستەیی دەستەبەر کردوە، وەك: ماددەی (٣) لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ" هەموو کەسێك مافی ژیان و ئازادی وئاسایشی خۆی هەیە"، و مادده (٦) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان. هەروەها چەندین یاساو حوکمی یاسایی نیشتمانی دانراوە بۆ پارێزگاری لێکردن لەو مافانە، لە مادده (١٥) لە دەستوری عێراقدا هاتووە: " هەموو

تاکێك مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە ونابێت لێیان بێبەش بێت یا سنوردار بکرێت، تەنها بە پێی یاسا وبەپشت بەستن بە بڕیاری دادگای تایبەتمەندەوە نەبێت". لە هەرێمی کوردستان یاسایەك هەیە بەناوی یاسای قەرەبوکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێتاوانی و دەرچونیان، بە ژمارە (١٥ لە ساڵی ٢٠١٠)، ئەم یاسایە بۆ پاراستنی مافی ئەو کەسانەیە دەگیرێن وەیان حوکمدەدرێن و دواتر بێتاوان دەردەچن.

**بازرگانیکردن بە مرۆڤ:** رێککەوتنامەی تایبەت بە کۆیلایەتی بۆ ساڵی (١٩٢٦) یەکێکە لەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەی عێراق پەسەندی کردووە، هەروەها رێکەوتننامەی تەواوکەری بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و ئەو نەریت و پەیڕەوکردنانەی هاوشێوەی کۆیلایەتین بۆ ساڵی (١٩٥٦) ، ومادده (٦) لە رێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری دژی ژنان (سیداو) وپرۆتۆکۆلی ئیختیاری بۆ رێککەوتنامەی مافەکانی منداڵ دەربارەی فرۆشتنی منداڵان و بەکارهێنانیان بۆ بەدرەوشتی بۆ ساڵی (٢٠٠٠ ) کە عێراق بە پێی یاسای ژمارە (٢٣ ی ساڵی ٢٠٠٧) پەسەندی کردوە.

پرۆتۆکۆلی تایبەت بە قەدەغەکردن و بەگژداچونەوەو سزادانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، بە تایبەتی ژنان و منداڵان بۆ ساڵی (٢٠٠٠)، کە پاشکۆی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکانە بۆ نەهێشتنی تاوانی رێکخراوانەی نا نیشتیمانی، کە عێراق لە ساڵی (٢٠٠٧) پەسەندی کردووە، کاریگەری گەورەی هەبووە و لە دوای ئەو یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨ بۆ ساڵی ٢٠١٢) دەرچووە، پاش ئەوەی سیستەمی یاسادانی عێراقی هیچ بە تاوانکردن و سزایەکی بۆ ئەم تاوانە تیادا نەبوو.

**سەلامەتی جەستەیی:** مادده (٥) لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ تێکست دەکات لەسەر "هیچ مرۆڤێك ئەشکەنجە وسزا نادرێت ورەفتاری توند وتیژی دڕندانە وئابڕووبەری لەگەڵدا ناکرێت"، وە مادده(٧) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدنی و سیاسیەکان تێکست دەکات لەسەر "هیچ کەسێك نابێ ئەشکەنجە بدرێ، یان سوکایەتیی پێبکرێ و سزای نا مرۆڤانەیی و دڕندانە بدرێ، بە تایبەتی تاقیکاری پزیشکی و زانستی نابێ بەبێ رەزامەندی ئازادانەی کەسەکە لەسەری بەڕێوەبچێ".

لەسەر ئاستی عێراقیش، مادده (١٥) لە دەستور ومادده (٣٧) تێکست دەکات لەسەر " هەموو جۆرەکانی سزادانی دەروونی و جەستەیی و مامەڵەی نامرۆڤانە قەدەغەیەو، هەر دانپێدانانێك بە زۆر یان هەڕەشە یان سزادان بێت هیچ بایەخێکی یاسایی نیە، زیانلێکەوتوو مافی ئەوەی هەیە بە پێی یاسا داوای قەرەبوو بکات لەو زیانە ماددی و مەعنەوییانەی کە لێی کەوتووە".

هەروەها یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ( ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ )ی هەموارکراو بە پێی مادده (٣٣٣)، تێکستدەکات لەسەر چەسپاندنی سزای جەزائی بەسەر هەر کەسێك شێوازی سەخت بەکار بهێنێت

بۆ وەرگرتنی دانپیانان لە ڕێگەی ئەشکەنجەدانەوە. یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٤ ی ساڵی ١٩٩١) تێکستدەکات لەسەر پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر هەر فەرمانبەرێك وەیان ڕاسپێردراوێك بە خزمەتگوزاریەکی گشتی ئەگەر تاوانی دەستدرێژی وەیان هەڵسا بە ئەشکەنجەدان وەیان کرداری دژ بە ئەرکە وەزیفیە گشتییەکەی وەیان سنوری وەزیفەکەی خۆی بەزاند بە ئەنجامدانی کرداری ئەشکەنجەدان.

عێراق یاسای ژمارە (٣٠ لە ٢٠٠٨) دەرچواند بە چوونە پاڵی عێراق بۆ ڕێککەوتنامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی هەڵسوکەوت وەیان سزای سەخت وەیان نامرۆییانە وەیان سوکانە، کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیعتیماد کراوە.

**مافی ئازادی تاکەکەسی و سەلامەتی ڕێوشوێنە یاساییەکان**: ماددە (٣) لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ تێکستدەکات لەسەر "هەموو کەسێك مافی ژیان وئازادی وئاسایشی خۆی هەیە". ماددە ١/٩ لە پەیماننامەی نێو دەوڵەتی مافە مەدنی و سیاسیەکان تێکستدەکات لەسەر "ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسی، مافی هەر مرۆڤێکە. هیچ کەس نابێ لە خۆوە دەستبەسەر بکرێ، یان بگیرێ. هیچ کەس نابێ لە ئازادی خۆی بێبەش بکرێ، مەگەر ئەو کاتە کە یاسا و ڕێوشوێنەکانی دادپرسی بڕیاری دابێ ". هەروەها ماددە (١٥) لە دەستوری عێراقی تێکست دەکات لەسەر مافی مرۆڤ لە ئازادی و تەناهی کەسی لە ڕێگەی یاساکانەوە فەراهەمدەکرێت و تەنها بۆ پێویستیەکی قانونی نەبێت دەستی لێنادرێت، ئەمەش هەروەها ماددە (٤٦) لە دەستور جەختی لەسەر کردۆتەوە.

**مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن**: لە ماددە (٢١) لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە: " ١- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگەی نوێنەرانێك کە ئازادانە هەڵیاندەبژێرێ، لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتی خۆیدا بەشدار بێ.

٢- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە لە هەلومەرجێکی وەکیەك لەگەڵ کەسانی دیکەدا، پیشە گشتییەکانی وڵاتی خۆی بەدەست بێنێ.

٣- خواست و ویست و بڕیاری خەڵك، بناغەی دەسەڵاتی دەوڵەتە، ئەو بڕیارە دەبێ لە هەڵبژاردنی بێ فێڵدا کە بە شێوەیەکی دەورەیی بەڕێوەدەچن، خۆی دەربخا. هەڵبژاردن دەبێ گشتی بێ، بەرابەری و یەکسانیی تێدا ڕەچاو بکرێ، بە دەنگدانی نهێنی بێ، یان بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە بچێ کە ئازادیی دەنگدان دابین بکا". هەروەها لە ماددە (٢٥) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی وسیاسیەکاندا هاتووە، کە مافی هەر هاوڵاتییەکە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا، ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرانەوە، بەشدار بێ. هەروەها لە ماددە (٢٠) ی دەستوری عێراقدا هاتووە: " هەموو هاوڵاتیەك بە ژن و پیاوەوە مافی

بەشداریکردنی لە کاروباری گشتی و شادبوون بە مافە سیاسیەکانی هەیە لەوانە مافی دەنگدان و مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن". و لە مادده (٦) دەستور تێکست لەسەر ئەوە دەکات کە ئاڵەگۆڕی دەسەڵات ئاشتیانە ولە ڕێی ئەو میکانیزمە دیموکراسیانەوە دەبێت کە لە دەستورەکەدا ئاماژەیان پێکراوە.

**مافی ڕۆژنامەنوسان:** جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و هەر دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان، ئازادی ڕاگەیاندنیان دەستەبەر کردوە، هەروەها لەسەر ئاستی یاسا نیشتیمانییەکان، دەستوری عێراقی لە مادده (٢/٣٨) تێکستدەکات لەسەر "ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپکردن و ئاگاداری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە"، بە مەرجێك نەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی گشتی و ڕەوشت.

لە هەرێم یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧) هەیە، هەروەها یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١١ی ساڵی ٢٠١٣)، لە ماددەی چواری یاساکە هاتووە، کە هەموو کەسێك چ سروشتی بێت یان معنوی مافی ئاگاداربوون و بە دەستهێنانی زانیاری و چەند دانەیەك لەو دۆکیۆمێنتانەی هەیە کە لە داوودەزگاکان داوای دەکات، شایانی باسە یاسایەك لە هەرێم بەرکارە بە ناوی یاسای مافی دانەر و مافە هاوسێکانی بە ژمارە (٢ ی ساڵی ٢٠١٢).

**ئازادی را و رادەربڕین:** مادده (١٩) لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ جەخت لەسەر مافی رادەربڕین دەکات و تیایدا هاتووە: "هەموو کەسێك مافی ئازادی بیروڕا ورادەربڕینی هەیە، ئەم مافەش پێویستی بەوە هەیە کە هیچ کەس لەوەی کە بیروڕایەکی هەیە نەترسێ ونیگەران نەبێ، وە لە بەدیهێنان و وەرگرتن وبڵاوکردنەوەی زانیاری وبیروبۆچووندا، ئازادانە وبێ وەبەرچاوگرتنی سنوورەکان، دەستی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوە رابگا"، هەروەها مادده (١٩) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان ئاماژە بە ئازادی ڕاو ڕادەربڕین دەکات، دەستوری عێراقیش لە مادده٢/٣٧ تێکستدەکات لەسەر "دەوڵەت پارێزگاری تاك دەگرێتە ئەستۆ لە زۆرلێکردنی هزری و سیاسی و ئاینی" وە مادده (٣٨) جەختدەکاتەوە لەسەر ئازادی دەربڕینی بیروڕا بە هەموو ئامرازیك و ئازادی ڕۆژنامەگەری وراگەیاندن وکۆبوونەوە وخۆپیشاندانی ئاشتیانە، هەروەها مادده (٤٢) تێکستدەکات لەسەر "هەموو تاکێك ئازادی هزر و ویژدان و بیروباوەڕی هەیە". سەرباری ئەم دەقە دەستوری و یاساییانە، لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٣٥ ی ساڵی٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری، و هەروەها یاسای ژمارە ( ١١ی ساڵی ٢٠١٣) یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری، و یاسای ژمارە ( ١١ی ساڵی ٢٠١٠) یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان هەن کە کار بۆ فەراهەمکردن و ڕێکخستنی ئەم مافە دەکەن.

**مافی گردبوونەوەی ئاشتیانە:** لە مادده (٢٠) لە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە: " ١- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە لە پێکهێنانی ئەنجومەن و کۆڕ وکۆبوونەوە وکۆمەڵەی ئاشتیخوازانەدا ئازاد بێ. ٢- هیچ کەسێك نابێ بە زۆر لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بکرێ"، هەروەها مادده (٢١) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان تێکستدەکات لەسەر "مافی پێکهێنانی کۆڕ وکۆبوونەوەی هێمنانە بە فەرمی دەناسرێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مافانە هیچ سنوور وچوارچێوەیەك دانانرێ، مەگەر بە گوێرەی یاسا، ئەویش لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك ولبەر پێویستیی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی، هێمنایەتی گشتی، پارێزگاری لە سەلامەت و رەوشی گشتی، یان پارێزگاری لە ئازادییەکانی کەسانی دیکە"، دەستوری عێراق لە مادده ٣/٣٨ تێکستدەکات لەسەر" ئازادی کۆبوونەوە وخۆپیشاندانی هێمنانە بە یاسا رێکدەخرێت".

## مافــە ئــابوری و کۆمەڵایــەتی و کەلتورییەکان:

بە نەوەی دووەمی مافەکانی مرۆڤ لە سیستەمی مافەکانی مرۆڤ هەژمار دەکرێت وئەم مافانەش دەگرێتەوە: مافی کارکردن، بیمەی کۆمەڵایەتی، پاراستنی خێزان، ژیان بە ئاستێکی گوزەرانی پێویست، فێربوون، بەهرەمەند بوون بە تەندروستی، چونەپاڵ سەندیکاکان، بەشداریکردن لە ژیانی رۆشنبیری و سوودەکانی پێشفەچوونی زانستی و پراکتیزەکانی.

**مافی فێربوون:** بۆ یەکەمین جار لە مادده (٢٦) ی جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ داننرا بە مافی فێربوون، و هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە بخرێتە بەر خوێندن و پەروەردە بکرێ و لانی کەم خوێندنی سەرەتایی و بناغەیی، دەبێ بە خۆڕایی بێ، هەروەها ئامانجی پەروەردەو فێرکردن دەبێ پێگەیاندنی هەموو لایەنی کەسایەتی مرۆڤ و برەودان بە رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ وئازادییە بنەڕەتییەکانی بێ. هەروەها لە مادده(١٣)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکاندا جەخت لەسەر هەمان ئەو مافانە کراوەتەوە و لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت ئامانجی پەروەردەو فێرکردن بە تواناکردنی هەر مرۆڤێکە بۆ ئەوەی رۆلی بەسوودی هەبێت لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا.

مادده (٣٤)ی دەستوری عێراق تێکستدەکات لەسەر ئەوەی کە فێرکردن هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و مافێکە دەوڵەت دابینی دەکات، هەروەها خوێندنی بەخۆڕایی مافی هەمووانە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا و ئەرکە دەوڵەتیشە هانی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ مەبەستی ئاشتیانە بدات بەو شێوەیەی خزمەتی مرۆڤایەتی بکات.

**مافی کارکردن و بیمەی کۆمەڵایەتی:** لە دەستوری عێراقیدا لە ماددەکانی (٢٢ و ٢٩ و ٣٠)دا هاتووە کە کارکردن مافی هەموو هاوڵاتیەکە بە جۆرێك ژیانێکی ئاسوودەی بۆ مسۆگەر بکات و یاسا پەیوەندی نێوان کرێکار وخاونکار لەسەر بنەمای ئابووری و بە رەچاوکردنی رێسکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دەوڵەتیش بە یاسا مافی پێکهێنان و ئەندام بوون لە رێکخراو ویەکێتییە پیشەییەکان دەپارێزێت.

پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان لە ماددەکانی (٦ و ٧ و ٨) ، تێکست لەسەر دانانی لایەنەکانی ئەم پەیماننامە بە مافی کارکردن و فەراهەمکردنی بەرنامەی تایبەت بە ئاراستەکردن و راهێنانی تەکنیککاران و پیشەوەران و پەیڕەوکردنی ئەو جۆرە سیاسەتانە کە بوژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری گەشەسەندوو بەدیدەهێنن، هەروەها مەرجی کارکردنی دادپەروەرانە دابین بکرێت بە تایبەتی لەلایەنی: کرێ، ژیانی بە شکۆ و بارودۆخێکی کارکردن کە تەندروستی و تەناهیان بپارێزێت و هەروەها پشودان و کاتی حەسانەوەو مافی پێکهێنانی سەندیکا و یەکێتیەکان و بە ئازادی ئەنجامدانی چالاکییەکانیان و مافی مانگرتن بەڵام بە گوێرەی یاسا.

عێراق لایەنێکە لە زۆرێك لە رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی کار، هەروەها لە یاسا عێراقییەکان لەم بوارەدا، گرنگترینیان یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی ژمارە (١٤٠ ی ساڵی ١٩٦٤) و یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە(١٢٦ ی ساڵی ١٩٨٠) و یاسای کاری ژمارە (٧١ ی ساڵی ١٩٨٧) و یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (٣٩ی ساڵی ١٩٧١). لە هەرێمی کوردستان یاسای هەموارکردنەوەی جێبەجێکردنی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی کریکاران ژمارە (٤ ی ساڵی ٢٠١٢) بۆ باشترکردنی ژیانی کرێکاران و پشتگیریکردنیان.

**مافی تەندروستی:** جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە مادده ١/٢٥ تێکستدەکات لەسەر "... هەروەها مافی ئەوەی هەیە لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، نەقوستانی، بێوەژنی، یان بێوەمێردی، پیری و...، لە باری کۆمەڵایەتیەوە ژیانی دابین بکرێ". بەڵام پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان لە مادده (١٢) دا تێکست دەکات لەسەر مافی هەموو کەسێك بە گەیشتن بە بەرزترین ئاستی لە تواناد‌ا بووی تەندروستی جەستەیی و هزری و گرتنەبەری رێوشوێنی بۆ دابینکردنی ئەم مافانە، و دابەزاندنی رێژەی مردنی منداڵانی تازە لە دایکبوو و شیرەخۆرە و باشترکردنی لایەنی تەندروستی ژینگەیی و پیشەسازی و خۆپاراستن لە نەخۆشیەکان و چارەسەرکردن و هەروەها سازاندنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و چاودێری پزیشکی بۆ هەمووان لە کاتی نەخۆشبووندا. هەروەها لە مادده (١٢ی رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵی ساڵی ١٩٨٩) دا هاتووە، منداڵ مافی هەیە بەهرەمەند بێت لە بەرزترین ئاستی تەندروستی

توانراو، هەروەها مادده (١٢) لە رێککەوتنامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژی ژناندا هاتووە کە وڵاتان پابەندبوونیان لەسەر شانە کە هەموو ئەو رێوشوێنانە بگرنە بەر کە مافی تەندروستی ژن مسۆگەر دەکات بێ هیچ جیاکارییەك لەسەر بنەمای جۆر.

**مافی ژینگەیەکی پاك و دروست:** عێراق

چۆتەپاڵ حەوت لە رێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار بە ژینگە، هەروەها مادده (١١٤) لە دەستوری عێراقدا باس لە رەنگرێژکردنی سیاسەتێکی ژینگەیی بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و پاراستنی پاکییەکەی دەکات. هەروەها لە ماددەی (٣٣)ی دەستوردا هاتووە:

"یەکەم: هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە لە بارودۆخێکی ژینگەیی پاکدا بژی.

دووەم: دەوڵەت پاراستنی ژینگە و هەمە جۆری زیندەوەران لە ئەستۆ دەگرێت".

لە یاسا عیراقییەکانی کە چارەسەری بابەتی ژینگە دەکات، یاسای پاراستن و چاککردنی ژینکە ژمارە ( ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٩).

**مافی ئەوانەی زیاتر زەرەرمەند دەبن لەگەڵ مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان:**

هەندێك پێکهاتەو کەسان هەن زیاتر زەرەرمەند دەبن و پەراوێز دەکرێن لە کۆمەڵگا بەهۆکاری جیاجیا، لەوانە: ژنان و منداڵان و کەسانی پەککەوتە و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانیش.

**ژنان:** زۆرێك لە بەڵگەنامە و جاڕنامە جیهانییەکان، مافی ژنان و پێویستی یەکسان بوونیان بە پیاوانی لە خۆوە گرتووە، لە دیباجەی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی (١٩٤٥)دا هاتووە، کە سەر لە نوێ بڕوایان بە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ و شکۆمەندی تاك و مافە یەکسانەکانی ژنان و پیاوان هەیە.

جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨)، لە ماددەی یەکەمدا هاتووە: "هەموو مرۆڤان بە ئازادی لە دایکبوون و لە باری ئابڕوو و شکۆمەندی و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەکدا بەرابەرن. هەموویان خاوەنی عەقڵ و ویژدانن و دەبێ بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکدا بجوڵێنەوە". هەروەها لە ماددەی دووەمدا هاتووە: "١- کە هەر کەسێك دەتوانێ بێ هیچ جیاوازیدانانێك بە تایبەتی لە باری رەگەز، رەنگ، زایەند، زمان، ئاین، بیروڕای سیاسی، یان هەر بیروڕایەکی دیکەوە، هەروەها بێ وەبەرچاوگیرانی رەچەڵەکی نەتەوەیی، یان کۆمەڵایەتی، سامان، لە دایکبوون یان هەر بارودۆخێکی دیکەوە، هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێ کە لەو جاڕنامەیەدا هاتووە". هەروەها هەر دوو پەیماننامەی نێو دەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی وسیاسیەکان و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان بۆ ساڵی (١٩٦٦) کە عێراق لە ساڵی (١٩٧٧) پەسەندیانی کردووە، دانیان بە پرینسیپی یەکسانی نێوان پیاو وژن هێناوە، هەروەها عێراق لایەنێکە لە رێککەوتنامەی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنان (سیداو).

مادده (١٤) لە دەستوری عێراق باس لە یەکسانی هەمووان بە پیاو وژنانەوە بەرامبەر یاسا دەکات بێ هیچ جۆرە جیاکاریەك لەسەر بنەمای ڕەگەز ونەژاد و نەتەوە و ڕەسەن و ڕەنگ و ئاین و...، ومادده (١٦) تێکست لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مافی یەکسانی هەل بۆ هەمووانە. لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی ژمارە (٨ی ساڵی ٢٠١١) بەرکارە.

**منداڵ**: ڕێککەوتنامەی مافەکانی منداڵ بۆ ساڵی (١٩٨٩)، کە عێراق لە ساڵی (١٩٩٤) چۆتە پاڵ ڕێککەوتنامەکە و پرۆتۆکۆلە ئیخیاریەکانی و هەروەها دەستوری عێراق لە مادده(٢/٢٩) دا هاتووە: "دەوڵەت پاراستنی دایکایەتی و منداڵ و پیری لە ئەستۆ دەگرێت و سەرپەرشتی تازە پێگەیشتوان و لاوان دەکات و هەل و مەرجی گونجاویان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ گەشەپێدان بە توانا و لێهاتووییەکانیان".

**کەسانی کەمئەندام**: ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی مافەکان و شکۆمەندی کەسانی کەمئەندام (CRPD) بۆ ساڵی (٢٠٠٧)، لە ڕێکەوتی (٢٠/٣/٢٠١٣) عێراق چۆتە پاڵ ئەم ڕێککەوتنامەیە و هەروەها ڕێککەوتنامەی ( ئۆتاوا) و ڕێککەوتنامەی (ئۆسلۆ)، هەروەها لە مادده (٣٢) لە دەستوردا هاتووە کە دەوڵەت چاودێری کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات و ئامادەسازیان لە ئەستۆ دەگرێت. لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٢٢ی ساڵی ٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە.

**پێکهاتەکان**: زۆربەی ئەو ڕێککەوتنامانەی کە پاراستنی پێکهاتەکان لە ئەستۆ دەگرێت لەلایەن عێراقەوە پەسەند کراون، گرنگترینیان هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەتەکان بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەتەکان بە مافە ئابوری کۆمەڵایەتی کەلتورییەکان، ئەمەش بە تایبەتی لە ماددەکانی ( ٢، ٣، ٤١، ٤٩، ١٢٥)ی دەستور ڕەنگیداواتەوە.

لە هەرێم یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، بە ژمارە (٦ی ساڵی ٢٠١٤) و یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٥ ی ساڵی ٢٠١٥) هەن لە پێناو پاراستن و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکانی پێکهاتە جیاجیاکانی کوردستان بە پێی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، بە مەبەستی چەسپاندنی گیانی ڕێزگرتن و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە نێوان هەموو پێکهاتە جیاجیاکاندا.

## ئازادی رادەربڕین ومیدیا

خۆپشاندانەکانی هاوڵاتییان لە مانگە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٥)، لە بەرامبەر نا دادپەروەری و نایەکسانی وخراپی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەکان لە هەندێك لە ناوچەکانی هەرێمکی کوردستان، لە دەرەنجامی بێ توانایی و کەمتەرخەمی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و هەروەها دەستتێوەردانی هەندێك کەس ولایەنی حیزبی و ئەو پەشێوییەی دروست بوو، چەندین پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤی لێکەوتەوە، لە رێگرتن لە خۆپیشاندان و ئازادی رادەربڕین و سوکایەتیپێکردن و ئەشکەنجەدان و سوتاندن و بە تاڵان بردنی موڵك و ماڵی گشتی و تا دەگاتە گیانی هاوڵاتیان، هەموو ئەم تاوان و پێشێلکارییانە لە رێگەی یاساوەو چارەسەر نەکران وەك پێویست و لێکۆڵینەوەی بێلایەنانەی یاساییانیان بۆ نەدرا، تاکو لایەن و کەسانی تۆمەتبار رووبورووی یاسا ببنەوە، ئەمەش سەروەر نەبوونی یاسا دەردەخات وەك پێویست و پێشێلکارییەکی زەقی ئازادی رادەربڕین و مافی خۆپیشاندانە.

بەهۆی ئەو دۆخە ئاڵۆزە سیاسی وئابورییەی کە هەرێمی کوردستان پیایدا تێپەردەبێت وتا ئێستاش درێژەی هەیە، رەوشی میدیا لە قۆناغێکی هەستیار ومەترسیداردایە، بەجۆرێك لەم ساڵەدا (٢٠١٥)، پێشێلکاری زەق بەرامبەر رۆژنامەنووسان کراوە کەخۆی دەبینێتەوە لە: داخستنی نوسینگە، هەوڵی سوتاندن، لێدان، رێگری کردن، راگرتن، سوکایەتی پێکردن. ئەم دۆخەش بۆتە هۆی بەرتەسکردنەوەی مەودای بنەماکانی ئازادی بیروڕا و رادەربڕن لەهەرێمی کوردستان وەك چۆن لەماددەی (١٩)ی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە:"هە موو کەسێك مافی ئازادی بیروڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافەش هەڵگرتنی بیروڕا بەبێ خۆتێکەڵکردنی کەسێکی دیکە و وەرگرتنی هەواڵ وبیروباوەڕ وبلاْوکردنەوەیان بە هەرشێوەیەك و بێ خۆبەستنەوە بەسنوری جوگرافی دەگرێتەوە".

ناکرێت رۆڵی گرنگی میدیا لەبلاْوکردنەوەی کلتوری ئاشتی وتەبایی ناوکۆمەڵگا نادیدە بگیرێت وپێویستە میدیای کوردستانی لەئاستی بەرپرسیاریەتی زیاتردابێت وببێتە فاکتەرێك بەئاراستەی چارەسەرکردنی گرفتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا وهاوشانی دامەزراوە فەرمییەکان رۆڵ ببینن لە هۆشیارکردنەوەی تاك بەماف وئەرکەکانی.

ئەگەر چی لەڕووی چەندایەتیەوە میدیا لەهەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە، لەبەرامبەردا پێشلکاریەکانیش رووڵەهەڵکشانن، لەوچوارچێوەیەدا دەستەکەمان بەمەبەستی داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنوسان

وکەمکردنەوەی پێشێلکاریەکان کاری جیدی لەسەر ئەوسکاڵایانە کردووە کە لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە ئاراستەی کراوە. بەرچاوترینیان سکاڵای بەرپرسی پەیوەندیەکانی ئۆفیسی هەولێری کەناڵی (KNN) بوو، تێایدا (سکاڵای کردبوو لەبەرامبەر داخستنی ئۆفیسەکەیان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە. لەرێکەوتی (٢٠١٥/١٠/١٠)، دەستەکەمان بەنوسراوی ژمارە ( ٥ لە ریکەوتی ٢٠١٦/١/١٢)داوای لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی/دەستەی مافی گشتی کرد کەرێکاری یاسایی بگرنەبەر لەسەر ئەوپێشێلکاریانەی کەبەرامبەر ڕۆژنامەنووسەکانی کەناڵی ناوبراوکراوە، داواکاری گشتی بەنوسراویان ژمارە ( ٢٤ لە رێکەوتی ٢٠١٦/١/١٨ ) سکاڵای ئاماژەپێکراوی ئاراستەی (فەرمانگەی داواکاری گشتی هەولێر) کردووە کە ڕۆژنامەنووسەکان لەبەردەم فەرمانگەکەیان ئامادەبکەن بەمەبەستی وەرگرتنی وتەکانیان. لە ئێستادا دۆسیەکە لەدادگا یەکلایی نەبۆتەوەو دەستە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چاودێری ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە دەکات لەم کەیسە.

یەکێك لەگرفتە سەرەکیەکانی بەردەم کاری ڕۆژنامەوانی وڕەوشی ئازادی بیروڕا لەهەرێمی کوردستان ئەوەیە کە تاکو ئێستا هەردوو یاسای (کاری ڕۆژنامەگەری ژمارە ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧)ویاسای (مافی بەدەستهێنانی زانیاری ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣)بەتەواوی لەلایەن دەزگا پەیوەندارەکانەوە جێبەجێ نەکراون، بەجۆرێك تا ئێستا دادگاکانی هەرێمی کوردستان وەك پێویست کار بەیاسای ڕۆژنامەگەری ناکەن لەوکاتەی ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە، ئەمە لەکاتێکدایە دەرچوونی ئەو دوو یاسایەی سەرەوە هەنگاوی گرنگن بەئامانجی بەرەوپێشبردنی زیاتری ڕەوشی میدیا وئازادی رادەربڕین ئەگەر وەك خۆیان جێبەجێ بکرێن. دەستەکەمان لەهەوڵەکانی بەردەوام بووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بۆ ئەم مەبەستە ڕەشنووسی ڕێنمایی تایبەتی ئامادەکردووە دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری، لە ئێستادا ڕەشنووسەکە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بەمەبەستی دیراسەکردن وپەسندکردنی.

> **لە ساڵی (٢٠١٥) پێشێلکاری زۆق بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوسان کراوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە: داخستنی نوسینگە، هەوڵی سوتاندن، لێدان، ڕێگریکردن، ڕاگرتن، و سوکایەتی پێکردن.**

**خۆپیشاندان وگردبونەوەی مەدەنیانە**

یەکێکە لەشێوازە گرنگەکانی ئازادی ڕادەربڕین وپێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەواوی ئەو مافەی هاوڵاتیان ڕەچاوبکاو زەمینەی

پاراستنیشی بۆتەواوی هاولاَتیان بڕەخسێنێ تاکو داخوازی داواکاریەکانیان بکەن، دەستەکەمان بەنیگەرانیەکی زۆرەوە تەماشای ئەو پشێوی وئالۆزیانە دەکات لە خۆپشاندانەکانی ئەم دوایەی ناوچەکانی (سلێمانی وگەرمیان)دا کەوتنەوە لەوسۆنگەیەوەش نوسینگەکانی مافی مرۆڤی سەربەدەستە ڕاسپێردراون بۆتۆمارکردنی پێشیلکاریەکان وچاودێری کردنی ڕەوشەکە.

ئاماری ئەوپێشێلکاریانەی لە ساڵی( ٢٠١٥) تۆمارکراون بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان: [١]

١- داخستن: (٢)حالەت، نوسینگەکانی هەردوو کەناڵی (KNN)و (NRT) لە هەولێرودهۆك وسۆران لەبەرواری ٢٠١٥/١٠/١٠بەبڕیاریکی ئاسایش دادەخرێن ورۆژنامەنوسەکان دەستگیردەکرێن ورەوانەی ئەودیوی بازگەی دێگەڵە دەکرێن.

٢- هەوڵی سوتاندن: (١) حالەت، لەبەرواى (٢٠١٥/١٠/١٠)کۆمەڵەکەسێك کەوەك خۆپشاندەر خۆیان دەرخستبوو هەڵیان کوتابوە سەرنوسینگەی تۆڕی میدیایی ڕوداو لەسلێمانی وهەوڵی سوتاندنی نوسینگەکەیان دابوو.

٣- لێدان: (٥) حالەت.

٤- ڕێگەنەدان: (١٧)حالەت.

٥- ڕاگرتن: (١)حالەت.

٦- سوکایەتی پێکردن: (١)حالەت.

٧- دەستگیرکردن: (٣)حالەت.

٨- هەڕەشەی کوشتن: (٢)حالەت.

بۆ ئەوەی میدیا ومیدیاکاران بە پەیامی پیرۆزی خۆیان هەڵسن وکاریگەری ئەرێنیان هەبێت بەسەر بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ لەسەر بنەمای ئازادی رادەربڕین وریزگرتن لەرای بەرامبەر وپاراستنی بەها پیرۆزە نیشتمانی وئەخلاقی وئاینییەکان، پێویست دەکات پێداچوونەوەیەکی

ئـــازادی را وڕادەربــــڕین ، یەکێکــە لــە کۆڵەگــەکانی سیســـــتەمی دیموکراســـــی، کەمکردنەوەی؛ کەمکرنەوەیە لە حوکمڕانی دیموکراسیانەی دروست.

گشتگیر بە ڕەوشی ئەم کەرتەدا بکرێتەوە ولەلایەنی یاسایی وزمانەوانی وتەکنیکی ڕێکبخرێتەوە بۆ ئەوەی هۆکارێك بێت بۆ چەسپاندنی ئاشتەوایی کۆمەلأیەتی وژیانی دیموکراسی وولاَتپارێزی و پاراستنی تایبەتمەندی تاکەکان، نەوەك بکرێت بە ئامرازێك بۆ زڕاندن و سوککردنی پێگەی تاکەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە هێشتا یاسا و دادگا کێشەکانیانی یەکلانەکردۆتەوە.

[1] راپۆرتی پێشێلکاری لیژنەی داکۆکی کردن لەئازادی ڕۆژنامەنووسی ومافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان.

# بازرگانیکردن بە مرۆڤ

بەهۆی نەبوونی دەزگایەکی تایبەتمەند بە بەرەنگاربونەوەی بازرگانیکردن بەمرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا هیچ ئامارێکی فەرمی لەبەردەستدا نیە سەبارەت بەرێژە ئەوتاوانە وقوربانیان و باندەکانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ بەتەواوی شێوەزەکانیەوە، ئەمەش کاری دەستەکەمانی قورسترکردوە بۆکارکردن لەسەر ئەم بابەتە وەك بابەتێکی گرنگی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ.

هاتنی ئەو لێشاوە زۆرەی ئاوارە وپەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان وبوونی ژمارەیەکی زۆر لەکرێکاری بیانی، ڕێگەخۆشکەرن بۆسەرهەڵدانی ئەوتاوانە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەداهاتوودا.

ئەگەرچی تا ئێستا تاوانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ بە تەواوی نەبۆتە دیاردە لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئاماژە وسیماکانی دەرکەوتنی ئەو تاوانە لە بەرزبوونەوەدان، کە گرنگترینیان بریتین لە: (بەکارهێنانی ژنان ومنداڵان بۆسواڵکردن، هێنانی کچان لەدەرەوەی هەرێم و لەناوچەکانی باشور وناوەڕاستی عێراق بەمەبەستی کارکردن لەکافتریاو هۆتێلەکان بەبێ بوونی ڕێنمایی دیاریکراو، نەشتەرگەری گۆڕینی گورچیلە لەژێرناوی بەخشین، ناردنەدەرەوەی گەنجان بۆ وڵاتانی ئەورووپا لەرێگەی قاچاخچیەکان و ئەوکەسانەی کەکاری دەلاڵی دەکەن لەشارەکان، کارکردنی کرێکاری بیانی لە ماڵان).

نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕووبەڕووبونەوەو نەهێشتنی تاوانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی کەرێگە خۆشکەردەبن بۆسەرهەڵدانی ئەو تاوانە بەشێوەیەکی رێکخراو، لەم چوارچێوەیەدا دەستەکەمان لەهەوڵی بەردەوام دابووە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەمەبەستی دروستکردنی کۆدەنگی وفشار بۆدەرکردنی یاسایەکی لەم جۆرە.

> **ئەگەرچی تا ئێستا تاوانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ بەتەواوی نەبۆتە دیاردە لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئاماژە وسیماکانی دەرکەوتنی ئەو تاوانە لە بەرزبوونەوەدان.**

بۆئەم مەبەستە بەنوسراوی ژمارە ( ١٦٢ لە ڕێکەوتی ١٣/٩/٢٠١٥) داوای لەپەرلەمانی کوردستان کردووە پەلە بکرێت لەدەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەهەرێمی کوردستان یاخود بەرکارکردنی یاسای (ژمارە ٢٨ی ساڵی ٢٠١٢ی فیدراڵی) لەدەرئەنجامی داواکاریەکانمان وهەوڵەکانی لایەنە پەیوەندارەکان، لەئێستادا لە پەرلەمانی کوردستان ڕەشنوسێك ئامادەکراوە بۆ ئەم یاسایە .

لەسەرئاستی مەیدانیش دەستە لەڕێگەی تیمەکانی خۆیەوە چاودێری چۆنیەتی هێنان وبەکارخستنی کرێکارانی بیانی کردەوەو لەم ڕووەشەوە ئەوپێشێلکاریانەی تۆمارکردووە کەبەرامبەریان دەکرێت وراپۆرتی تایبەتیشی دەربارەی ڕەوشی کرێکارانی بیانی بلاْوکردۆتەوەو ئاراستەی لایەنە پەیوەندارەکانی کردووە وتێیدا ئەورێگەچارانەشی خستۆتە ڕوو بۆچارەسەرکردنی گرفتەکانی پەیوەست بەکرێکاری بیانی و بەپێی تایبەتمەندیش سکالای لەوکرێکارانە وەردەگرێت کەپێشیلکاریان بەرامبەردەکرێت،.

بۆنمونە دووکریکاری ئافرەتی کامیرۆنی بەناوەکانی(د، أ)و(أ، ب) لەرێگەی هاوڵاتیەکەوە بەتەلەفۆن سکاڵایان گەیاندە دەستەکەمان کە تێیدا داوایان لەدەستەکەمان کرد بەهانایانەوە بچن تابگەرێنەوە وڵاتی خۆیان چونکە لەلایەن کۆمپانیایەکەوە (ناوەکەی لای دەستە پارێزراوە)، وەك پێویست خواردن وخواردنەویان پێنادرێ ومامەڵەی خراپیان لەگەڵدادەکرێت.

ڕاستەوخۆ دوای گەیشتنی سکاڵاکە (بەشی سکاڵاوبەدواداچوون) لەدەستەکەمان هەڵسا بە سەردانی کردنی ئەو کۆمپانیایەو وداوای لە بەرپرسانی کۆمپانیاکە کرد کەمافی ئەو کریکارانەبدەنبە پێی یاسا و رێنماییەکان وبیانگەرێننەوە وڵاتی خۆیان، دوای بەدواداچوونی بەردەوام ئەودوو کرێکارە لەرێکەوتی (٢٠١٥/١٢/٢٧) ڕەوانەی وڵاتی خۆیان کرانەوە بەپێی ئەو نوسراوەی کە ئاراستەی دەستەکەمان کراوە.

**هاتنی بە لێشاوی ئاوارە وپەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان وبوونی ژمارەیەکی زۆر لەکرێکاری بیانی، ڕێگەخۆشکەرن بۆسەرهەڵدانی تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بەشێوەیەکی بەرفراوان لەداهاتوودا.**

# ڕەوشی کرێکاران

## یەکەم: کرێکاری ناوخۆ

تادێت ڕەوشی کرێکاران لەهەرێمی کوردستان بەرەو خەراپی دەچێت ودەرهاویشتە نێگەتیفەکانی قەیرانی دارایی زۆرترین کاریگەری لەسەر ئەو چینە دروستکردووە، کرێکاران بەگشتی وبەتایبەت کرێکارانی بیناسازی لەمافە سەرەتایەکانیان بێ بەشن کەخۆی دەبینێتەوە (سیستەمی خانەنشینی ودەستەبەری کۆمەلأیەتی وسیستەمی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی ورێکخستنی کاتەکانی کارکردن).

تا ئێستا لیژنەکانی پشکنین بەتەواوی کارانەکراون وناتوانن سەردانی تەواوی شوێنەکانی کارکردن بکەن و لە هەمانکاتدا (بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی) لەناو وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلأیەتی تەنها وەك پەیکەر بوونی هەیە وکارەکانی ئەنجام نادا کەخۆی دەبینیتەوە لە چاودێری تەندروستی کرێکاران وسەلامەتی شوێنی کارکردنیان.

یەکێکی تر لەگرفتەکانی کرێکاران نەبوونی پەیمانگا ویانەی تایبەتە بەکرێکاران بۆڕاهێنان وپەرەپێدان بەتوانا پیشەیی وپیادەکردنی حەزوخولیاکانیان بەجۆرێك تائێستا کرێکاران لەسەرشەقام وشوێنە گشتیەکان لەچاوەڕوانی پەیداکردنی کاردان، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ شکۆی مرۆڤ وپیرۆزی پیشەی کرێکاران.

سەندیکای کرێکاران نەیتوانیوە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئەوتوێژە بکات وهەنگاوی گەورەی نەناوە بۆداکۆکی کردن لەمافی کرێکاران ورۆڵی نەبووە لەهۆشیارکردنەوەی کرێکاران بەمافەکانیان.

ئەگەرچی تائێستا ئامارێکی فەرمی لەبەردەستدانیە سەبارەت بەژمارەی ئەوکرێکارانەی کەلەسەرکارەکانیان دەبنە قوربانی بەلأم تادێت ژمارەیان لەبەرزبونەوەیە، بە پێی زانیارییەکان لەماوەی (٦)مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٥)دا، (٤٤)کرێکاری بیناسازی لەکاتی کارکردن گیانیان لەدەستداوە.

**تەنها لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٥)، (٤٤) کرێکاری بیناسازی گیانیان لە دەستداوە.**

یەکێکی تر لەگرفتە هەرەسەرەکیەکان ئەوەیە کەتائێستا (دادگاکانی کار) لە هەرێمی کوردستان وەك پێویست نین و دادوەری تایبەتمەند نیە کەبەشێوەیەکی بەردەوام لەو دادگایەدا کاربکات وئەم دادگایەش سیستەمی گواستنەوەی دادوەران دەیگرێتەوە ە ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەرکاروباری ئەم دادگایانە.

## دووەم: کرێکاری بیانی

ئەوەی تایبەت بێت بەکرێکاری بیانی لەهەرێمی کوردستان ودوای هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە لەکۆمپانیا بیانیەکان وبەرزبونەوەی چالاکی ئابوری هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆهێنانی ئەم دەستی کارە وهێنانیشیان لەقازانجی زۆرێك لەکۆمپانیا بیانی وناوخۆیەکانە لەرێی گرێبەستەوە بەبێ گوێدان بە لایەنە نەرێنیەکانی وکاریگەریە خەراپەکانی بۆسەر خەڵکی کوردستان.

بەپێی دواین ئاماری وەزارەتی (کارو کاروباری کۆمەڵایەتی)کە لە پۆرتێکدا خستویەتیە ڕوو (١٥١) کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی مۆڵەتیان پێدراوە وهەر بەپێی هەمان راپۆرت ژمارەی کرێکاری بیانی ئەوانەی بەشێوەی فەرمی هاتونەتە ناو هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی لە خەشتەکەدا دیاریکراوە:

| ساڵ | ژمارەی کرێکاری هاتوو |
|---|---|
| ٢٠٠٧-٢٠٠٨ | ١٠٠٢ |
| ٢٠٠٩ | ١٦٩٦ |
| ٢٠١٠ | ٢١٨٨ |
| ٢٠١١ | ٣١١٨ |
| ٢٠١٢ | ٧١٢٩ |
| ٢٠١٣ | ٦٢٢٦ |
| ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٩٢٦١ |
| کۆی گشتی | ٣٠٦٢٠ کرێکار |

خشتەی ژمارەی کرێکاری بیانی هاتوو بۆ هەرێم لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠١٥

لەدەرەوەی ئەم ژمارانەی سەرەوە ژمارەیەکی دیکە ی کرێکاری بیانی هەن بەتایبەت خزمەتکاری ماڵان کەبەرێگەی (وەزارەتی ناوخۆ)دەهێنرێن بۆکەسانی تایبەتی ومۆڵەتی نیشتە جێبونیان پێدەدرێت وژمارەیان نەزانراوە. مافەکانی ئەم توێژە لەرووی یاسای نێودەڵەتی ودەستورەوە دیاریکراون وکۆمەڵێك ماف لەخۆدەگرن کەسەرەتایترینیان (مافی پاراستنی شکۆمەندیەتی وەك مرۆڤ ومافەئابوری ویاسایی وتەندروستیەکانە)،پاراستنی شکۆمەندی کرێکاری بیانی وەك ڕەنگدانەوەیەکە بۆنەهێشتن یاخود بەرەنگاربونەوەی تاوانی (بازرگانی کردن بەمرۆڤ)کەڕەنگە هێنانی کرێکاری بیانی لەهەندێ لەحاڵەتە نایاسایەکانی بە تاوانی(بازرگانی کردن بەمرۆڤ)هەژماربکرێت بەتایبەت ئەوکرێکارە ئافرەتانەی کەلەزۆرحالەتدا لەلایەن خاون کارو کەسانی دیکەوە بۆکاری لەشفرۆشی ونەشیاو بەکاردەهێنرێن.

هێنانی کرێکاری بیانی پێویستی بەرێکخستنە لەلایەنی ئابووری وکۆمەڵایەتی وتەندروستی ویاسایی وئەمنی کەدەبێت حکومەت بەرلەهەموو شتێك لەرێگای توێژینەوەی زانستی تۆکمەوە پێویست بوون بەهێنانی کرێکاری بیانی بۆهەرێمی کوردستان دیاری بکات. دەستەکەمان وێرای چاودێری بەردەوامی بۆرەوشی کرێکارانی بیانی لەهەمانکاتداهەوڵی داوە لەرێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی وکارکردن بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسایەك کارلەسەر ئەم بابەتە بکات.

ئەوەی تایبەت بێت بە بارودۆخی ئەو کرێکارانە لەڕاوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە ،ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ ولأتانی دەوروبەر و ناوچەکەش بارودۆخیان باشترە، بەڵام بارودۆخیان لەوئاستەدا نییە وبەشێکی زۆر لەوکرێکارانە پێشیێلکاریان بەرامبەردەکرێت لەلایەن کۆمپانیاکان وخاوەنکارەکانەوە. بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی کە لەلایەن بەشی (توێژینەوە)ی دەستەکەمان ئەنجام دراوە لەرێگەی ئامادەکرنی فۆرمێکی تایبەتەوە توانرا (٤٨٠) فۆرم پڕبکرێنەوە لەتەواوی شار وشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دواتر لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی زانستیانە بۆ ئەم فۆرمانە کۆی ئەو پێشێلکاریانە تۆمارکران کە بەرامبەر کرێکارانی بیانی ئەنجام دەدرێت بەرچاوترینی ئەو پێشێلکاریانەش لەم خشتەیەدا تۆمار کراون، بە پێی جۆری پێشێلکاری و رێژەکەی:

| جۆری پێشێلکاری | رێژە |
|---|---|
| نەبوونی زانیاری دەربارەی ئەوولأتەی کەبۆی هاتووە | ٪٤٨ |
| نەگونجانی شوێنی حەوانەوە | ٪١٠ |
| پێنەدانی ژەمەکانی نان خواردنی پێویست | ٪٢٣ |
| ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر کرێکارانی بیانی | ٪١٨ |
| وەرنەگرتنی موچەو کرێی کار لەکاتی دیاریکراودا | ٪١٧ |
| نەبینینی پزیشك لەکاتی پێویست | ٪٢٠ |
| ڕەچاونەکردنی پێداویستیەکانی سەلامەتی کار | ٪١٧ |
| گلدانەوەی بەڵگەنامەو پاسپۆرت لەلایەن خاوەنکارانەوە | ٪٩٤ |

# ڕەوشی پەروەردە وخوێندنی باڵا

وێڕای جەختکردنەوە ودووپاتمان لەسەر گرنگی پەروەردەو خوێندنی باڵا وەك مافێکی سەرەتایی لەمافەکانی مرۆڤ کە لە ڕێکەوتنامەو پەیمانامە نێودەوڵەتیەکاندا ئاماژەی پێدراوە، هەروەها دووپاتی ئەوەش دەکەینەوە بەپێی بەدواداچونەکانمان لەئێستادا ڕەوشی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان بەدۆخێکی سەختدا تێدەپەڕێ ولەداهاتوێکی نزیکدا ڕەنگە لێکەوتە خەراپەکانی بە تەواوی بۆسەرکۆمەڵگا دەربکەون.

تەواوی ئەوگرفت ولەمپەرانەی لە ڕاپۆرتی دەستەکەمان، بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، بۆ شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٥)دا ئاماژەمان پێکراوە تاکو ئێستا وەك خۆیانن وهیچ هەنگاوێکی سەرەتایش نەنراون بۆ چارەسەرکردنیان.

بەردەوامی ئەو قەیرانە دارایی وسیاسی وباسایەی کەهەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێت زۆرترین کاریگەری دەبێت بۆسەر پرۆسەی خوێندن ودۆخی خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان، دیارترینیان گرفتی دواکەوتنی بەردوامی مووچەی مامۆستایانە بەجۆرێك زۆرینەی مامۆستیانی قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگاکان لەدۆخێکی نالەباری ئابوریدا دەژین وبژێوی ژیانیان لەبەردەم مەترسیدایە.

ڕاوەستانی پرۆژە پەروەردەیەکان یەکێکی ترە لە گرفتەکانی ئێستای بەردەم ڕەوشی پەروەردەوفێرکردن، بەجۆرێك تادێت ژمارەی قوتابیان وخوێنکارانی زانکۆو پەیمانگاکان ڕوو لەهەڵکشان دەکات وحکومەتی هەرێمی کوردستانیش هیچ پلانێکی ڕونی نیە بۆ لەخۆگرتنی ئەم ژمارە زۆرە بەگوێرەی ستاندەرە نێودەوڵەتیەکان.

بەردەوامی و درێژەدانی ئەم قەیرانە کاریگەری خەراپی دەبێت بۆسەر لایەنی سایکۆلۆژی مامۆستایان وقوتابیان ودواجار کۆی سیستەمی پەروەردەو خوێندنی باڵا تووشی لاوازی و پەککەوتن دەبێتەوە.

لە ئەگەری بەردوامبوونی ئەودۆخە نالەبارە ئابووریەدا ڕەنگە دیاردەی بەجێهێشتنی خوێندن دووبارە سەرهەڵبداتەوە چونکە خێزانەکان ناتوانن بەتەواوی پێداویستیەکانی منداڵانیان بۆخوێندن دابین بکەن ئەمەش پاشەکشەیەکی گەورە دەبێت لە بواری مافەکانی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستاندا.

# ئاوارەو پەنابەران

## ١- شوێنی حەوانەوەو نیشتەجێبوون:

ئاوارە وپەنابەرەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی شوێنی حەوانەوە ونیشتەجێبوون دابەشبونە بۆ دوو جۆر، یەکێکیان بۆ ناو کەمپ و باڵاخانە تەواو نەکراوەکان و ئەوەی تریان لەشارو شارۆچکەکان لە ناو خانوی بەکرێدان، وە ئەو ئاوارە وپەنابەرانەی کە لەناو کەمپ و باڵاخانەکاندان بە شێوەیەکی گشتی لە دۆخێکی باشدانین و شوێنی نیشتەجێبونیان وەك پێویست نیە، بەتایبەتی نەبوونی توالێت و گەرماوی پێویست بۆ خێزانە پەنابەر و ئاوارەکان، بۆ نمونە لە کەمپی عەربەت (سلێمانی) بۆ (١١٩)خێزان، تەنها (٤) توالێت و(٤) گەرماو دابینکراوە، ئەمەش پێویستیەکانیان پڕ ناکاتەوە. هەروەها ڕێگاوبانەکان وشێوازی هاتوچۆکردن بۆ ناو کەمپەکان لە ئاستێکی خراپدایە وخۆڵ وتەپوتۆزی زۆری هەیە، ئەمەش بێگومان کاریگەری خراپ دەکاتە سەر رەوشی تەندروستی بەتایبەتی بۆ منداڵان وبەساڵاچووان.

لەگەڵ ئەوەی بە هەوڵ وکۆششی حکومەتی هەرێمی کوردستان ورێکخراوە مرۆڤدۆستەکان توانراوە هاوکاری وکۆمەکێکی تا رادەیەکی باش بۆ پەنابەران بکرێت، وە لە ڕێگای تیمەکانی دەستەکەمانەوە تێبینی ئەوەکراوە ، کە ژمارەیەك لە خێزانەکان لە کەمپەکان شوێنەکانیان لە خێمەوە گۆڕدرا بۆ خانوو کە زەوییەکەی کۆنکریت ( مسلح ) و دیواری بە بلۆك، هەندێکیان لە ئێستادا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە ، ئەمەش هەنگاوێکی باش وپۆزەتیفە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاش خیزانێکی زۆر لە کەمپەکان لەناو خێمەدان، بۆ نمونە لە کەمپێکی وەك قوشتەپە (هەولێر)، ( ٥٠١ ) پێنج سەد و یەك خێزان لەناو

> هەرچەندە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان ولایەنە پەیوەندارەکان لە کۆششی بەردەوامدان بۆ دابینکردنی خۆراکی پێویست بۆ ئاوارە وپەنابەران، بەڵام بەپێی بەدواداچونێکمان دەردەکەوێت کە تادێت هاوکارییە مرۆییەکان کەم دەبنەوە.

خێمەدان، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری خێمەکان لە هەموو کەمپەکان بەهۆکاری گەرمای هاوین و سەرمای زستان، کۆن ورزیون وپێویستیان بە گۆڕین هەیە، بۆ نمونە لە پارێزگای دهۆك لە کەمپی دومیز بەهۆی لێزمەی بەهێزی باران

ورەشەباوە ژمارەیەك لە خێمەی ئاوارەکان زیانی بەرکەوت.

خراپی ڕەوشی بژێوی ژیان و سەختی گوزەران ونەبونی دەرفەتی کارکردن بەهۆی ئەو قەیرانەی داراییەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، لە لایەك بۆتە هۆی ئەوەی کە خێزانێکی زۆری ئاوارە وپەنابەر بەمەبەستی گەڕان بەدوای ژیانێکی ئاسودە وخۆشگوزەران کۆچ بکەن بۆ وڵاتی سێیەم ( بە پلەی سەرەکی بۆ ئەوروپا ).

بۆ نمونە: لە کەمپی (باریکە)ی تایبەت بە پەنابەران لە سنوری پارێزگای سلێمانی (٢٥٧) دوو سەد وپەنجاو حەفت خێزان کەمپیان جێهێشتوە، لەلایەکی دیکە کاریگەری ئەم قەیرانە داراییە بۆتە هۆی ئەوەی کە خێزانێکی زۆری ئاوارە وپەنابەر کە پێشتر لە شار وشارچکەکان لە خانوی کرێ نیشتەجێبوون، لە ئێستادا گەڕاونەتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ کەمپەکان، بۆ نمونە لە کەمپی قوشتەپە (هەولێر)، ( ٧٥ ) حەفتاو پێنج خێزان گەڕاونەتەوە بۆکەمپ.

| ناوی کەمپ | ژمارەی خێزانەکان |
|---|---|
| کەورگۆسك | ٢٣٧٥ خێزان |
| قوشتەپە | ٥٠١ خێزان |
| دارەشەکران | ٣٧٠ خێزان |
| باسرمە | ١٥ خێزان |
| کۆی گشتی | ٣٢٦١ خێزان |

ژمارەی خێزانەکان کە لە کەمپەکان لە ناو خێمە دەژین لەسنوری پارێزگای هەولێر

| ناوی کەمپ | ژمارەی خێزانەکان |
|---|---|
| کەورگۆسك | ٢١٩ خێزان |
| قوشتەپە | ٧٥ خێزان |
| دارەشەکران | ١٨٠ خێزان |
| باسرمە | ٤٢ خێزان |
| کۆی گشتی | ٥١٦ خێزان |

ژمارەی ئەو خێزانە پەنابەرانەی کە لەناو شار گەڕاونەتەوە بۆ کەمپ بە هۆکاری خراپی باری ئابوری لە سنوری پارێزگای هەولێر

٢- **خواردن وخواردنەوە:** هەرچەندە ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان ولایەنە پەیوەندارەکان لە کۆششی بەردەوامدان بۆ دابینکردنی خۆراکی پێویست، بەڵام بە پێی بەدواداچونێکمان بۆمان دەردەکەوێت کەوا تادێت هاوکارییە مرۆییەکان کەم دەبێتەوە وەستاوە وبەتایبەت دوای ئەوەی بەرنامەی خۆراکی جیهانی[٢] (W F P) هەڵسا بە بڕینی ئەو بڕە پارەیەیی ( کە مانگانە بەشە خۆراکی پێ بکرن ) بەمەش خێزانێکی زۆری پەنابەر ئەم بڕە هاوکارییەی مانگانەیان بڕدرا، بەجۆرێك تەنها لە کەمپی دارەشەکران ( هەولێر) ( ٥٠٠ ) خێزان ئەو بڕە پارەییەی کە مانگانە تایبەت بوو بۆ ئەوەی بەشە خۆراکی پێبکرن بڕدراوە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ژیان و گوزەران وبژێوی ژیانی پەنابەران دروستکردوە و ئاسەواری کۆمەڵایەتی ودەرونی لێکەوتۆتەوە، ئەمەش وایکردوە بۆ نمونە لەکەمپی باسرمە (هەولێر) پەنابەرێك بەناوی (ع .م. ع. ر ) کە خاوەنی چوار منداڵە ، پەنا بۆ خۆکوشتن ببات وخۆی بکوژێت.

لەکەمپەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی لە شەو ورۆژێکدا تەنها (٢٨) بیست و هەشت لیتر ئاو بۆ هەر کەسێکی ئاوارە دابیندەکرێت، ئەمەش بڕێکی زۆر کەمە وبەشی پێویستی هەر مرۆڤێك ناکات بۆ خۆشوشتن وخواردنەوە و بەکارهێنان.

**کەمی وەیان نەبوونی پزیشکی پسپۆڕی منداڵان و ژنان لە کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران بە گشتی، گرفتێکی گەورەیە.**

ئەمە جگە لەوەی لە کەمپێکی وەك دارەشەکران (هەولێر) نزیکەی (١٠٠) سەد خێزان گرفتی کەمی ئاوی خواردنەوەیان هەیە، هەروەها لە پارێزگای دهۆك لە کەمپی (دۆمیز/ ١ ) کێشەی کەمی ئاوی خواردنەوە بەجۆرێکە کە بەچوار ڕۆژ جارێك ئاویان بە تەنکەر بۆ دێت.

| ناوی کەمپ | ژمارەی خێزانەکان کە بەشەخۆراکی مانگانەیان بڕاوە |
|---|---|
| کەورگۆسك | ٦١٨ خێزان |
| قوشتەپە | ٣٠٠ خێزان |
| دارەشەکران | ٥٠٠ خێزان |
| باسرمە | ١٩٢ خێزان |
| کۆی گشتی | ١٦١٠ خێزان |

ژمارەی خێزانە پەنابەرەکان کە بەشەخۆراکی مانگانەیان بڕاوە لەسنوری پارێزگای هەولێر

٣- **کەرتی تەندروستی** : هەرچەندە لەناو هەموو کەمپەکانی ئاوارە وپەنابەران بنکەی تەندروستی هەیە و ڕۆژانە بەدەیان نەخۆش بۆ چارەسەر سەردانی بنکەکانی تەندروستی دەکەن و دەرمان وچارەسەر بەخۆڕایی وەردەگرن، بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانیوە وەك پێویست

---

(٢) بەرنامەی خۆراکی جیهانیی گەورەترین ڕێکخراوی بەهاناوەچوونی مرۆییانەیە کە تایبەتمەندە بە نەهێشتنی برسییەتی لە سەرتاسەری جیهان.

خزمەتگوازی تەندروستی پێشكەش بكەن. نارێكی كەش وهەوای ناو كەمپەكان و پیسی ئاوی خواردنەوە بۆتە هۆی ئەوەی لەكەمپی شاریا (دهۆك) نەخۆشی كولێرا تۆماربكرێت، هەروەها لە كەمپی دومیز/ ١ (دهۆك) خێزانێك كە خاوەنی دوو منداڵی نەخۆشن بە نەخۆشی (ئیفلیجی مێشك) وتا ئێستا لە لایەن هیچ دەزگاو رێكخراوێك هاوكاری نەكراون وحالەتەكەیان لەبەرچاونەگیراوە وهەڕەشەو مەترسی زۆر لەسەر ژیان وسەلامەتییان هەیە.

| ژ | پیشە | ئاستی ئەكادیمی |
|---|---|---|
| ١. | ٤ پزیشك | پسپۆڕ |
| ٢. | ٢ پزیشكی (مقیم) | یاریدەری پزیشكی گشتی |
| ٣. | ٢ پزیشك (دكتور) | پزیشكی گشتی |
| ٤. | ١ پزیشك (دكتور) | پسپۆڕی تایبەت بەژنان |

ژمارەی كارمەندو پزیشك لە بنكەی تەندروستی باریكەی تایبەت بەپەنابەران ( سلێمانی)

بەپێی ئامارێك كە لە رێگای نوێنەرانی دەستەكەمان لەكەمپەكانەوە وەرگیراوە، تەنها لە سنووری كەمپی كەورگۆسك ( هەولێر) ( ٤٧٩١ ) چوار هەزارو حەفت سەد و نۆهەت و یەك منداڵ هەیە ، كە دوو هەزار وپێنج سەد وبیست ( ٢٥٢٠ ) منداڵی كوڕ ، و دوهەزار ودوسەد وحەفتاو یەك ( ٢٢٧١ ) منداڵیان كچن، بەڵام نەبونی پزیشكی پسپۆڕی منداڵان وای كردوە كە دایكان هەست بە جۆرێك لە دڵتەنگی و بێزاری بكەن. هەروەها لە هەمان كەمپ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ دەبێت پزیشكی پسپۆڕی ئافرەتان بوونی نییە ، لەم كەمپدا بە پێی دواین ئامار لە رێكەوتی (٢٠١٥/١١/٢٩ )، (١٩٨) سەدونۆهەت وهەشت ئافرەتی دوو گیان تۆماركراوە . ئەم نەبوونیەی پزیشكی پسپۆڕی ئافرەتان بۆ ئافرەتانی دووگیان بۆتە گرفتێكی بنەڕەتی، چونكە پێویستیان بە راوێژی و رێنمایی تەندروستی هەیە .

**ئـــاوارە، مــــافی خۆیـــەتی بەهرەمەند بێت لە هەموو ئـەو مافانەی دەستورو یاساكانی وڵات دەســـتبەری كـــردوون بـــۆ هاوڵاتیـــان، ســـەرباری ئـــەو گەرەنتییانەی كە یاسای مرۆیـی نێودەوڵـەتی بـۆی دابـین دەكـات لە كاتی پەشێوییەكان.**

لە پاش دروستكردنی بنكەی تەندروستی لە كەمپەكان ، دابینكردنی كەلوپەل وكادیری تەندروستی دەكەوێتە سەر ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی هەرێم ورێكخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی (WHO) [٣] ، بەڵام ئەم پرۆسەیە كەمتەرخەمی پێوەدەبینرێت، بۆ نمونە لە هەولێر دوای تەواوبونی دەوامی فەرمی و لە حالەتێك ئەگەر باری تەندروستی نەخۆش زۆر خراپ بێت،

(٣) دەســەڵاتێكی ئاراســتەكەر وهەماهــەنگكاری تایبەتــە بــە بواری تەندروستی لە نێو سیستەمی نەتەوە یەكگرتووەكان.

ئەوا لە ڕێگای ئۆتۆمۆبێلی گواستنەوەی نەخۆش (ئەمبولانس)، ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی هەولێر دەکرێت ، وە تەنها لەماوەی یەك مانگدا لە بنکەی تەندروستی دارەشەکران (هەولێر) زیاتر لە (١٥٠) نەخۆش ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی هەولێر کراون ، لەو ژمارەیەش زیاتر لە (٨٠) یان ئافرەت بوینە، وە زۆرترین حالەتی نەخۆشیەکان ( نەخۆشی دڵ ، و نەخۆشی درێژخایەن ، و ئافرەتی دووگیان ) بون ، وە گرفتی لە کارکەوتنی ئۆتۆمۆبێلی گواستنەوەی نەخۆش (ئەمبولانس) وگرفتی کەمی بەنزین یەکێکی ترە لە کێشە سەرەکیەکانی ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکان.

هەروەها گرفتێکی دیکە بریتیە لە نەبوونی ئۆکسجین لە ناو ئۆتۆمۆبێلی گواستنەوەی نەخۆش (ئەمبولانس)، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر باری تەندروستی نەخۆش بەتایبەت تا دەگاتە شوێنی مەبەست.

٤- **پەروەردەو فێرکردن** : لەگەڵ ئەوەی لەناو کەمپەکانی پەنابەران وئاوارەکان قوتابخانە هەیە وپرۆسەی خوێندن بەردەوامە و لەلایەن ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتی ولایەنە پەیوەندارەکان بەشێوەی بەردەوام هاوکاری وکۆمەك دەکرێن و کەلوپەلی قوتابخانە وپەڕاوگەیان بۆ دابیندەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات خزمەتگوزارییە پەروەدەییەکانی ئەو قوتابخانەی کە هەن بە پێی پێویست نین وزۆربەیان لە بینای نەگونجاودان وبەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیان فشارو قەرەباڵغی زۆریان تێدا دروست بووە.

بەگشتی ئاستی خزمەتگوزاری ودابینکردنی پێداویستی خوێندن لە نێو قوتابخانەکان بەڕادەیەك خراپە کە هەرگیز شیاو نیین، هەر بۆ نمونە لە پارێزگای هەولێر لە کەمپی کەورگۆسك کە هەزار وشەش سەد ونۆهەت وچوار ( ١٦٩٤ ) قوتابی هەیە، وەبەهۆکاری وەك بژێوی ژیان وکەم دەرامەتی و نەبونی ئاسۆیەکی ڕون لەبەردەم قوتابی، پاڵنەری سەرەکی بون بۆ ئەوەی واز لە خوێندن بهێنن، بەپێ ئامارێك نزیکەی شەست (٦٠ ) قوتابی وازیان لە پرۆسەی خوێندن هێناوە، هەروەها لە کەمپی باریکەی تایبەت بە پەنابەران لە سلێمانی، کۆمەڵێك گرفت ڕووبەرووی خوێندن بۆتەوە لەوانەش کەمی مامۆستا لەقوتابخانەکاندا وایکردوە کارەکانی بەپێی پێویست نەڕوات لەوانەش لەئێستادا بەپێی ووتەی بەرپرسانی قوتابخانە پێویستیان بە (١٥)مامۆستا هەیە تاکو بتوانن باشتر کارەکانیان بەڕێوەببەن.

| ژمارە | پیشە | ئەو لایەنەی دابینیکردووە |
|---|---|---|
| ٢٨ | مامۆستا | ڕێکخراوی یونیسیف |
| ٨ | مامۆستا | وەزارەتی پەروەردە |

ژمارەی مامۆستایانی قوتابخانەکە لە کەمپی باریکە/ سلێمانی، تایبەت بە پەنابەران

هەروەها کۆمەڵێك کێشە وگرفتی تر لە زۆربەی قوتابخانەکانی کەمپەکانی پەنابەران بونی هەیە ، وەك کەمی و دواکەوتنی گەیشتنی بەشە پەرتوکی قوتابیان، هەروەها هەموو قوتابخانەکان هۆڵ و تاقیگە و باخچەیان تیادا نیە، هەروەها بەشێکیان ئامرازەکانی ڕوناککردنەوەیان نییە، ئەمە بێجگە لە نەبونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی وەك ئاو و کارەبا و ئاودەستی پێویست و پاك، کە بە سەرەکیترین کێشە وگرفت دادەنرێت لەکۆی قوتابخانەکانی ناو هەموو کەمپەکان.

| پۆل | خوێندکاری کوڕ | خوێندکاری کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ١٣٨ | ١٤٦ | ٢٨٤ |
| دووەم | ٩٤ | ٨٩ | ١٨٣ |
| سێیەم | ٨٤ | ٨٢ | ١٦٦ |
| چوارەم | ٦٣ | ٦٨ | ١٣١ |
| کۆی گشتی | ٣٧٩ | ٣٨٥ | ٧٦٤ خوێندکار |

ژمارەی قوتابییەکان لە کەمپی باریکەی تایبەت بە پەنابەران

| پۆل | خوێندکاری کوڕ | خوێندکاری کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| پێنجەم | ٥١ | ٤١ | ٩٢ |
| شەشەم | ٤٢ | ٣٩ | ٨١ |
| حەوتەم | ٤٠ | ٣٩ | ٧٩ |
| هەشتەم | ٣٩ | ٤٢ | ٨١ |
| نۆیەم | ٣٧ | ٣٨ | ٧٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٩ | ١٩٩ | ٤٠٨ خوێندکار |

پاشکۆی قوتابخانەی عامودا لە کەمپی باریکەی تایبەت بە پەنابەران (سلێمانی)


لە دەرەوەی کەمپەکان نزیکەی ( ٢٢٠) قوتابخانە تەرخانکراوە بۆ ئەو منداڵە ڕاگوێزراوانەی لە دەرەوەی کەمپ نیشتەجێن. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (INTERSOS)[٤] هەستاوە بە دیاریکردنی پرۆگرامی خوێندنیان کە نێودەوڵەتیە ، بەڵام وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقی فیدرال نوسراوێکی کردوە و ڕەتی ئەم پرۆگرامەی خوێندنی کردۆتەوە، بۆیە پرۆسەی خوێندنەکە ڕاگیراوە.

بە شێوەیەکی گشتی ڕەوشی ژیان و گوزەران و ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکان و شوێنەکانی حەوانەوەیانن تا ڕادەیێکی زۆر نەگونجاو و دوورە لە کەمترین ئەو مافانەی بە گوێرەی ئەو پێوەرە نێودەوڵەتیانەی کە لایەنە تایبەتمەندو پسپۆڕەکانی ئەم بوارە لەسەری کۆکن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جیاجیا، کە خۆی دەبینێتەوە لە زۆری ژمارە و جیاوازی کەلتور و کەمی توانا دارایی و مرۆییەکانی ناوخۆ و دەرەکی. بۆیە پێویستی بە بەشداری و هاوکاری و خستنەبەردەستی هەموو توانا مرۆیی و داراییی و خزمەتگوزارییەکان دەکات لە پێناو باشترکردنی ژیانیان و پاراستنی مافەکانیان وەك پەنابەر وەیان وەك ئاوارە.

---

(٤) ڕێکخراوێکی هاریکاری مرۆڤدۆستانەی قازانج نەویستە، کار دەکات لەسەر یارمەتیدانی قوربانیانی کارەساتە سروشتیەکان و کێشە چەکدارییەکان.


## هێلکاری وخشتە و نەخشەی دابەشبووی ژمارە و ڕێژەی دابەشبوون ئاوارەکان و ئاوارەبوون لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان:[٥]





| % | Individuals | Families | Governorate of displacement |
|---|---|---|---|
| 17% | 571,500 | 95,250 | Anbar |
| 2% | 59,880 | 9,980 | Babylon |
| 18% | 597,954 | 99,659 | Baghdad |
| 0% | 10,848 | 1,808 | Basrah |
| 12% | 409,710 | 68,285 | Dahuk |
| 3% | 106,938 | 17,823 | Diyala |
| 11% | 352,134 | 58,689 | Erbil |
| 2% | 67,122 | 11,187 | Kerbala |
| 11% | 377,652 | 62,942 | Kirkuk |
| 0% | 6,696 | 1,116 | Missan |
| 0% | 5,976 | 996 | Muthanna |
| 2% | 78,360 | 13,060 | Najaf |
| 8% | 247,848 | 41,308 | Ninewa |
| 1% | 24,516 | 4,086 | Qadissiya |
| 5% | 173,016 | 28,836 | Salah al-Din |
| 5% | 164,106 | 27,351 | Sulaymaniyah |
| 0% | 8,982 | 1,497 | Thi-Qar |
| 1% | 27,072 | 4,512 | Wassit |
| 100% | 3,290,310 | 548,385 | Total |

<u>دابەشبوونی خێزان ئاوارەکان و تاکەکان بە پێی پارێزگاکانی عێراق بە گشتی</u>

(٥) مصفوفة تتبع النزوح الجولة 36 كانون الثاني 2016 IOM IRAQ




**ژمارەی ئاوارەکانی ناوخۆ به پێی پارێزگاکانیان و ماوەی ئاوارەبوونیان، کانونی دووەمی ٢٠١٦**




**شوێن و ژمارەی ئاوارەکانی ناوخۆ به پێی شارۆچکەکان، کانونی دووەمی ٢٠١٦**

# سەروەری یاسا

سەروەری یاسا وەك پرینسیپێکی دیارو کاریگەری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، پێناسە دەکرێت بەو پرینسیپەی حوکمڕانی کە تیایدا هەموو کەسەکان و دەزگاکان و کیانەکان ( پێکهاتەکان) وکەرتی گشتی و تایبەت و خودی دەوڵەتیش بەرپرسیارن لە بەرامبەر ئەو یاسایانەی بە ئاشکرا دەرچوون و گونجاون لەگەڵ پێوەر وپەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ وبەیەکسانی بەسەر کۆمەڵگادا جێبەجێدەکرێن و لە چوارچێوەشیاندا دادگا سەربەخۆکان حوکمدەدەن.

سەروەربوونی یاسا بنەمایەکی بەهێزە بۆ بوونی متمانە و یەکسانی لە مافەکان و بەشدارێکی بەهێزە لە پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، تیایدا بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی ڕەها لەدەست دەوڵەت دەبێت. بە پێچەوانەکەشی واتە لە حالەتی سەروەرنەبوونی یاسا، متمانە نامێنێت و هێزو دەسەڵات بە ناڕەوا بەکار دەهێندرێت و دەکەوێتە دەستی کەسانی ڕێپێنەدراو و نایەکسانی دەبێت لە مافەکان و شیرازەی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەرەو لێکترازان دەچێت.

سەروەری یاسا ڕوخسارێکە بۆ ئەو بەها و نمونە بەرزانەی کە لە بنچینەدا وەستاون لەسەر شکۆمەندی و بەهای مرۆڤ، هەروەها لە هەموو سیستەمەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەرزترە وەدەخوازێت پەیوەستی ئاسەوارە یاساییەکانی بنەما دیموکراسییەکان بین، لە پەرینسیپی سەروەری گەل و دەستبەرکردنی ئازادییەکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ملکەچی دەسەڵاتی کارگێڕی بۆ یاسا و زامنکردنی سەربەخۆیی و بێلایەنی دادگاکان.

گرنگترین کۆڵەگەی سەروەر بوونی یاسا بریتیە لە سەربەخۆیی و بێلایەنی تەواوی دەسەڵاتی دادوەری، تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی دادوەری بەتەواوی لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن وحزبەکان دەربازی نەبووە و وەك پێویست ناتوانێ بەڕۆڵی خۆی هەستێت، و زۆرێك لەو پرینسیپە سەرەکیانەی کە بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پشتی پێدەبەسترێت و ڕاگەێندراوە لە هەرێم پەیڕەو نەکراون. هەروەها پێویستە پرینسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان (مبدأ فصل السلطات)، دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بە جێ کردن و دادوەری بە شێوەیەکی دروستتر بێت بۆ ئەوەی هەر یەك لەو ئۆرگانانە هەڵسن بە ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان.

بۆ سەروەر بوونی یاسا و پێشختستنی ئەرکەکانی ئەنجومەنی دادوەری پێویستە پێداچوونەوە بە سیستەمی لێکۆڵینەوە بکرێت و سیستەمێکی سەردەمیانە کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا بگونجێت و لێکۆڵینەوە بە کەسانی یاسایی

و پسپۆر لە نێو دادگاکاندا بسپێردرێت نەوەك بە کارمەندانی بنەکەکانی پۆلیس وەك ئەوەی لە ئێستادا پەیڕەو دەکرێت. مانەوەی پەڕاو ودۆسیەی ڕاگیراوان لەدادگاکانی لێکۆڵینەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و ڕەوانەنەکردنیان بۆدادگای تایبەتمەند بە بیانۆی جۆراوجۆر یەکێکی ترە لەگرفتە سەرەکیەکانی بەردەم سەروەربوونی یاسا، جگە لەوەی کە ژمارەیەك لە ڕاگیراوان لە بەندیخانەکانی ئاسایشدان دوای دەرچوونی بڕیاری دادگا بەئازادکردنیان بەڵام لە لایەن ئاسایشەوە ئازاد ناکرێن و وەك پێویست بڕیاری دادگا جێبەجێ ناکەن . هەروەها بەهۆی زۆربوونی ڕۆتین و درەنگ گەڕانەوەی وەڵامی (دادگای پێداچوونەوە) سەرەڕای تەواو بوونی ماوەی بەندکردنیان، لە زۆر حالەتدا حوکمدراوەکان لەبەر نەگەڕانەوەی پەڕاوەکانیان ماوەیەکی زیاتر لە بەندیخانەکان دەمێننەوە.

سەرەڕای دەرچوونی دەیان یاسا لە ڕابردوودا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەڵام جێبەجێکردنی یاساکان وەك پێویست نین، سستی ولاوازیەکی زۆر لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە هەیە لە پراکتیزەکردن و پەیڕەکردنی دەقە یاساییەکان، بۆ نمونە یاسای (قەرەبوکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێتاوانی و دەرچونیان، ژمارە ١٥ ی ساڵی ٢٠١٠) نەك تەنیا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵکو زۆرێك لە هاوڵاتیان تەنانەت ئاگاداری یاسایەکی لەو جۆرە نین.

ئەم ڕەوشە سیاسییە ناهەموارەی هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێت بۆتە هۆی پەککستنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەنجامی ناکۆکی سیاسی نێوان حیزبەکان و گرتنەبەری هەندێك ڕێوشوێنی حیزبیانەی نایاساییانە، وەك ڕێگرتن لە سەرۆکی پەرلەمان بۆ هاتنە ناو پەرلەمان کە بارگاکەی لە هەولێرە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی، ئەمەیان لەلایەك و لە لایەکی دیکەوە پێشێلکارییە بەرامبەر بە مافی ئازادی هاتووچۆکردن و گواستنەوە لە نێوان شارەکان، ئەم پەککەوتنەی پەرلەمان گرفتێکی گەورەی بۆ سیستەمی یاسایی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، بەجۆرێك چەندین یاسای گرنگ هەن کە پێویستن بۆ کۆمەڵگاکەمان، بەڵام تاکو ئێستا بەهۆی کارانەکردنەوەی پەرلەمانی کوردستانەوە نەتوانراوە دەربکرێن، لە نمونەی یاساکانی (پاراستنی مافەکانی منداڵ،

**ژمارەیەك لە ڕاگیراوان لە بەندیخانەکانی ئاسایش دوای دەرچوونی بڕیاری دادگا بەئازادکردنیان بەڵام لە لایەن ئاسایشەوە ئازاد ناکرێن و وەك پێویست بڕیاری دادگا جێبەجێ ناکرێت .**

بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، یاسای داواکاری گشتی، پرۆژە یاسای دەستەی کۆچ و کۆچبەران لە هەرێم، پرۆژە بڕیاری ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان، پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی، پرۆژە یاسای تایبەت بە کورتەباڵاکان، پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ، پرۆژە یاسای دوورکەوتنەوە لە سوکایەتیکردن بە ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان،...)، ئەم پرۆژە یاسایانە و چەندین پرۆژە یاسای دیکە، دەرچوونیان پارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ باشتر رێکخستنی کۆمەڵ و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەربوونی یاسا.

دروستکردنی خانوو بە شێوەیەکی سەرپێچی (تجاوز) لەسەر موڵکی دەوڵەت و زەوتکردنی زەوی وزاری دەوڵەت پێشێلکارییەکی زەقی یاسایە، بۆ نموونە ئەو زەوییانەی لە هەولێر، ناوچەی (مەلا ئۆمەر) دەفرۆشرێن و دەکرێن بە باخچە و ڤێلا، هیچ بنەمایەکی یاساییان نیە. هەروەها گۆڕینی جۆری زەوی کشتوکالی بۆ زەوی بازرگانی و نیشتەجێبوون، بە شێوەیەکی بەدەر لە یاسا بە مەبەستی دروستکردنی ئەو پرۆژە نیشتەجێ بوونانەی کە بە نرخێکی لەڕادەبەدەر بەرز دەفرۆشرێنەوە بە هاوڵاتیان وکۆمپانیاکان، نەک تەنها نەبۆتە ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی رێژەی کرێنشینان، بگرە زەرەری زۆریشی هەبووە بۆ ئابووری هەرێم.

دروستکردنی پاڵاوگەی نەوتی بێ مۆڵەت سەرەڕای ئەوەی کە پێشێلکارییەکی زەقی یاسایە، لە هەمان کاتدا زیانێکی زۆر بە ژینگەی هەرێم و تەندروستی هاوڵاتیان دەگەیێنێت و مرۆڤەکان بێبەش دەکات لە مافێکی سەرەکی خۆیان کە مافی ژینگەیەکی پاك ودروست و ئارامە.

پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە داواکاری گشتی و کارکردن بۆ سەربەخۆ بوونیان، لە رێگەی یاسایەکی نوێ وەیان هەموارکردنەوەی یاساکەیان، وا دەکات کە دەزگایەکی پێشکەوتووتر و تواناداترتر بێت لە جولاندنەوەی کەیسەکان، پاراستنی مافەکان.

دواخستنی مووچەی فەرمانبەران و یاریکردن بە چارەنووسیان جێگای هیچ جۆرە پاساوێك و بیانوێك نییە، بەردەوامبوونی ئەو دۆخە رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ زۆربوونی رێژەی ئەنجامدانی تاوان وپێشێلکردنی یاسا لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە ودەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگا، لە دەرەنجامی نەدان و کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران، فەرمانبەران لە توانایاندا نەماوە چەندین ئیلتیزامی پێشوەختەیان جێبەجێ بکەن کە پێشتر بە پشتبەستن بە مووچەکانیان بەرنامە رێژییان بۆ کردبوو، هەروەها بارودۆخە نوێیەکە بێبەشی کردوون لە زۆرێك لە خزمەتگوزاری پێویست بۆ ژیان لە لایەنی تەندروستی و خۆراك و پۆشاك و خوێندن و ... هتد.

# كۆچ

هەرچەندە لەم سەردەمەدا دیاردەی كۆچكردن بەشێوازە كلاسیكیەكەی باوی نەماوە، بەڵام لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەفریقا بەهۆی هۆكاری ئابوری و سیاسی و جەنگەوە تا ئێستاش وەك دیاردە ماوەتەوە و هەرێمی كوردستانیش بەهۆی شەڕی نەخوازراوی داعش و قەیرانی سیاسی ودارایی و نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم و دابەزینی نرخی نەوت له ناوەڕاستی ساڵی (٢٠١٥) وە دیاردەی كۆچ سەری هەڵدا بە تایبەت لە نێو چینی گەنجاندا. تا ئێستا ئامارێكی فەرمی ودروست لەسەر كۆچبەران بڵاونەكراوەتەوە بەڵام بەپێی داتا نافەرمیەكانی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراق لە هەرێمی كوردستان (٣٨,٥٠٠) سی و هەشت هەزارو پێنج سەد هاوڵاتی هەرێم كوچیان كردووە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا كە ڕێژەی ٧٠-٧٥٪ گەنجانن، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی كۆچ و كۆچبەرانی هەرێم ئەم ئامارەیان ڕەت كردەوە و لەو بڕوایەدان كە ڕێژەكە لەو ئاستەدا نیە و كەمترە.

كۆچبەران لە ڕێگەی گەیشتنیان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی بۆ ناوەڕاست و باكوری ئەوروپا، وڵاتانی توركیا و یۆنان بوون بە دەروازەی كۆچكردنیان، بۆیە تا ئێستا نزیكەی (٢٥,٠٠٠ ) بیست و پێنج هەزار پەنابەر لە هەر سێ دورگەكەی (كالیبرۆس، لیبرۆس، تللینگ)ی یۆناندا لەنێو كەمپەكەندا لە چاوەڕوانیدا ژیانێكی سەخت دەگوزەرێنن، ئەو ڕێژە نادیارەی پەنابەران هاوڵاتی چەندین وڵاتان لەخۆ دەگرێت كە دیارترینیان پەنابەرانی بە ڕەگەز عەرەبی سوریان.

كۆچبەران لەو ڕێگا نایاساییەدا تووشی چەندین نەهامەتی جۆراوجۆر دەبن و كارەساتی دڵتەزێنیان بەسەردا دێت، كە زەقترینیان خنكان لە

**زۆر جار لـەنێو (قاچاغچیەكان) خۆیـان، كـڕین و فرۆشـتن بـە كۆچـبەرانەوە دەكرێـت و هەندێك جـاریش دەكەونـە نێو داوی تـۆڕی مافیاكـانی بازرگـانیكردن بـەو ئۆرگانانـەی لەشـی مـرۆڤ (كـە توانـای گواسـتنەوەیان هەیـە)، وەك: (گورچـیلە، دڵ ، جگـەر)، بـۆ كەسانی دیكەی نەخۆش.**

نێو دەریای ئیجەدایە بەهۆی گونجاو نەبوونی ئەو بەلەمانەی كە قاچاغچیەكان بۆ گواستنەوەیان بەكاری دەهێنن وهەروەها نا تەواوی ئێلەگاكانی

دەربازببون لە خنکان کە پێیان دەفرۆشن، هەندێك جاریش قاچاغچیەکان خۆیان دەبنە هۆکاری خنکاندنی پەنابەران بۆ دەست بەسەر داگرتنی سامان و پارەی کۆچبەران.

دیاردەی دەستدرێژی سێکسی کردنە سەر ئافرەتانی گەنج لەلایەن قاچاغچیەکان بوونی هەیە، بەڵام ئەم ئافرەتانە ئامادە نین کە سکاڵا لە دژیان تومار بکەن بەهۆکاری رێگری کەلتوری کۆمەڵگا و هەڕەشەلێکردنیان لەلایەن ئەو کەسانەی تاوانەکە ئەنجامدەدەن، ئەمە وایکردوە کە ئەم ئافرەتانە بەشێوەیەکی گشتی بە هیچ شێوەیەك بیر لە گەڕانەوە بۆ کوردستان نەکەنەوە سەرەڕای هەموو نەهامەتیەکان.

سەرباری ئەم هەموو نەهامەتیانە، دیاردەیەکی نامرۆڤانە کە رووبەروی کۆچبەران دەبێتەوە بازرگانی کردنە پێیان. زۆر جار لەنێو بازرگانەکان خۆیان کرین و فروشتن بە کۆچبەرانەوە دەکرێت و هەندێك جاریش دەکەونە نێو داوی تۆڕی مافیاکانی بازرگانیکردن بە ئۆرگانەکانی لەشی مرۆڤ کە توانای گواستنەوەیان هەیە بۆ کەسانی دیکەی نەخۆش، وەك گورچیلە و دڵ و جگەر. تا ئێستا نەزانراوە کە ئەم کارە چۆن و بە چی شێوەیەك و لەلایەن چی کەسانێکەوە ئەنجامدەدرێت، ئایا لە نێو نەخۆشخانەکانی تورکیاوە ئەم کردارە بەڕێوەدەچێت، یاخود دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ دەرهێنانی ئەندامانی لەشیان. تەنیا بەڵگە بۆ ئەم بابەتە قسەی شایەتحاڵ و کەسوکاری قوربانیەکانە کە لە کاتی گەڕانەوەی تەرمی کەسوکارەکانیان و ئەنجامدانی رێوڕەسمی شوشتن و ئامادەکردنی تەرمی مردوو بۆ ناشتن ئاگاداری ئەو بابەتە دەبن. کوچکردووە مردووەکان ئاسەواری نەشتەرگەرییان پێوە دیارە، کەسوکاری چەندین لەو قوربانیانە ویستوویانە لاشەی قوربانییەکان ببەن بۆ پزیشکی دادوەری، بەڵام بەهۆی نەبوونی نووسراوی دادگا تەرمەکانیان

> **کۆچبەران لە رێگا نایاساییەکانی کۆچکردندا تووشی چەندین نەهامەتی جۆراوجۆر دەبن و کارەساتی دڵتەزێنیان بەسەردا دێت، ... دیاردەی دەستدرێژی سێکسی کردنە سەر ئافرەتانی گەنج لەلایەن قاچاغچیەکان بوونی هەیە، ... هەروەها کۆچبەران رووبەڕووی بازرگانی پێکردن دەبنەوە.**

لێ وەرنەگیراوە، لەبەر ئەوەی کە ئەنجامدانی ئەم رێکارانە لەبەر رۆتینی کارگێڕی کاتی زۆری دەوێت، بۆیە ناچار بوون کە تەرمەکانیان بنێژن بێ ئەوەی توانای سەلماندنی ووتەکانیان هەبێت. یەکێك لە بەرچاوترین نمونەکانی ئەم بابەتە کەیسی (ع.ك) ی تەمەن ٣٤ ساڵانەیە کە پۆلیسی هاتوچۆی کەرکوك

بوو، بەر یەکێك لە تەقینەوەکانی کەرکوك کەوتبوو و بەو هۆیەوە چاوەکانی لەدەست دابوو، بۆیە بڕیاری کۆچکردنی نایاساییدا بوو، بەڵام لە تورکیا بە شێوەیەکی دڕندانە دەکوژرێت و ماوەیەك وون دەبێت و دوای گەڕانی کەسوکاری توانیان تەرمەکەی لە پزیشکی دادوەری شاری (ئێزمیر) بدۆزنەوە و پاش گواستنەوەی بۆ هەرێم و لە کاتی شوشتنی تەرمەکەی بۆیان دەرکەوت کە لاشەکەی شێوێندراوە و هەندێك لە ئەندامەکانی ناو هەناوی دەرهێنراون.

زۆرجار دوای نقومبونی بەلەمی کۆچبەران، منداڵەکان خنکاون و زۆرجاریش بەپێچەوانەوە، منداڵە رزگاربووەکان لە ئێستادا لە ماڵی منداڵانی بێ دایك و باوك لە قوبرس و تورکیا بەخێو دەکرێن و چاوەڕێی ئەوەن کە لەلایەن خێزانێکی دیکەوە تەبەنی ( لەخۆگرتن) بکرێن زۆر جاریش خێزانەکانیان لە هەرێم بەدواداچونیان بۆ دەکەن و دەیاندۆزنەوە، جاری واش هەیە سەرەڕای ئەوەی کە منالەکە (١٨) ساڵی تەواو نەکردووە بەڵام خۆی بڕیار دەدات و داوای مافی پەنابەرایەتی دەکات و لە چاوەڕوانی داهاتووەکی نادیار دەبێت. نموونەی ئەو کەیسانە (م ) کچە (١٣ ) ساڵانەکەی شاری سلێمانیە کە دایك و خوشکی لە نێو ئاودا خنکان و باوك و براکەی تا ئێستاش نادیارن و ئەو لە ئێستادا لە قوبرس لە یەکێك لە ماڵەکانی منداڵە بێ سەرپەرشتەکانە کە داوای مافی پەنابەرایەتی کردووە لە وڵاتی ئەڵمانیا هەرچەندە کە مامی بەدواداچونی بۆ کردبوو.

کێشەیەکی تر کە بەرۆکی کۆچبەرانی گرتووە بەتایبەتی چینی گەنجان گیرخواردنیانە بە تومەتی جۆراوجۆر و سنور بەزاندن کە زۆرێکیان بۆ ماوەی چەندەها مانگ لە نێو زیندانەکاندا لە بارودۆخێکی نامرۆڤانەی یەکجار نالەباردا ژیان

**لە تورکیا هیچ لایەنێك وەیان رێکخراوێك، رۆڵی نەبووە لە یارمەتیدانی کۆچبەرە کوردەکان، بەڵام لە یونان رەوەندی کوردی یارمەتیدەرێکی باش بوونە بۆ کۆچبەران.**

بەسەر دەبەن و بەئومێدی ئەوەن کە کەسێك دەستی یارمەتیانی بۆ درێژ بکات بەتایبەتی ئاژانسەکانی (UN). رەوشی زیندانیانی هەنگاریا لە هەموو نالەبارترە و مەترسی ژیانیان لەسەردا هەیە بەهۆی بارودۆخی خەراپی زیندانەکان.

هەندێك لە گەنجان لەبەر ئەوی لێژنەیەك لە وەزارەتی ناوخۆ پێکهێنراوە بۆ لێپێچینەوە کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی کۆچیان کردووە، بۆیە بڕیاری نەگەڕانەوە دەدەن بۆ خۆ دەربازکردن لە لێپێچینەوەی یاسایی، کەچی لێپێچنەوە لەگەڵ قاچاغچیەکان ناکرێت بە بیانۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست. ئەوەی کە کۆچبەران وبەرێوەبەرایەتی

کۆچ و کۆچبەرانی تووشی نائومێدی کردووە، بێ دەنگی نواندنی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە بەتایبەتی (IOM)[٦]، لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا پرۆژەیەکیان هەبووە بۆ هاوڵاتیانی هەرێم بەڵام کەمتەرخەمی و نەنانی هەنگاوێکی ئەوتۆ بەتایبەتی لە بارەی ئەو کۆچبەرانەی کە خۆیان ناونوس کردووە و داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ هەرێم هەروەها یارمەتی نەدانی کۆچبەرە زیندانیکراوەکان لە وڵاتانی وەك تورکیا و یونان... بە شێوەیەکی ئەرێنی بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان.

پەنابەرانی سوری کە ئێستا هەرێم بە وڵاتی دووەمیان لە قەڵەم دەدرێت، لە کاتی گەڕانەوەی تەرمەکانیان بۆ هەرێم، کۆمیسیونی باڵای کاروباری پەنابەران (UNHCR) [٧] دەبێت خەرجی هێنانەوەی تەرمەکانیان لە ئەستۆ بگرێت بەڵام بێدەنگی نواندووە و هیچ هەنگاوێکی نەناوە.

زۆربەی تەرمەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە ژێر پرۆژەیەك بە ناوی (گەڕان بەدوای ونبووەکان و هێنانەوەی تەرمی کۆچبەران) کە لە لایەن لێژنەیەك لە نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرێت و توانیویانە تەرمی ( ١٣١ ) سەد و سی و یەك هاوڵاتی بگەڕێننەوە هەرێم.

لە تورکیا هیچ لایەن وەیان ڕێکخراو ڕۆڵیان نیە لە یارمەتیدانی کۆچبەرە کوردەکان، بەڵام لە یونان ڕەوەندی کوردی یارمەتیدەرێکی باش بوونە بۆ کۆچبەران، وە یەکێك لەو هۆکارانەی کە نەی هێشتووە ئامارێکی دروست لەسەر ژمارەی ونبووان و بزربووان بزانرێت ئەوەیە کە کۆچبەران دوای گەیشتنیان بو ڕۆژئاوا بە ناوێکی تر و بە کوردی ڕۆژئاوا خۆیان لەقەڵەم دەدەن.

لە ئێستادا لە وڵاتی نەمسادا بەڕێوەبەرایەتی کەمپەکان داوا لە کۆچبەران دەکەن کە پارە و زێڕەکانیان بدەن بە بەڕێوەبەرانی کەمپ بۆ ئەوەی کە بتوانن بەخێویان بکەن .

لە هەردوو وڵاتی تورکیا و یونان گۆڕستانی تایبەت بە کۆچبەرە مردووە بێ ناونیشانەکان هەیە، سەرەتا تەرمەکانیان لە ساردکەرەوەکانی وڵاتی تورکیا بۆ ماوەی مانگێك و لە یونان بۆ ماوەی سێ مانگ هەلدەگیرێن و دوای پەیا نەبوونی کەسوکاریان لەو گۆڕستانانە دەنێژدرێن. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی بەرپا بووونی شەڕ و ئاژاوە لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست و وڵاتانی کەنداوەوە تا ئێستا نزیکەی(١٢,٠٠٠) دوازدە هەزار کۆچبەری بێ ناونیشان لەو گۆڕستانە نێژراون، ئەو کۆچبەرانەی کە بە هیوای ژیانێکی باشتر ڕێگا ترسناکەکانی گەیشتن بە ڕۆژئاوایان گرتەبەر بە شێوەیەکی نایاسایی.

---

(٦) ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی پێشەنگە لە بواری کۆچکردن، تایبەتمەندە لە جێبەجێکردنی کۆچی مرۆییانە وسوود بەخشە بە کۆچبەر و ئەو کۆمەڵگایەی کۆچی بۆ دەکەن.

(٧) ڕێکخراوێکی نێونەتەویی تایبەتمەندە بە پاراستنی پەنابەران و دۆزینەوەی چارەسەری هەمیشەیی بۆ پرسەکانیان لە گەڕانەوەی خۆویستانە بۆ نیشتیمان، یان گونجان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی پەنایان بۆ بردووە، وەیان مانەویان لە وڵاتی سێیەم.

# باری دارایی وئابووری

لە مانگی شوباتی ساڵی(٢٠١٤)وە، ودواتر بە درێژایی ساڵی(٢٠١٥)، سەرهەڵدانی کێشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان کە تا بەرواری ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانەی کە دووچاری خەڵکی ئەم هەرێمە بۆتەوە وبەیەکێك لە پێشیلکارییە هەرە گەورەکان هەژماردەکرێت بەرامبەر بە تاکەکانی کۆمەڵگا وبەرێوەچوونی ژیانی ئاسایی خەڵك.

مافی ئابووری هاوڵاتیان لە شکۆمەندی مرۆڤەکان سەرچاوە دەگرێت، وهەر تاکێك لە کۆمەڵگا مافی ئەوەی هەیە سوود وەربگرێت لە سامان وداهاتی نیشتیمانەکەی ونابێت بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان لەو داهات وسامانانە بێبەش بکرێت. یاسا ناوخۆییەکان وگشت یاسا نێودەوڵەتیەکان ئەم مافە دەپارێزن. پاراستنی باری دارایی خەڵك پاراستنی شکۆمەندیانە لە ژیان وگوزەرانێکی ئاسایی پارێزراو.

بارودۆخی ئەم دواییەی ماوەی دوو ساڵی رابردووی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە بارودۆخی شەڕی گرۆپی تیرۆریستی ناسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و هاتنی ژمارەیەکی زۆر ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان وناتەبایی سیاسی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عیراقی ئەمانە هۆکاربوون بۆ تێکچونی باری ئابووری خەڵك ودەرکەوتنی رووی راستەقینەی

**گەندەڵی ئیداری، و گەندەڵی دارایی، و مانەوەی داهاتی نەوتی هەرێم بەدەست کۆمەڵێك کەسانی حیزبی وسیاسی، ونەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی داهات، وبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرپێچی یاسایی بەبێ لێپرسینەوە ولێپێچینەوە و سزادان، ... ئەمانە وزۆرێك لە دیاردەی نێگەتیڤی دیکە، هۆکار بوون بۆ کەوتنی دارایی هەرێم لەبەرامبەر یەکەمین بارودۆخی نائاسایی سیاسی.**

خەراپ ئیدارەدانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە لایەن کەس ودامودەزگا تایبەتمەندەکان لە بواری ئابووری.

گەندەڵی ئیداری، و گەندەڵی دارایی، و مانەوەی داهاتی نەوتی هەرێم بەدەست کۆمەڵێك کەسانی حیزبی وسیاسی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، ونەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی

داهات، وبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرپێچی یاسایی بەبێ لێپرسینەوە ولێپێچینەوە وسزادان، و هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەری نایاسایی (فەرمانبەری بن دیوار)، وهەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەر کە بە هۆی حیزبی بوونیان یان پێگە کۆمەڵایەتی و خێزانی و عەشایەرییەکانیان پلەی وەزیفی بەرزیان پێدراوە، بەبێ ئەوەی هۆکارێك بن بۆ هیچ کارێکی سەرکەوتوو لە دامودەزگاکانیان تەنها هۆیەکن بۆ بەهەدەردانی داهات وپارەی خەڵکی ئەم هەرێمە وکردنەوەی فەرمانگە وشوێنی ئیداری تەنها بۆ کەسانێك کە سەرچاوەیەکە بۆ گەندەڵی دارایی ئەو کەسانە، هەروەها مانەوەی زۆرێك لە فەرمانبەرانی پلە تایبەتەکان لە داوودەزگاکانی حکومەت بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥-٢٠) ساڵ یان زیاتر بێ گۆڕینەوەیان وپڕکردنەوەی شوێنەکانیان بە کەسانی شایستە و کارامە، ئەمانە و زۆرێك لە خاڵی دیکە کە هۆکار بوون بۆ کەوتنی دارایی هەرێم لەبەرامبەر یەکەمین بارودۆخی نائاسایی سیاسی.

بێ پلانی حکومەتی هەرێمە لە رووی ئابوورییەوە، کە هەرێمێکی بەکارهێنەرە بەبێ ئەوەی هیچ بەرهەمهێنانێکی هەبێت، تا ئێستا هەرێم لە رووی کشتوکاڵەوە پشت بە هێنانی بەروبومی کشتوکاڵی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دەرەوە دەبەستێت، دەبوو هەرێمی کوردستان لەدوای بیست وپێنج ساڵ سەربەخۆیی سیاسی خاوەن بەهێزترین بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بێت، وکار بکات بۆ بەهێزکردنی پیشەسازی کە سەرچاوەیەکە بۆ داهات و بۆ بەکارخستنی هەزارەها هاوڵاتی کە خوێندنیان تەواو کردووە.

ئەم هۆکارانە وچەندەها هۆکاری دیکە کەڵەکەبوو لە ماوەی بیست وپێنج ساڵ حوکمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هۆکارێك بوو بۆ بۆ دروست بوونی حاڵەتێکی نائاسایی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، وکاری کردە سەر نزیکەی ملیونێك و نیو هاوڵاتی مووچە خوری ئەم هەرێمە لە مامۆستا وفەرمانبەر وخانەنیشین و کەمئەندام، وبەهەزارەها هاوڵاتی خاوەن دوکان وخاوەن پیشەی تایبەت وکارکەر لەم هەرێمە.

لەبەرامبەردا حکومەتی هەرێم هیچ پلانێکی نەبوو بۆ ڕاگرتنی ئەم بارودۆخە ویارمەتیدانی خەڵکی مووچەخۆر ودەستکورت لە کوردستان. جگە لە بیرۆکە وپلانی ناسەرکەوتوو بۆ کەمکردنەوەی مووچەی خەڵك وەك چارەسەرێك، لەم پلانەش تەنها هاوڵاتی مووچە خۆر کە مووچەیان کەم بوو زەرەرمەند بوون بە بێ یەکسانکردنی مووچەکان ومانەوەی مووچەی پلە تایبەتەکان هەر زیاتر لە مووچەی هاوڵاتی کەم دەرامەت.

شایانی باسە، سەرەڕای دواکەوتنی مووچە بۆ ماوەیەکی زۆر، لە مانگی ئەیلولی رابردووەوە پێدانی مووچەی چوار مانگی کۆتایی ساڵی (٢٠١٥) راوەستا وحکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی مانگەکانی (ئەیلوول، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، وکانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥)ی بە هاوڵاتیان نەداوە کە مافی خۆیەتی لە وەرگرتنی سەرەڕای بوونی دەنگۆی فرۆشتنی نەوت وبوونی ملیارەها دینار داهاتی فرۆشتنی نەوەت لەو ماوەیەی پێشوو.

تا ڕێکەوتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هاوڵاتی مووچە خۆری هەرێمی کوردستان تەنها (یەك) مووچەی خۆی وەرگرتوە بە دابەشکراوی بەسەر (سێ) مانگ، لە دوای بڕینی مووچەکان بە ڕێژەی سەدی زۆر کە هێچ یاسایەکی مرۆیی ڕێگەی پێنادات.

حکومەتی هەرێم لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی کێشەی دارایی ودواکەوتنی مووچە وکەمکردنەوەی، هیچ پلانێکی ئەوتۆی نەبوو بە کەمکردنەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە بازاڕەکان، نرخی کرێی هاتووچۆ و نرخی کلینیکەکان وپشکنینە تەندروستییەکان، ونرخەکانی دەرمان هەر وەك خۆیان گران ماون ونرخی خۆراك وخۆراکی منداڵ هەمووی بە شێوەی جارانی خۆی بە گرانی ماون، وئەگەر تا ڕێژەیەك لە هەندێ شوێن کەمکرابێتەوە ئەوە لەبەر کەمی خواست بووە بێ هێچ یاسایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کار بۆ کەمکردنەوەو دانانی نرخ بکات وەك یارمەتییەك بۆ هاوڵاتان.

ئەم بارودۆخە ناهەموارەی هەرێمی کوردستان، هۆکارێك بوو بۆ دروست بوونی چەندەها کێشەی ئابووری وکۆمەلاتی لە زیادبوونی ڕێژەی لێکجیابوونەوەی خێزانەکان وزیادبوونی خۆکوشتنی هاولاتیان، وزیادبوونی نەخۆشی جەستەیی ودەروونی، وزۆربوونی تاوان وزیادبوونی ڕێژەکەی لە دزی وکوشتن وزیادبوونی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ولێکترازانی شیرازەی کۆمەڵگا بە گشتی، لەبەرامبەر بێ دەنگی کەسانی سیاسی.

چاککردنەوەی بارودۆخی ناهەمواری خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابورییەوە پێویستی بە پلانی تۆکمە هەیە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و ئابووری و هەندێك لایەنی دیکەی پەیوەندیدار، لە ڕووی پەرەپێدانی ئابووری وپیشەسازی وبوارەکانی دیکەی بەرهەمهێنان کە داهاتی باشی هەبێت بۆ خەڵکی ئەم هەرێمە، تا ژمارەیەکی زۆر لە بێکارانی هەرێم لە خۆ بگرێت وسوود لە ژمارەی زۆری خەڵکی بێکار وکەمدەرامەت وەربگیردرێت کە دەستی کارن لەناو کۆمەڵگا.

ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکە ڕێگە گرتن لە کەناڵەکانی گەندەڵی دارایی لە هەرێم

> **خراپی باری دارایی هاوڵاتیان لە دەرەنجامی پابەندنەبوونی حکومەت بە ئەرکەکانی لە بەرامبەر فەرمانبەران و مووچەخۆران و...، هۆکارێك بوو بۆ دروست بوونی چەندەها کێشەی ئابووری وکۆمەلاتی، لە زیادبوونی ڕێژەی لێکجیابوونەوەی خێزانەکان وزیادبوونی خۆکوشتنی هاولاتیان، وزیادبوونی نەخۆشی وزۆربوونی تاوان ولێکترازانی شیرازەیی خێزان و کۆمەڵگا.**

وبەهەدر دانی سامانای خەڵکی وکەمتر پێدانی پلەوپایە بە خەڵکی بەبێ بوونی بنەما بە پێدانی ئەو پلەوپایانە، وکارکردن بۆ یەکسان کردنی مووچەی تاکەکان بە زیادکردنی مووچە کەمەکان وکەمکردنەوەی مووچەی ئەو کەسانەی بە ناوی حیزب ولایەن وبنەماڵە ودەسەڵاتەوە مووچەی زیادیان پێدەدرێت. ئەم هۆکارانە زیاتر پێویستی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی ڕاژەی فەرمانبەران بە زوترین کات بەدیار دەخەن.

# ڕەوش و بارودۆخی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازییەکان و بەندیخانەکانی گـــــرتن وگواســـــــتنەوەی پـــــــۆلیس و ئاســــــــایش:

## بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی گەوران:

لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان (٢٢٦) کەس لە لایەن دادگاکانەوە بە سزای لە سێدارەدان سزا دراون. هەرچەندە لە ساڵی (٢٠٠٨)وە سزای لە سێدارەدان جێبەجینەکراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی ئێمە بوو لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٨/١٢) سزای لە سێدارەدان لە پارێزگای دهۆك بەسەر سێ سزادراو بە سزای لەسێدارەدان جێبەجێکرا.

لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥)دا، (٦) حاڵەتی مردنی سزادراوان هەبووە (٣) حاڵەتی مردن بە نەخۆشی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی و (٢) حاڵەتی مردن بە نەخۆشی و لەگەڵ (١) حاڵەتی خۆکوشتن لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر بووە. بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکان لە ڕووی بیناو شوێنی مانەوەی سزادراوان و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکارەکانیان لە ساڵی (٢٠١٥) لە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکانی گەورانی سلێمانی و دهۆك، هیچ کێشەیەکی بەرچاویان نەبووە کاریگەری هەبوبێت لەسەر گیانی سزادراوان، بەڵام لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر لە سەرەتای چوار مانگی یەکەمی ساڵی ( ٢٠١٥) بە هۆی تەواو نەبوونی بینای تازەی چاکسازی و خراپی شوێنی خەوتنی ومانەوەی سزادراوان لە بارودۆخێکی خراپدابوون، بەڵام دوای تەواو بونی بینای تازەی چاکسازی گەورانی هەولێر کە لەسەر شێوازێکی مۆدێرن و ستانداردی جیهانی دروستکراوە بە جۆرێك لە( ٩٢ ) ژووری مانەوەی سزادراوان و (١٠ ) ژوری تاکەکەسی پێکدێت و لەتوانیایدایە لەیەك کاتدا (٩٠٠) سزادراو لە خۆبگرێت کێشەکانیان چارەسەربووە لە ڕووی شوێنی مانەوە خەوتن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەس وکارەکانیان.

دەکرێت بڵێین لە ئێستادا سزادراوان لە چاکسازیەکانی کوردستان لە بارودۆخێکی گونجاوی ژیاندان لە ڕووی جیگە وشوێنی خەوتن وپاکوخاوێنی هۆڵەکانیەوە ئەمەش دوای چەندین هەولێی دەستەکەمان دێت کە چەندین جار سەردانی

> **لــــە چاکســــازیەکانی هـــەرێمی کوردســــــتان (٢٢٦ ) تاوانبــــاری حومکدراو بە سزای لەسێدارەدان هەن.**

بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر کراوە لە باڵەخانە کۆنەکەداو ، نالەباری بارودۆخی ژیانی سزادراوان بەدواداچونی بۆکراوەو لە رێگای بەرزکردنەوەی راپۆرتی تایبەت بۆ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان. بۆ نموونە نووسراومان ژمارە (٦ لە ٢٠١٥/١/٢٩) ئاراستەی هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم و وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە، لە ئەنجامدا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بە نووسراویان ژمارە (٣٩٣/٦ لە ٢٠١٥/٣/١٠) لێژنەیەکی تایبەتیان پێکهێناو بەدواداچونیان کردوە بۆ کێشەو گرفتی سزادراوان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر، ئەمەش وایکرد پەلە بکرێت لە گواستنەوەی سزادراوان بۆ باڵەخانە نوێیەکەی چاکسازیەکە کە لە سەر شێوازی و ستانداردی جیهانی بنیاد نراوە .

خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە ئاستی پێویستدا نین ئەو بنکە تەندروستیانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکان بوونیان هەیە توانای چارەسەرکردنی ئەو ژمارە زۆرە لە سزاداروانیان نییە، بەهۆکاری نەبوونی بڕ و جۆری دەرمانی پێویست و پزیشکی پسپۆر بە تایبەتی پزیشکی تایبەت بە نەخۆشیەکانی پێست و نەخۆشییە دەروونییەکان. بە پێی سەرنج و تێبینیەکانمان رێژەی توشبوان بە نەخۆشیە دەروونییەکان وگیرۆدەبوونیان بە گرفتی دەروونی لە بەرز بوونەوەدایە، لە بارێکدا ئەگەر چارەسەری تایبەت و خزمەتگوزاری تایبەتیان پێشکەش نەکرێت ئەوا کارەساتی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە، وەك خۆکوشتن و نانەوەی کێشە و شەڕکردن ... هتد، وە رێژەکەش لە زیادبووندایە سەرەڕای ئەمانەش نەخۆشی هەوکردنی جگەر (فایروس الاتهاب الكبدي) لە ناو چاکسازیەکاندا بونی هەیە، پێویستە رێوشوێنی گونجاو وتەندروست وەربگیردرێت بۆ پارێزگاریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکەو سەلامەتی گیانی کارمەندان و سزادراونی بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی، چونکە ئەم جۆرە نەخۆشیە لە جۆری ڤایرۆسییە و لە توانایدا هەیە بە خێرای بگوازرێتەوە، بۆ نموونە (١٠ ) سزادراو لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی بوونیان هەیە.

**کێشە یاساییەکان:** دواکەوتنی بڕیارەکانی دادگای تەمییز، یەکێکە لەو سکاڵا بەردەوامانەی کە سزادراوان ئاراستەمانی دەکەن و ژمارەیك لە سزادراوان زیاد لە ساڵێك لە چاوەڕوانی بڕیاری کۆتای دادگای تەمییزدان وبارێکی ناجێگیری دەروونی بۆ سزادراوان دروستکردوە. هەندێك لە سزادراوان ئاماژەیان بەوە کردوە کە لە وادەی کۆتای هاتنی رۆژی سکاڵاکانیان ئازد ناکرین و ئازادکردنەکانیان دوادەکەوێت بە هۆکاری درەنگ گەڕانەوەی ئەستۆپاکی سزادراوەکان ، ئەوەش یەکێکە لەو گرفتە یاساییانەی کە رووبەڕووی سزادراوەکان دەبێتەوە، بۆیە پێویست دەکات لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکان بە ماوەیەکی گونجاو بەر لە هاتنی کاتی ئازادکردنی سزادراوان رێکارە یاساییەکان ئەنجامبدەن و لە رۆژی کۆتای هاتنی سزای کەسی سزادراو ئازاد بکرێت ولە

چاوەڕوانیدا نەهێڵدرێتەوە لە چاکسازییەکاندا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کارمەندان و فەرمانبەران لە چاکسازییەکاندا لەم لایەنە لە ئاستی پێویستدا نین.

پرۆسەی ئاڵگۆڕ کردنی سزادراوان لە نێوان ( عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران ) بە پێی یاسای (٩٠ ساڵی ٢٠١٢) کە بە یاسای ( تصديق اتفاقية تسليم المتهمين والمحكوم عليهم بين حكومة جمهورية العراقية وحكومة الجمهورية الاسلامية الايرانية) ناسراوە لە ئێستادا خراوەتە بواری جێبەجێکردن و لە یەکەم هەنگاودا لە هەرێمی کوردستان (٩٤) لە سزادراو لە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئێرانین بە شێوەیەکی فەرمی و بە ڕەزامەندی خودی سزادراوان بە هەماهەنگی کونسوڵی ئێرانی ڕەوانەی وولاتی خۆیان کراونەتەوە.لە هەر لەسەرەتای دەرچونی ئەم یاسایە دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بەردەوام لە هەوڵدا بووە بەمەبەستی جێبەجیکردنی یاساکە لە ڕێگای گفتوگۆ و ئاراستەکردنی نووسراوی فەرمی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان چ لە ڕێگای حکومەتی ناوەندی لە بەغداد و یاخود کونسولگەری و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ نمونە لە ڕێگای نووسراومان بە ژمارە (٦٤/١٦/١ لە ٢٠١٤/١/١٢) کە ئاراستەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کراوە هەروەها نووسراومان بە ژمارە (٤٧٥/١٦/١ لە ٢٠١٤/٣/٢٦) کە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان کردوە بە سوپاسەوە هەردوو لایەن لە هەوڵی بەردەوام دابون لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و کونسولی ئێرانی لە هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامی ئەم هەوڵانە یاساکە خرایە بواری جێبەجێکردن و سزادراوان لە نێوان هەردوو وولات ئاڵوگۆڕیان پێکرا.

دیاردەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و دەرمانە قەدەغەکراوەکان لە نێوان سزاداروان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکان بوونی هەیە ونەتوانراوە وەك پێویست کۆنترۆڵ بکرێت،

**لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥)دا، (٦) حاڵەتی مردنی سزادراوان هەبووە، (٣) حاڵەتی مردن بە نەخۆشی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی و (٢) حالەتی مردن بە نەخۆشی و لەگەڵ (١) حاڵەتی خۆکوشتن لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر بووە.**

بەتایبەتی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی، هەرچەندە ڕێکاری توندوتۆڵ و یاسایی بەرامبەر بەو کەسانەی مامەڵە یاخود بەکار بەری ئەم ماددانەبوون پەیڕەوکراوە، بەڵام نەتوانراوە کۆنترۆڵی ئەم دیاردەیە بکرێت و مەترسی

دروستکردوە لەسەر گیانی سزاداروان و کارمەندانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە. بۆیە پێویستدەکان لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێوشوێنی گونجاو وتەندروست بگرنەبەر بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە. لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران لە سلێمانی (٤٧) سزادراو بە تۆمەتی مامەڵەو بە کارهێنانی ماددەی هۆشبەرو دەرمانی قەدەغەکراو لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا کراوە، لەم ژمارەش (٢٠) لە سزادراوان تۆمەتەکانیان بەسەردا ساغ بۆتەوە و لە لایەن دادگاوە دووبارە سزادراون .

پرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە کارە گرینگەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە، لەم بارەشەوە هەندێك هەوڵ هەیە بە مەبەستی دووبارە ڕاهێنانەوە وگونجاندنەوەی سزادراوان لەگەڵ کۆمەڵگادا، بەلأم ئەم پرۆسەیش پێویستی بە توانای مرۆیی و ماددی هەیە. توێژەرانی دەروونی و کومەلأیەتی ژمارەکەیان بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی سزادراوان لە ئاستی پێویستدا نیە، بە تایبەتی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی، لە کاتێکدا ئەم توێژەرانە ڕۆلێکی کاریگەر دەبینن لە پرۆسەی چاکسازییکردن لە کەسایەتی سزادراوان. سەرەرای ئەمەش پێویستە وەزارەتی کاروباری کۆمەلأیەتی بەردەوامی بەدا بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ سەرجەم کارمەندانی چاکسازیەکان وگرینگی بدرێت بە پیدانی زانیاری تایبەت لەسەر مامەڵەی کارمەندان و چاودێری ناو هۆڵەکان بەپێی بنەماکان و پرینسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ .

## بەڕێوەبەرایـــەتی چاکســـازی ژنـــان و نەوجەوانان:

بینای بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکانی ژنان و نەوجەوانان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك گونجاو نین لە ڕووی پێکهاتە و شوێنی مانەوەی ڕاگیراوان و سزادراون، چونکە بیناکانیان کۆن و بچوکن بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ڕاگیراوان و سزادراوان، ئەمەش وایکردوە نەتوانرێت وەك پێویست پاك وخاوێنی و تەندروستی ناو چاکسازیەکان بپارێزرێت، هەروەها ڕەچاوی مەرجەکانی سلامەتی بکرێت. بۆ نموونە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان ومندالأنی سلێمانی، سیستمی کارەبا لە ناو بیناکەدا بە شێوەیەك تێکچوە وایەرەکانی کارەبا بە دەرەوەن و بە ئاسانی سزادراو وراگیراوان دەستیان پێدەگات، بۆیە ئەگەر هەیە کارەساتی لێبکەوێتەوە.

بەرنامەی چاکسازی و دووبارە ڕاهێنانەوەی سزادراوان بۆ ناو کۆمەڵگا یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە، بەلأم بەهۆی نەبونی هۆکارەکانی چاکسازی و شوێنی گونجاو نەتوانراوە وەك پێویست ئەم پرۆسەیە جێبەجێ بکرێت، هەر چەندە کۆمەڵێك هەوڵ هەیە بۆ ئەم مەبەستە وەك خولی کارە دەستیەکان و کۆمپیوتەر و نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەنجامدانی کۆڕ وسیمینار. لەگەڵ ئەمانەشدا کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکان پێویستیان بە ڕاهێنان و کردنەوەی خولی تایبەتە بە چۆنیەتی

مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانانی ڕاگیراو وسزادراو بەتایبەت بۆ کارمەندانی چاودێری سەر هۆڵەکان چونکە گلەیی و سکاڵا لەسەر خراپی مامەڵەی و شێوازی دەربڕین و هەڵسوکەوتیان دەکرێت.

## بەڕێوەبەرایەتیـــــەکانی گــــــرتن و گواستنەوەی پۆلیس:

سەرەڕای دروستکردنی بینای تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گرتن و گواستنەوە بۆ هەریەك لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی بەلاّم بەهۆی خراپی بیناکان و نارێکی دیزاینەکانیان هێشتا بێ گرفت و کێشەنین لە ڕووی ئاو وئاوەڕۆ وبچوکی هۆڵ و ژورەکانیان و نەبوونی شوێنێکی گەنجاو و بۆ چاوپێکەوتنی کەسوکاری ڕاگیراوەکان.

حاڵەتەکانی بەکارهێنانی توندوو تیژی و ئەشکەنجەدان بەپێی سکالاّی ژمارەیەك لە ڕاگیراوان تائێستاش پەیڕەودەکرێت بە تایبەت لەکاتی پرۆسەکانی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا.

بنکەی تەندروستی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانەکانی گرتن وگواستنەوە لە هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی بونییان هەیە، بەلاّم لە بەڕێوەبەرایەتی گرتوخانەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی دهۆك بنکەی تەندروستی تایبەت بە خۆیان نیە سود لە بنکەی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی دهۆك وەردەگرن بە هۆکاری ئەوەی لە هەمان باڵەخانەدان ، ئەوەی تێبینی دەکرێت بنەکە تەندروستیەکان تواناکانیان دیاریکراوە بە هۆی نەبونی کەمی ژمارەی کارمەند و پزیشکی پسپۆری تایبەت بە نەخۆشیە جۆراو جۆرەکان و کەمی دەرمان تاقیگە ، بۆیە نەتوانراوە وەك پێویست خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بکرێت هەروەها بە هۆی نەبونی تاقیگەی پزیشکی ناتوانرێت پشکنینی پزیشکی تەواو بۆ ڕاگیراوان ئەنجام بدرێت سەرەرای ئەمانەش نیگەرانین لە کەمتەرخەمی بەڕێوەبەرایەتی بنکە تەندروستەیەکان ، چونکە لەکاتی هێنان و بردنی ڕاگیراوان وەك پێویست پشکنین بۆ ڕاگیراوەکان ئەنجام نادرێت کە پێویستە لە هەر هێنان و

**بـــەپێی ئـــەو چـــاوپیکەوتن و ســـــکالاّیانەی کـــە ئاراســـتەی دەســــــــتەکەمان کــــــراون، ئەشــــکەنجەو بــــەکارهێنانی توندوتیـــژی بەرامبـــەر بـــە ڕاگـــیراوان لەســـەرجەم شـــار وشارۆچـکەکانی کوردسـتان لـە کاتی پرۆسـەکانی دەسـتگیرکردن ولێکۆڵینـەوە لەگـەڵ ڕاگیراوانـدا پەیڕەو دەکرێت.**

بردنێکدا بنکە تەندروستیەکان بەم کارە هەڵسن و تۆماری زانیاریەکان دەربارەی تەندروستی ڕاگیراوان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لە شێوەی ڕاپۆرتێکی پزیشکی بنوسرێت ئەمەش بە ئامانجی دیاریکردن و ڕێگریکردن لە بەکار هێنانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان بەرامبەر بە ڕاگیراوان و پاراستنی کارمەندانی هێزەکانی جێبەجیکار لە هەر سکاڵایەکی یاسای و تۆمەتبارکردنیان بە ئەشکەنجەدان بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی فەرمی بە ژمارە نووسراومان ( ٩٧٠/١٦/١ لە بەرواری ٢٠١٥/٦/٢٨ ) لە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ کردووە پابەندی ئەم ڕێکارە یاساییانەبن، بە سوپاسەوە وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراویان ژمارە (١٥٢٣٩ لە ٢٠١٥/٧/٢٣ ) ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێمی کردووە بە مەبەستی پەیڕەو کردنی ناوەڕۆکی نووسراومان کەچی وەزارەتی تەندروستی تا ئێستا هیچ وەڵامێکی بۆ نووسراوەکەی ئێمە نەبووە.

ڕۆڵی ئەندامی داواکاری گشتی بە گرینگ دادەنرێت لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گرتن و گواستنەوەکانی سەر بە پۆلیس کەچی لە بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی دهۆك ئەندامی داواکاری گشتی چالاك نیەوە ڕۆڵێکی لاواز دەگێریت لە بەدواداچون بۆ کەیسی و بەسەرکردنەوەی ڕاگیراوەکان نوسینگەی تایبەت بە ئەندامی داواکاری گشتی لەم بەڕێوەبەرایەتیە بوونی نیە.

تێبینی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕاگیراو دەکەین کە ماوەیەکی زۆرە لە چاوەراوانی لە یەکلاییکردنەوەی کێسەکانیانن بۆ نمونە ڕاگیراو (ع.ع.م) کە لە بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی هەولێر دەستگیرکراوە لە سکاڵایەکدا کە ئاراستەی دەستەکەمانی کردوە ئاماژە بەوەدەکات کە ماوەی (٩ ساڵ)ە لە چاوەڕوانی یەکلایکردنەوەی دۆسیەکەیدایە و تا ئێستا دادگا دۆسیەی ئەم ڕاگیراوەی یەکلایی نەکردۆتەوە، ئێمە وەك دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ چەند جارێك نوسرومان ئاراستەی تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە سەبارەت بە دۆسیەیی ناوبراو بە نمونە بە

**لەبەر نەبوونی کارمەندی پۆلیس لە ڕەگەزی (مێ) لە بنکەکانی پۆلیسی قەزاو ناحیەکان، لەکاتی دەستگیرکردنی کەسانێك لە ڕەگەزی مێ، هەروەها مانەوەی ئافرەتانی هەرەشە لێکراو لە بنکەکانی پۆلیس، ئەم ئافرەتانە دەکەونە ژێر سەرپەرشتی کارمەندانی پۆلیس لە ڕەگەزی نێر.**

نووسراومان ژمارە (١٠١١/١٦/١ لە ٢٠١٤/٧/٢٠) هەریەك لە بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری و سەرۆکایەتی داواکاری گشتیمان ئاگادارکردۆتەوە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری بە نوسراویان (٢١٢٣/٤/٣ لە ٢٠١٤/١٠/٢٠) ئاگاداریانکردوونەتەوە کە تۆمەتباری ناوبراو بە چەند تۆمەتێکی ترتۆمەتبارە هێشتا دۆسیەکانی یەکلایی نەکراونەتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێك راگیراو هەیە بە تۆمەتی ماددەی یاساییە سوکەکان دەستگیرکراون ئەگەر دادگا کێشەکەی یەکلایی بکاتەوە و سزای بدات بەپێی هەمان ماددەی یاسایی، ئەوە ماوەی سزاکەی کەمتر دەبێت لەو ماوەیەیی کە دەستگیرکراوە. ناردنی کەسانی ناتەندروستی ( عقلي و نفسي) لە لایەن دادوەرە بەڕێزەکانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانی گرتن وگواستنەوەی پۆلیس کێشەو گرفتی دروستکردوە،چونکە شوێنێکی تایبەت نیە بەبەندکردنی ئەو کەسانەی باری دەروونیان نا جێگیرە، پێویست دەکات ئەم راگیراوانە رەوانەی نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەروونیەکان بکرێن بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری تەندربوستی.

نەبوونی کارمەندی پۆلیس لە رەگەزی مێ لە بنکەکانی پۆلیسی قەزاو ناحیەکان لەکاتی دەستگیرکردنی کەسانێك لە رەگەزی مێ و نەوجەوانانی خوار تەمەن ١٨ساڵ یاخود بوونی ئافرەتانی هەرەشە لێکراو کێشەی بۆ بنکەکانی پۆلیس دروستکردوە بە ناچاری لە بنکەکانی پۆلیس دەهێلدرێنەوە و لە ژێر سەرپەرشتی کارمەندانی پۆلیس لە رەگەزی نێر. هەروەها بە شێوەیەکی گشتی لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی گرتن و گواستنەوە کار لە سەر دامەزراندن و کردنەوەی پەرتوکخانە نەکراوە کە بتوانرێت راگیراوان سود لە خوێندنەوە وەربگرن ئەمە لە کاتێکدایە بە ئەستەم بڵاوکراوەو رۆژنامەکانیان بە دەستدەگات، ئەگەرچی لە هەر هۆلێکدا ئامێرێکی تەلەفزێون هەیە کە لە رێگای سەنتەرێکی کۆنترۆلکردنەوە چەند کەناڵێکی تایبەتیان پەخشدەکەن و ئاگادارن لە هەواڵ و گۆڕانکاریەکانی دەرەوەی گرتووخانەکە.

## بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانی ئاسایش:

درێژە کێشانی پرۆسەی دادگایکردن و یەکلایکردنەوەی کەیسی راگیراوان بەردەوامی هەیەو هەمووکات راگیراوان سکاڵایان دەربارەی هەیە، بە جۆرێك لە هەندێ کێسدا پرۆسەی دادگایکردن لە ماوەی یاسایی خۆی تێپەڕ دەکات بۆ نمونە راگیراوان لە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەی ئاسایشی هەولێر بە ناوەکانی ( ا.م.ح ، ن.م.ع ، ب.ع.ح ، ص.س.ع ، ع.ا.ع.م ، س.ح.ك ، م.ص.ح) بۆماوەی زیاتر لە (٨) ساڵە لە چاوەڕوانی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکانیاندان سکاڵاکانیان بە نوسراوی فەرمی بە ژمارە ١٠٨٧/١٦/١ لە رێکەوتی ٢٠١٤/٨/١٤ ) ئاراستەی بەڕێز سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کراوە، لای خۆشیانەوە بە نووسراویان ژمارە ( ١٢٣٣ لە رێکەوتی ٢٠١٤/٨/٢٠) کێسەکانیان رەوانەی فەرمانگەی داواکاری گشتی هەولێر کردوە، بەڵام فەرمانگەی ناوبراو تا ئێستا وەڵامێکی فەرمی نووسراوەکەی ئێمەی نەداوەتەوە،

ئەمەش بارودۆخێکی دەروونی زۆر خراپی بۆ راگیراوان دروستکردوە لەگەڵ ئەوشدا ئەندامانی داواکاری گشتی لە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانی ئاسایشی هیچ هۆبە و شوێنێکی تایبەتیان نیە بۆ ئەوەی بەردەوام ئامادەییان هەبێت و لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەو گرفتە یاساییەکانی راگیراوان بن، ئەمەش وایکردوە رۆڵی داواکاری گشتی لە بەدواداچوون و بەسەرکردنەوەی بەندیخانەکانی ئاسایش جێگەی تێبینی وهەڵوەستە لەسەرکردن بێت، چونکە لەمیانی چاوپێکەوتنەکانماندا، ژمارەیەکی زۆر لە راگیراوان لە بەندیخانەکانی ئاسایش لەهەر سێ پارێزگاکانی ( هەولێر وسلێمانی ودهۆك) گلەیی وسکالآیان دەربارەی سەردانی نەکردن ونەگرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی بۆ کێسەکانیان لەلایەن داواکاری گشتییەوە هەبووە، بۆیە رۆڵی داواکاری گشتی لە بەدواداچون و بەسەرکردنەوەی راگیراوان لە بەندیخانەکانی ئاسایش لاواز دەردەکەوێت .

دوای ئەوەی لە راپۆرتی شەش مانگی یەکەمی دەستەکەمان ئاماژەمان بە بونی راگیراوی نەوجەوان خوار تەمەنی (١٨) ساڵ کردبوو لە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانی ئاسایش کەبەتۆمەتی تیرۆر دەستگیرکرابوون ونەگواسترابونەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکانی ژنان ومندالآن کە ئەم حاڵەتەش تەواو پێچەوانەی یاسا و بنەماکانی مافی مرۆڤە بوو ، بە خۆشحاڵیەوە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی/ هەولێر بە نوسراویان ژمارە (٩٠٧/١٦/١ لە ٢٠١٥/٧/١٥) کە ئاراستەی دەستەکەمانیان کردوە ئاگاداریانکردینەوە

**هەندێك راگیراو لە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەی ئاسایشی هەولێر بۆماوەی زیاتر لە (٨) ساڵ لە چاوەڕوانی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکانیاندان.**

کە بۆ ئەم حاڵەتە رێکاری چارەسەری بەپەلە گیراوەتە بەرو سەرجەم ئەو راگیراوانەی کە نەوجەوانن و تەمەنیان لە خوار (١٨ ساڵ) دابووە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش دەستگیر کرابوون بە فەرمانی بەڕێز/ دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر رەوانەی چاکسازی ژنان و نەوجەوانان/ بەشی نەوجەوانان کراون.

ئەشکەنجەو بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە راگیراوان بەپێی ئەو چاوپیکەوتن و سکاڵایانەی کە ئاراستەی دەستەکەمان کراون لەسەرجەم شار وشارۆچکەکانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن لە کاتی پرۆسەکانی دەستگیرکردن ولێکۆڵینەوە لەگەڵ راگیراواندا توندوتیژی و ئەشکەنجەدان پەیرەو دەکرێت. دەستە ئاگاداری بەڕێز (سەرۆکایەتی داواکاری گشتی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش) کردۆتەوە، بۆ نموونە بە ژمارە نووسراومان (٧٠٨/١٦/١ لە رێکەوتی ٢٠١٥/٥/١٢ ) سکاڵای چوار لە راگیراوانمان ئاراستە کردوون. جگە لەمەش ژمارەیەکی بەرچاو لە راگیراوان ئاماژەیان بەوەکردوە کە ماوەیەکی زۆرە

دەستگیرکراون بەبێ ئەوەی کەسوکاریان ئاگادارکرابێتنەوە لە دەستگیرکردنیان کە پێویستە لەکاتی دەستگیرکردنی هەرکەسێکدا لە ماوەی کەمتر

لە (٢٤) کاتژمێردا کەسوکاریان لە شوێن و هۆکاری دەستگیرکردنەکانیان ئاگادار بکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بە شێوەیەکی فەرمی لە رێگای نووسرومان بە ژمارە (٧١٠/١٦/١ لە رێکەوتی ٢٠١٥/٥/١٢) لایەنە پەیوەندیدارەکانمان لەم کێشەیە ئاگادارکردۆتەوە.

| شوێن | كانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | كانوونی یەکەم | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب.گ.ئاسایشی هەولێر | ٥٢٢ | ٥٧٤ | ٦٣٠ | ٦٥٥ | ٥٦٤ | ٦١٥ | ٥٦٦ | ٥٣٠ | ٢٩٠ | ٢٨٥ | ٢٥٧ | ٢٤٤ | ٥٧٣٢ |
| ب.ئاسایشی هەولێر | ٥٩٣ | ٦٠٨ | ٦٤٤ | ٧١٣ | ٦٦٣ | ٦٧٧ | ٦٦١ | ٦٨١ | ٦٢٠ | ٦٢٠ | ٥٩٠ | ٥٤٦ | ٧٦١٦ |
| ب. ئاسایشی گشتی سلێمانی | ٣٧ | ٥ | ٢ | ٦ | ٤ | ٥ | ٨ | ١٥ | ١٦ | ٢٢ | ١٥ | ١١ | ١٣٥ |
| ب ئاسایشی سلێمانی | ١٠١ | ٩٩ | ٨٨ | ٨٢ | ٨٠ | ٦٥ | ٨٣ | ١٠٠ | ١٢٠ | ١٣٣ | ١٥٥ | ١٥١ | ١١٠٦ |
| بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆك | ٥٨٨ | ٦٢٠ | ٦٠٠ | ٦٧٨ | ٦٩٤ | ٦٥١ | ٦٢٤ | ٦١٣ | ٥٨٨ | ٥٥٣ | ٥١٠ | ٣٢٧ | ٧٠٤٦ |
| كۆی گشتی | ١٨٤١ | ١٩٠٦ | ١٩٦٤ | ٢١٥٠ | ٢٠٠٥ | ٢٠١٣ | ١٩٤٢ | ١٩٣٩ | ١٦٣٤ | ١٦١٣ | ١٥٢٧ | ١١١٧ | ٢١٦٣٥ |

ئاماری راگیراوانی بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکانی ئاسایشی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٥ )

| شوێن | كانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزیران | تمووز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | كانوونی یەکەم | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب.پ.هەولێر | ٣٤٣ | ٤١٨ | ٢٨٧ | ٤٥٩ | ٤٨٠ | ٤١٠ | ٤١٩ | ٣٧٧ | ٣٧٦ | ٣١٣ | ٣٢١ | ٢٥٨ | ٤٤٦١ |
| ب.پ..سلێمانی | ٧٠٤ | ٧٧١ | ٨١٤ | ١٠٣٠ | ١٠٢٣ | ١١٢٤ | ٩٧٢ | ٩٥٧ | ٧٨٠ | ٤٥٧ | ٦٩٣ | ٧١٤ | ١٠٠٤٨ |
| ب. پ. دهۆك | ٧٠٦ | ٧٩٥ | ٦٨٥ | ٩٠٤ | ١٠٨٨ | ٧٢١ | ٦٨٤ | ١٠٥١ | ٨٢٧ | ٨٥٣ | ٧٨٠ | ٧٩٢ | ٩٨٨٤ |
| ب. پ. سۆران | ٤٢ | ٥٨ | ٥٦ | ٣٧ | ٤١ | ٦١ | ٣٧ | ٥٥ | ٣٠ | ٦١ | ٥١ | ٦٤ | ٥٩٣ |
| ب.پ.گەرمیان | ٢٨٣ | ٢٣٣ | ١٩٣ | ١٩٣ | ١٧١ | ٢٣٠ | ٢٠٣ | ١٨٩ | ١١٨ | ٨٨ | ١٦٠ | ٢٤٠ | ٢٣٠١ |
| ب.پ. راپەڕین | ٢٥٤ | ٢٨٢ | ٢٥٧ | ٣٣٩ | ٤٣٠ | ٤١١ | ٣٥٧ | ٤٥٧ | ٣٣٧ | ٣٠٣ | ٢٩٦ | ٢٥١ | ٦٢٧٥ |
| كۆی گشتی | ٢٣٣٢ | ٢٥٥٧ | ٢٢٩٢ | ٢٩٦٢ | ٣٢٣٣ | ٢٩٥٧ | ٢٦٧٢ | ٣٠٨٦ | ٢٤٦٨ | ٢٠٥٧ | ٢٣٠١ | ٢٣١٩ | ٣٣٥٦٢ |

ئاماری راگیراوانی بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکانی گرتن وگواستنەوەی پۆلیسی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٥)

| مانگ | | هەولێر | | | | | | سلێمانی | | | | | | دهۆک | | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خوار ١٨ساڵ | | سەروی ١٨ساڵ | | | | خوار ١٨ساڵ | | سەروی ١٨ساڵ | | | | خوار ١٨ساڵ | | سەروی ١٨ساڵ | | | | |
| | | نێر | مێ | نێر | مێ | گەوران | کۆ | نێر | مێ | نێر | مێ | گەوران | کۆ | نێر | مێ | نێر | مێ | گەوران | کۆ | |
| ١ | سزادراو | ٢٧ | ١ | ٢٤ | ٣٠ | ٦٩٧ | ٧٧٩ | ١٥ | ٠ | ٧١ | ٣٢ | ١٠٦٤ | ١١٨٢ | ٣٣ | ١ | ٢٤ | ٢٧ | ٧٥٩ | ٨٤٤ | ٢٨٠٥ |
| | ڕاگیراو | ٢٥ | ٤ | ٢ | ٣٤ | ٠ | ٦٥ | ١٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٢ | ١٧ | ١ | ٧ | ٢٠ | ٠ | ٤٥ | ١٢٢ |
| ٢ | سزادراو | ٣٠ | ٠ | ٢٣ | ٢٩ | ٧١٨ | ٨٠٠ | ١٥ | ٠ | ٥٩ | ٤٠ | ١١٢٥ | ١٢٣٩ | ٣٤ | ٢ | ٢٥ | ٣٠ | ٧٨٢ | ٨٧٣ | ٢٩١٢ |
| | ڕاگیراو | ٢٩ | ٤ | ٠ | ٣١ | ٠ | ٦٤ | ١٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٤ | ٢٥ | ١ | ٨ | ١٤ | ٠ | ٤٨ | ١٢٦ |
| ٣ | سزادراو | ٢٩ | ٠ | ٢٣ | ٢٧ | ٧٢٦ | ٨٠٥ | ١٢ | ٣ | ٥٧ | ٤٢ | ١١٣٤ | ١٢٤٨ | ٣٢ | ١ | ١٦ | ٣٧ | ٧٨٨ | ٨٧٤ | ٢٩٢٧ |
| | ڕاگیراو | ٣٠ | ٧ | ٠ | ٤٠ | ٠ | ٧٧ | ٨ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٩ | ٢٢ | ١ | ٨ | ١١ | ٠ | ٤٢ | ١٢٨ |
| ٤ | سزادراو | ٣١ | ١ | ٢١ | ٢٧ | ٧١٣ | ٧٩٣ | ١٥ | ٠ | ٥٦ | ٤٩ | ١١٤١ | ١٢٦١ | ٣٧ | ١ | ١٧ | ٣٩ | ٨١٦ | ٩١٠ | ٢٩٦٤ |
| | ڕاگیراو | ٣٣ | ١٠ | ١ | ٥٤ | ٠ | ٩٨ | ١٠ | ٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٣ | ٢٨ | ٢ | ٥ | ٧ | ٠ | ٤٢ | ١٥٣ |
| ٥ | سزادراو | ٣٣ | ١ | ٢٣ | ٢١ | ٧٥٣ | ٨٣١ | ١١ | ٠ | ٤٩ | ٤٦ | ١١٥٢ | ١٢٥٨ | ٤٦ | ٢ | ١٥ | ٣٦ | ٨٥٢ | ٩٥١ | ٣٠٤٠ |
| | ڕاگیراو | ٣٦ | ١٢ | ١ | ٥٠ | ٠ | ٩٩ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٠ | ٣٤ | ٠ | ٣ | ١١ | ٠ | ٤٨ | ١٦٧ |
| ٦ | سزادراو | ٣٦ | ١ | ٢٤ | ١٨ | ٧٣٨ | ٨١٧ | ١٠ | ٠ | ٤٤ | ٤٥ | ١١٤٢ | ١٢٤١ | ٤٧ | ٢ | ١٣ | ٣٧ | ٨٨٠ | ٩٧٩ | ٣٠٣٧ |
| | ڕاگیراو | ٣٤ | ٨ | ٠ | ٥٢ | ٠ | ٩٤ | ١٣ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٤ | ٢٩ | ٠ | ٣ | ١١ | ٠ | ٤٣ | ١٥١ |
| ٧ | سزادراو | ٣٠ | ٠ | ٢٤ | ٢٣ | ٧٢٨ | ٨٠٥ | ١١ | ٠ | ٤٤ | ٣٨ | ١١٠٣ | ١١٩٦ | ٤٣ | ٢ | ١٢ | ٣٨ | ٨٥٨ | ٩٥٣ | ٢٩٥٣ |
| | ڕاگیراو | ٤٣ | ٩ | ٠ | ٤٦ | ٠ | ٩٨ | ١٩ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٠ | ٣٩ | ٠ | ٤ | ١١ | ٠ | ٥٤ | ١٧٢ |
| ٨ | سزادراو | ٢٦ | ٠ | ٢١ | ١٩ | ٧٠٩ | ٧٧٥ | ١٦ | ١ | ٤٠ | ٣٦ | ١٠٦٦ | ١١٥٩ | ٥٥ | ٢ | ١٢ | ٣٩ | ٨٥١ | ٩٥٩ | ٢٨٩٣ |
| | ڕاگیراو | ٤٢ | ٧ | ٠ | ٤٩ | ٠ | ٩٨ | ١٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٧ | ٣٩ | ١ | ٢ | ١١ | ٠ | ٥٣ | ١٦٨ |
| ٩ | سزادراو | ٢٦ | ٠ | ٢١ | ٢٢ | ٧٢٨ | ٧٩٧ | ١٩ | ١ | ٤٠ | ٣٣ | ١٠٤٣ | ١١٣٦ | ٦٤ | ٢ | ١٣ | ٣٨ | ٨٦١ | ٩٧٨ | ٢٩١١ |
| | ڕاگیراو | ٤٥ | ٥ | ٠ | ٦٤ | ٠ | ١١٤ | ٢٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢١ | ٣٧ | ١ | ٢ | ١٣ | ٠ | ٥٣ | ١٨٨ |
| ١٠ | سزادراو | ٣٣ | ١ | ٢٠ | ٢٤ | ٧٦٠ | ٨٣٨ | ١٥ | ١ | ٤٠ | ٣١ | ١٠٠٣ | ١٠٩٠ | ٦٢ | ٢ | ١٢ | ٤٤ | ٩٠٧ | ١٠٢٧ | ٢٩٥٥ |
| | ڕاگیراو | ٤٥ | ٤ | ٠ | ٥٦ | ٠ | ١٠٥ | ٢٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٤ | ٣٣ | ٠ | ٣ | ١٠ | ٠ | ٤٦ | ١٧٥ |
| ١١ | سزادراو | ٣٦ | ٧ | ٢٠ | ٢٣ | ٨٠٥ | ٨٩١ | ١٥ | ١ | ٣٦ | ٣٤ | ١٠١٠ | ١٠٩٦ | ٦٠ | ١ | ١١ | ٤٠ | ٩٣٠ | ١٠٤٢ | ٣٠٢٩ |
| | ڕاگیراو | ٤٠ | ٤ | ٠ | ٤٨ | ٠ | ٩٢ | ٢١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢١ | ٢٧ | ١ | ٢ | ٧ | ٠ | ٣٧ | ١٥٠ |
| ١٢ | سزادراو | ٤٢ | ٧ | ٢٠ | ٢٦ | ٨٢٥ | ٩٢٠ | ٢٢ | ٠ | ٣٣ | ٣٣ | ١٠٥٧ | ١١٤٥ | ٥٩ | ١ | ١١ | ٤١ | ٩٤٦ | ١٠٥٨ | ٣١٢٣ |
| | ڕاگیراو | ٢٨ | ٣ | ٠ | ٤٣ | ٠ | ٧٤ | ٢٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٣ | ٣٢ | ٠ | ١ | ٥ | ٠ | ٣٨ | ١٣٥ |

**ئاماری سزادراوان و ڕاگیراوانی نەوجەوان و ئافرەتانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان (٢٠١٥)**

## رەوشی منداڵان

پاراستن وباشکردنی رەوشی مندالان بەندە بە گرتنبەری چەند رویۆشوێنێکی جیدی کە گرنگترینیان پاراستنی مافەکانیانە بە یاسا، لەم سۆنگەیەوە تائێستا مافەکانی منداڵ لەهەرێمی کوردستان پارێزراو نیە ومنداڵان ڕوبەرووی توندوتیژی وبەکارهێنان وبازرگانی پێکردن دەبنەوە وتا ئێستا یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی منداڵان لە هەرێمی کوردستان بوونی نیە و دەستەکەمان لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ئامادە کردنی ڕەشنووسی یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی منداڵان.

وێڕای هەوڵ وکۆششی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی باشتر کردنی رەوشی ژیانی منداڵان بە گشتی و پاراستنی مافەکانیان، بەڵام دەبینین کێشەی تایبەت بە منداڵ لە هەرێمی کوردستان روو لە زیادبوونەوە لە لایەنی تەندروستی وخوێندن وپەروەردە و لایەنەکانی دیکەی ژیانی منداڵ.

لە ئەنجامی لادانی ڕەوشتی و زۆربوونی لەشفرۆشی لە نێو کۆمەلگا خەریکە حالەتی دۆزینەوەی کۆرپەلە پەرە دەسێنێت بە جۆرێك لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٥)، (٨)کۆرپەلە لە هەرێم دۆزراوەتەوە کە دیارترینیان ئەو کۆرپە دۆزراوەیە بوو لە شاری هەولێر و وێنەکەی لە کەناڵەکانی راگەیاندن بلاوکرایەوە لە نەخۆشخانەی لە دایکبوونی هەولێر بە قەڵەمێکی شین و بە خەتێکی گەورە لە سەر سینگی نووسرا بوو (لقیط) بە بێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و عورفی و یاسایی.

بارودۆخی دارایی خراپی خەڵکی هەرێم لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو وکێشە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێم وکێشەکانی لەگەڵ حکومەتی عیراق رەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر ژیان و گوزەران و مافەکانی منداڵ. بە پێی زانیاریەکان و دیدارەکانمان کەموکوڕی زۆر لە قوتابخانە و داینگاکان هەیە لە دەرئەنجامی ئەو رەوشە ناهەموارە، بەتایبەت لە رووی نەدان ودرەنگ پێدانی مووچەی خەڵکی هەرێم بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکانی گشت لایەنەکان کاریگەر بووە بۆ خراپ ئەنجامدان و راپەرشاندنی کارەکان لە لایەن مامۆستا وکارمەندانی تەندروستی ودروست بوونی کێشەی خێزانی بەهۆکاری خراپی گوزەرانی خەڵك گشت ئەمانە کاریگەریان هەبووە لە سەر خراپی بارودۆخی منداڵ لە هەرێمی کوردستان ودەتوانین بڵێن منداڵ زەرەرمەندی یەکەمی ئەم بارودۆخە نالەبارەن.

یەکەم: <u>سەبارەت بەو منداڵانەی کە لە (ژینگەی خێزانی بێبەشن)</u>، بە پێی سیستەمی

پەیرەوکراو لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی منداڵ لە تەمەنی (٤ ساڵ تاکو ١٨ ساڵ) وەردەگرن بێ جیاوازی لە: ئایین، ڕەگەز، نەتەوە. ژمارەی منداڵەکان لە خانەی نەوجەوانان لە هەولێر: کوڕان (١٣٧) و کچان (١٣٣)، لە دهۆك: کوڕان (٦٩) و کچان (٥٩) و لە سلێمانی کوڕان (٧٠) و کچان (٥٠).

| پارێزگا | کوڕ | کچ | کۆ |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٣٧ | ١٢٣ | ١٦٠ |
| سلێمانی | ٧٠ | ٥٠ | ١٢٠ |
| دهۆك | ٦٩ | ٥٩ | ١٢٨ |

ژمارەی منداڵان لە خانەی نەوجەوانان لە (هەولێر و سلێمانی و دهۆك)

بەڵام دوای ئەوەی منداڵەکە تەمەنی دەگاتە (١٨) ساڵ دەبێت ئەو شوێنە بە جێ بهێڵێت و هیچ ڕێکخستنێکی یاسایی نیە دەربارەی دیاریکردن و چاودێریکردنی ئەو کەسەی تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو دەکات، هەرچەندە ئەوەی پەیرەوکراوە لە ئێستادا هێشتنەوەی ئەو کەسانەیە کە ( ١٨) ساڵیان تەواو کردووەو بەردەوامن لە خوێندن، لە شوێنی خۆیان وەك (خۆبەخش)، ئەمەش بۆ هاندان و دەستگرتنیانە تاکو بتوانن دوارۆژی خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەم حاڵەتانە پێویستیان بە هەموارکردنەوە و ڕێکخستنی یاسایی نوێ هەیە، بە تایبەتی بەپێی لێکۆڵینەوەو وتوێژینەوە زانستیەکان پەیرەوکردنی سیستەمی ( خێزانی جێگرەوە) زۆر پێویستە و سەرکەوتووترە لەو سیستەمەی ئێستا پەیرەو دەکرێت. بەڵام تاکو ئێستا ئەم سیستەمە لە هەرێمی کوردستان نیە و منداڵ پێویستی بە ژیان لە ناو خێزان هەیە نەك فەرمانگەیەك لەبەرئەوەی ژینگەی خێزانی زۆر جیاوازترە لە ژینگە و سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتی .

دووەم: سەبارەت بە منداڵی پەرتەوازە، لە هەرێمی کوردستان زۆر خێزان هەیە کە داوا دەکات منداڵی بێ کەس (بێ دایك و باوك) یان منداڵێك کە فڕێدراوە بە خێو بکەن ئەگەر هاتوو (سیستەمی منداڵی جێگرەوە ) دامەزرا زۆر منداڵ سوودی لێوەردەگرن، دوای گفتوگۆ کردن لە گەڵ (لێژنەی باڵای پاراستنی منداڵ) ڕوونی کردەوە ئەم سیستەمە گەڵاڵە بووە بەڵام لە ڕووی داراییەوە پەسەند نەکراوە. نموونەی ئەم بابەتە: لە ڕێکەوتی (٢٥/٨/ ٢٠١٥) لە گوندی (ئاوەخوێری) سەر بە ناوچەی گەرمیان، منداڵێك فڕێدەدرێت دواتر منداڵەکە گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی کەلار و نزیکەی (٦٠) هاووڵاتی داوای ئەو منداڵەیان کردوە بە مەبەستی لەخۆ گرتن وبەخێوکردنی منداڵەکە دواتر بە بڕیاری دادوەری گەرمیان ئەو منداڵ ڕادەستی هاولاتیەك بە ناوی (ن.س.أ) کرا دواتر لە لایەن نووسینگەکەمان چاودێری تەواوی ئەم خاتوونە کرا و پشتگیری ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار کرا کە ئەم بەڕێزە تەندروستی زۆر باشە و لە توانای دا هەیە ئەم منداڵ بە خێو بکات.

لە شاری سلیمانی شوێنێك دامەزراوە بۆ منداڵانی بێ دایك و باوك کە منداڵ لە تەمەنی (یەك رۆژ تا چوار ساڵ) تیایدا بە خێو دەکرێت، بەڵام لە شاری دهۆك و هەولێر ئەم جۆرە خانەیە نیە و پێویستە دروست بکرێت و راهێنان بە کارمەندانی بکرێت، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە چونکە لەم کاتەدا نازانرێت چۆن مامەڵە لە گەڵ حاڵەتی منداڵی وون بوو وفرێدراو دا بکرێت.

**سێیەم: سەبارەت بەمنداڵی سەر شەقام،**

زیادبوونی رێژەی منداڵی سەرشەقام ومنداڵی سواڵکەر کە لە رێگای کەسوکاریانەوە یان لە رێگای کەسانی دیکەوە بەکاردەهێنرێن بۆ سواڵکردن وزۆربەی ئەو منداڵانە تەمەنیان لە نێوان (٥ بۆ ١١ ) ساڵە، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی منداڵی ساوا کە بە باوەشی دایکەکانیانەوە دەبینرێن یان بە باوەشی ئەو کەسانەی کە ئەو منداڵانە لە کەسوکاریان بە کرێ دەگرن. بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە دەبێت لێژنەیەك دابمەزرێت لە سەر ئاستی پارێزگاکان بە نوێنەرایەتی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ولایەنی دیکەی پەیوەندیدار بۆ نەهێشتن وچارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە، هەروەها پێویست دەکات وەزارەتی ناوخۆ پۆلیسی کۆمەڵایەتی دابمەزرێنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم حالەتانە.

**چوارەم: سەبارەت بەمنداڵی توشبوو بە نەخۆشی ئۆتیزم،** ئاماری تووش بوون بە نەخۆشی ئۆتیزم لە هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی (٢٠٠٠) نەخۆش وە تەنها لە شاری هەولێر نزیکەی (٤٥٠) تووش بوو هەیە وە لە سەنتەری چاودێری نەخۆشی ئۆتیزم لە شاری هەولێر چاودێری دەکرێن بەڵام ئەم سەنتەرە کەم و کورتی زۆری تێدایە لە رووی بینا وکەمی ژوور بۆ چاودێری کردنی ئەو منداڵانە و نەبوونی بودجەی تایبەت بەو سەنتەرە.

بە پێی رێنماییەکانی ژمارە (١) لە ساڵی (٢٠١٤) تایبەت بە شیاندن و راهێنان و فێر کردنی منداڵانی ئوتیزم لەسەنتەرەکان لە ماددەی چوارەمدا هاتووە: "ئەگەر منداڵەکە بەرەوپێش چوونی هەبوو لە رووی شیاندنەوە دەگوازرێتەوە قوتابخانەیەکی سەر بە وەزارەتی پەروەردە نزیك شوێنی نیشتەجێ بوونی کە پۆلەکانی پەروەردەی تایبەت هەبێت".

بەڵام لە بەر نەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتی و چاودێری بە شێوەیەکی پێویست لە ناو قوتابخانەدا ئەم منداڵانە وەرناگیرێن، ئەمەش وا پێویست دەکات وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پەروەردە هەستن بە دامەزراندنی پزیشکی دەروونی و یاریدەری پزیشکی و چاودێری تایبەت و چاودێری تەندروستی و توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ سەرپەرشتی کردن و چاودێریکردنی ئەم جۆرە منداڵانە لە قوتابخانەکاندا.

بۆ زیاتر گرنگی دان بە منداڵی ئۆتیزم پێویستە سەنتەری چاودێری منداڵی ئۆتیزم بگوازرێتەوە سەر وەزارەتی تەندروستی ولە ئەستۆی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی نەمێنێت بۆ

ئەوەی لە رێگەی وەزارەتی تەندروستییەوە بتوانرێت خزمەتی زیاتر بەو مندالانە بگەیێندرێت. وکار بکرێت بۆ رێکخستنی پەیوەندی لە گەلٚ رێکخراوەکانی تایبەت بەو بوارە بۆ گەیاندنی سوود ویارمەتی زیاتر بە توشبوانی ئەو حالەتە.

**پێنجەم: سەبارەت بەیاسای چاودێری نەوجەوانان**، ئەم یاسایە تاکو ئێستاش کاری پێدەکرێت هەر منداڵێك کە تەمەنی (٩ تا ١٨) ساڵ بوو ئەم یاسایەی لەسەر جێ بە جێ دەکرێت، بەلام بەرپرسیاریەتی تاوان (المسؤولية الجزائية) لە هەرێمی کوردستان (١١) ساڵ دیاریکراوە ئەمەش بە هەنگاوێکی باش دادەنرێت بە ئاراستەی پاراستنی زیاتری منداڵ بۆیە پێویستە ئەم یاسایە بە تەواوی گورانگاری تێدا بکرێت بەجۆرێك لەگەڵ ئەم سەردەمە دا هاوتەریب بێ وکار بە سیستەمی سزای جێگیرەوە بکرێت بۆ نەوجەوانان وەك چۆن لە وەلاتە پێشکەوتوەکاندا کاری پێ دەکرێت.

**شەشەم: توندوتیژی جەستەیی**، رێژەی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مندالان رووی لە زیاد بوونداية لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥) چەندەها جار ئەم رووداوە لە شوێنە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دووبارە بۆتەوە، بۆیە وا باشترە دەست بکرێت بە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری لە ناو کۆمەڵگا بەو سزایەی کە لە یاسای سزادانی عیراقی هاتووە سەبارەت بە بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی دژی مندالان ورێگەگرتن لەو جۆرە تاوانانە، وهۆشیارکردنەوەی خێزان بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە مەترسی روودانی ئەم جۆرە حالەتانە وزیاتر چاودێری کردنی منداڵەکانیان، جگە لە گرنگی رۆڵی وەزارەتی پەروەردە وقوتابخانەکان وگرنگی رۆڵی مامۆستاکان بۆ فێرکردنی منداڵ هۆشیارکردنەوەیان دەربارەی ئەم جۆرە حاڵەتانە.

لە دیارترین حالەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان، لە شەوی (٢٠١٥/١١/٢٥)، گەنجێك دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر کچێکی تەمەن (٥) ساڵە، لە مزگەوتێکی شاری هەولێر، هەرچەندە وێنەی تاوانکارەکە لە کامێراکانی چاودێری دەرچووە، بەلام تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە دەستگیر نەکراوە.

> ژمارەی منداڵی ئیشکەر و سواڵکەر لە سەر شەقامەکان بە رێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، بە هۆی زۆری ژمارەی ئاوارەو پەنابەران و هەروەها خراپی باری دارایی بە گشتی لە هەرێم، ئەم منداڵانە لە خوێندن و هەموو مافەکانی منداڵ بێبەشن، هەروەها پێشێلکاری زیاتری مافەکانی منداڵ دەکرێت و تاوانی گەورەی وەك دەستدرێژی سێکسی و بەکارهێنانی منداڵ لە کاری نارەوا ئەنجام دەدرێت.

## ڕەوشی ژنان

سەرەڕای بوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)، وبوونی کۆمەڵێك لایەنی حکومی وڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی وڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان ویاسای نێودەوڵەتی وڕێککەوتنامەی تایبەت بە مافی ژنان، وەك ڕێککەوتنامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکاری دژی ژنان کە عیراق واژووی لەسەر کردوە، وکۆمەڵێك یاسا وڕێسای پارێزەر بۆ مافی ژنان، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە ڕاستی بوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بەڵکو ئەم توندوتیژیە، وەك ئامارەکان دەریاندەخەن، ڕوو لە زیادبوونە بەبێ ئەوەی چارەسەری گونجاو کارا بدۆزرێتەوە بۆ حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان.

هەرچەندە باسکردن لە نەهێشتنی ئەم توندوتیژیە دژ بەم توێژەی کۆمەڵگا کارێکی ئەستەمە لەبەرامبەر بوونی جۆرێك لە بینین وسەیرکردنی نزمی کۆمەڵگا بەرامبەر بە ژن، کە لە تێگەیشتنی هەڵەی پەیامی ئاینی ودابونەریتی کۆمەڵگا وپەروەردەی نابەجێ سەرچاوەی گرتووە.

جیاکاری دژ بە ژنان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستبوون وڕوودانی توندوتیژی لە دژیان، هەرچەندە ئەم جیاکارییە خۆی لە خۆیدا وەك توندوتیژی هەژمار دەکرێت.

ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥) بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠١٤) زیادی کردوە، وەك لە ئامارەکانی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەرکەوتوە کەوا ژمارەکانی کوشتن لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥) بەرز بۆتەوە بۆ (٥٥) پەنجاو پێنج حاڵەت، وژمارەی خۆکوشتنی ژنان (٦٤) شەست و چوار حاڵەت، وسوتان (١٩٨) سەدو نۆهەت و هەشت حاڵەت، وخۆسوتاندن (١٢٥) سەد و بیست و پێنج حاڵەت، وتوندوتیژی سێکسی (١٢٤) سەدو بیست و چوار حاڵەت، وژمارەی سکالآکان لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (٧٤٣٦) حەفت هەزار و چوار سەد و سی و شەش سکالآ بووە.

هۆکارەکانی بەرز بونەوەی ژمارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جیاواز، هەندیکیان پەیوەستن بە بیرکردنەوە وسەیرکردنی نابەجێی کۆمەڵگا بۆ ژنان لە کۆمەڵگای باوکسالاری وشێوازی پەروەردەی خێزان وگۆمەڵگا کە بە هۆیەوە جیاکاری بەرامبەر هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ دروست دەکرێت لەسەرەتای منداڵیەوە و قۆناغەکانی دیکەی ژیان. وهۆکاری هەرە کاریگەر بۆ توندوتیژی دژ بە ژنان شێوەی باسکردنە لە ژن لە ڕووی ئاینیەوە کە بیرکردنەوەی نابەجێی لەلایەن تاکەکان دروست کردوە بەرامبەر بە ژن وەك بونەوەرێك هەموو هێزێکی لێسەندراوەتەوە.

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتاندن | سێکسی | سکاڵا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٠ | ٢٣ | ٦٨ | ٥٢ | ١٠ | ٢٧٩٦ |
| دهۆك | ١٣ | ١٢ | ٣٩ | ١٩ | ٤٣ | ١٩٩٩ |
| سلێمانی | ٩ | ١٧ | ٣٨ | ٢٧ | ٤٣ | ١١٥٤ |
| گەرمیان | ٧ | ٥ | ١٩ | ١٤ | ١٦ | ٧٧١ |
| راپەڕین | ٣ | ٤ | ٢٠ | ٩ | ٦ | ٥٢٣ |
| سۆران | ٣ | ٣ | ١٤ | ٤ | ٦ | ١٩٣ |
| کۆی گشتی | ٥٥ | ٦٤ | ١٩٨ | ١٢٥ | ١٢٤ | ٧٤٣٦ |

خشتەی تایبەت بە ئاماری توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان لە ساڵی (٢٠١٥)

هۆکاری دیکەی بەرز بوونەوەی رێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥) دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ژمارەیەك زۆر لە کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێو خێزنەکان وهۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بارودۆخی ئابووری خەڵکی ئەم هەرێمە ودروست بوونی جۆرەها کێشە بەو هۆکارەوە، وەك زوو بەشوودانی کچان بە تەمەنی منداڵی یان بە زۆر بەشودانیان، بۆ ئەوەی ئەرکی بەخێوکردنی کەمبێتەوە لەسەر خێزانەکەی، یان زوو وبەزۆر بەشودانیان بۆ پاراستنی شەرەفیان وچەندەها حاڵەتی دیکە، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە خێزان لێکترازانی تیادا دروست بوو وحاڵەتەکانی (طلاق) لەماوەی ساڵی رابردوو گەیشتۆتە (٦٨٨٢) شەش هەزار و هەشت سەد و هەشتاو دوو حاڵەت واتا بە رێژەی (١٧٪) ئەم رێژەیەش بەرز بوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠١٤) کە رێژەی لێکجیابونەوە (١٥٪) بووە.

| شوێن | ژمارەی حاڵەتەکانی لێکجیابونەوە (طلاق) |
|---|---|
| هەولێر | ٢١٥٩ |
| سلێمانی | ٢٩٦١ |
| دهۆك | ٨٢٦ |
| گەرمیان | ٩٣٦ |
| کۆی گشتی | ٦٨٨٢ |

ئاماری تایبەت بە ژمارەی حاڵەتەکانی لێکجیابونەوە لە ساڵی (٢٠١٥)

بارودۆخی دارایی نالەباری خەڵکی هەرێم، هۆکار بووە بۆ دروستبوونی حاڵەتەکانی سواڵ کردنی ژنان لە سەر شەقامەکان ولە نێو کۆڵان وگەڕەکەکان لە ژنانی خەڵکی هەرێم وژنی ئاوارە وپەنابەر. ئەم حاڵەتانەش مەترسی زۆری هەیە لەسەر ئافرەتەکان بەهۆی ئەوەی لەو رێگایەوە

ئەگەری دروستبوونی تاوانی ڕێکخراوەیی زیاتر دەکات بەهۆی ئەوەی ئەو ژنانە لەلایەن کەسانێکەوە کاری سواڵ کردنیان پێدەکرێت ئەمەش ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ توشبوونیان بە لەشفرۆشی وبەکارهێنانیان بۆ ئەنجامدانی تاوانی دیکە. جگە لەوەی بینینی ژنی سواڵکەر سیمایەکی ناسروشتی دەبەخشێتە شار جگە لە بڵاوبونەوەی بیری بێکاری وخۆنزم کردنەوە ولەدەستدانی شکۆمەندی بۆ پەیداکردنی وبەدەستهێنانی پارە.

دەربارەی ژنانی داڵدەدراو لە شەڵتەرەکانی هەرێمی کوردستان، بوونی ئەم شەڵتەرانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە گرتنە خۆی ژنانی بێ چارە و سووککردنی خەمەکانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، وەك دەزگایەکی فەرمی تایبەتمەند بۆ ئەم جۆرە حالەتانە، هەرچەندە رووبەر و بینای شەڵتەرەکان وەك پێویست نین، وەك چۆن ئەوەی لە شاری هەولێر هەیە بیناکە لە (٤) ژوور پێکهاتووە و توانای لەخۆگرتنی (٣٠) کەسی هەی، بەڵام لە زۆر کاتدا ژمارەکە زۆر زیاترە و دەگاتە (٤٧ - ٤٨)کەس، چونکە لە هەندێك حالەت هەندێك لەو ژنانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە ئەوانیش ڕەوانەی ئەم شەڵتەرە دەکرێن، لە کاتێکدا ئەم حالەتە پەیوەندی بە ئیشوکار و تایبەتمەندی شەڵتەرەوە نیە، هەروەها بوونی ئاستەنگی کارگێڕی ڕێگرە لە ئاگاداربوونی تیمەکانی سەر بە دەستەکەمان لە ڕەوشی ژنانی داڵدەدراو لە شاری دهۆك، بە شێوەیەك ڕێگە بە بە تیمەکانمان نادرێت چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنە داڵدەدراوەکان بکرێت، تەنها کارگێڕی شەڵتەرەکە زانیارییەکان دەدات بێ ئەوەی ڕێگە بدەن ژنە داڵدەدراوەکان بدوێندرێن و تیمەکانمان بە چاوی خۆیان ڕەوشی ژیان و گوزەران و پێداویستی ژیانی داڵدەدراوان ببینن و هەڵبسەنگێنن.

کێشەی نەبوونی شوێنی تایبەت بەو ئافرەتانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە کێشەیەکی دیکەیە لەو کێشانەی ڕووبەرووی ئەو ژنانە دەبێتەوە کە نەخۆشی دەروونیان هەیە، سەرەڕای بوونی نەخۆشخانەی دەروونی لە شارەکانی هەرێم بەڵام شوێنەکە بە گشتی نەگونجاوە بۆ داڵدەدانی ژنانی نەخۆش، جگە لەوەی مەرجی وەرگرتنیان لەو نەخۆشخانەنە بوونی کەسی نزیك لە نەخۆشەکە لەو نەخۆشخانەیە بە مەبەستی خزمەتکردن وئاگاداربوون لە نەخۆشەکە. ئەمەش مەرجێکی قورسە و وادەکات ئەو خێزانانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە لە ڕەگەزی مێ ناچار بن بە هێشتنەوەیان لەماڵەوە وخراپ مامەڵەکردن لەگەڵیان وهێشتنەوەیان لە ژێر بارودۆخی خراپ وبەبێ چارەسەر. نموونەی

ئەمەش حاڵەتی ئەو ژنەی نەخۆشی دەروونی هەبوو لە قەزای (کفری)، کە لەلایەن کەسوکارییەوە بە زنجیر بەسترابۆوە لە ژێر با بارودۆخێکی خراپی تەندروستی وسەختی ژیان وگوزەران.

| شوێن | ژمارەی ژنانی داخل بوو | ژمارەی ژنانی دەرچوو | ژمارەی مانەوە |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٧١ | ٢٣٤ | ٣٧ |
| سلێمانی | ٢٠٧ | ١٨٤ | ٢٣ |
| دهۆك | ٢٠٠ | ١٨٣ | ١٧ |
| گەرمیان | ٣١ | ٣١ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٧٠٩ | ٦٣٢ | ٧٧ |

خشتەی ئاماری ئافرەتانی داخل بوو و دەرچوو و ئەوانەی ماونەتەوە لە شەلتەرکان لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥) (٨)

★تێبینی: لە بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان مانەوە تەنها (٧٢) کاتژمێرە.

### ڕەوشی ژنان لە کەمپەکانی (کەورگۆسك، قوشتەپە، دارەشەکران، باسرمە ) لە شاری هەولێر:

ڕەوشی ژنان لە کەمپەکانی ئاوارەوپەنابەران لە بارودۆخێکی خراپ دایە تا ئێستا ژنان رۆژانە ڕووبەڕووی کێشە وگیروگرفتی زۆر و جۆراوجۆردەبنەوە، وبە جۆرەها شێوازی توندوتیژی وجیاکاری مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

نەبوونی یەکسانی لە ئەرك و ماف وبەرپرسیاریەتی گەورەترین کێشەیە کە ڕووبەڕووی ژنان لەناو خێزان دەبێتەوە ، و ئاشکرایە ژنان بە هۆکاری داب و نەریت وکلتورو ترسەوە ناتوانن سکاڵا تۆمار بکەن بەو هۆیەوە پێشێلی مافەکانیان دەکرێت وشکۆو کەسایەتیان دەشکێندریت ، و بە هۆکاری ئەوەی بە شێك لە سەرۆك خێزانەکان (پیاوەکان)بە مەبەستی گەڕان بە دوای ژیانێکی باشتر کۆچیان بۆوڵاتی سێیەم کردووە، و بەوهۆیەوە ژن و منداڵەکانیان بە تەنیا لە کەمپ جێماون ، ئەمەش بۆ ژنەکان بۆتەهۆی ئەوەی کە ئەرکی ژنەکان زیاتر قورستر بێت بە تایبەت سەبارەت بە بە خێوکردنی منداڵەکانیان.

---

(٨) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری کارو چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بۆ ساڵی (٢٠١٥). www.bgtakrg.org

ژمارەیەك لەو ژنانەی رووبەڕووی جۆرەها شێوازی توندوتیژی دەبنەوە لەلایەن کۆمەڵگا و رەنگە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی رۆژانە روو لە سواڵکردن ولەشفرۆشی ودزی وکاری دیکە بکەن، زۆر لەو ژنانە دووچاری کێشە دەبنەوە لەگەڵ ئاسایشی کەمپەکان کە لە زۆربەی کاتەکان داوای کاری سێکسی ولەشفرۆشیان لێدەکەن وکاتێك ژنێك یان خێزانێك رەزامەندی دەرنەبڕێت لە کەمپەکان دەردەکرێن یان یارمەتی وکۆمەکیان پێنادەن، یان مەرجی ئەوەیان بۆ دادەنێن کە کاری لەشفرۆشی ئەنجامبدەن بۆ ئەوەی یارمەتی وکۆمەکیان پێ ببەخشن. رووداوی ئەم حاڵەتانەش پێشێلکاریەکی گەورەیە بەرامبەر بە ژنان لە کەمپەکانی ئاوارە وپەنابەران لە هەرێمی کوردستان.

شێوازی خراپی دابەشکردنی خیمەکانی ئاوارەکان وشوێنیان، بە شێوەیەك کە نزیکی خێمەو کەرەڤانەکانی دیکەن ئەمەش هۆکارێکە بۆ نەپاراستنی تایبەتمەندی خێزانەکان. زۆر جار بوونی ئاودەستی هاوبەش و نزیك لە یەکتری وایکردوە ژنان توشی کێشە وگیروگرفت ببنەوە و حاڵەتی توندوتیژی جەستەیی وسێکسی بەرامبەریاندا ئەنجامبدرێت بە هۆی نزیکی شوێنی ئاودەست وگەرماوەکانیان لە ئاودەست وگەرماوی پیاوەکان. دەتوانین بڵێن ژنانی ئاوارە وپەنابەر لە کەمپەکان دووچاری جۆرەها شێوەی توندوتیژی دەبنەوە وەك: گێچەڵی سێکسی، لێدان، توندوتیژی زارەکی، هاوسەرگیری پێشوەخت، بە زۆر بەشوودان، بەزۆر ئەنجامدانی کاری لەشفرۆشی.

**ژنانی ئاوارە وپەنابەر لە کەمپەکان دووچاری جۆرەها شێوەی توندوتیژی دەبنەوە وەك: گێچەڵی سێکسی، لێدان، توندوتیژی زارەکی، هاوسەرگیری پێشوەخت، بە زۆر بەشوودان، بەزۆر ئەنجامدانی کاری لەشفرۆشی.**

# پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان

هەرێمی کوردستان خاوەن تێکەڵەیەکی جیاوازی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییە، کە ئاین وزمان وکلتور ورۆشەنبیری خۆیان هەیە وچەندەها ساڵە دانیشتوی ناوچەکانی کوردستانن وزێدی باو وباپیرانیانە وەك (کلدانی وسریانی وئاشوری – مەسیحی – ، ئێزیدیەکان، و تورکمان وکاکەیی) کە بەشێکن لە پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ناوچە جیاجیاکانی.

بارودۆخی پێکهاتەکان لە عیراق بە گشتی

دوای هێرشی گروپی تیرۆریستی داعش بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی عێراق وبەر لەوەش بەهۆی ململانێی تایفەگەری (سوننە وشیعە)، بارودۆخێکی زۆر ترسناك وخراپ بووە، لە هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی دوای بەرەبەیانی رۆژی (٢٠١٤/٨/٣) کاتێك تیرۆرستانی گروپی تیرۆرستی(داعش) هێرشیان کردە سەر قەزای (شەنگال) و ناوچەکانی دەروبەری و داگیرکردنیان، رەنگدانەوەی نەرێنی زۆر خراپ و ترسناکی هەبووە لەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیە بە گشتی و بە تایبەتی لەسەر ئێزیدی و مەسیحی وتورکمان وشەبەك وگشت پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و ئەوانەشی کە لە دەرەوەی هەرێمن و روویان لە هەرێم کردووە، کە لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر کوژرا و دیل و وون بووی لێکەوتەوە، لە گەڵ ئاوارەبوونی ژمارەیەکی گەورە لەوانەی کە دەربازیان بووە، ئێستاش زۆربەیان لە هەوڵی جێهێشتنی وڵاتی خۆیانن بەرەو وڵاتانی دیکەی جیهان.

پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی وئاینیەکان بەشێکە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی، کە خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی مافی ئاینی ورۆشنبیری وکەلتووری وپاراستنی زمان وپاراستنی ناسنامەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك کە بە کەمینە هەژمار دەکرێن لەهەر کۆمەڵگایەك بەبێ جیاوازی وجیاکاری.

> **لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان (٨) هەشت ئایین بە فەرمی ناسراون و نوێنەریان لە وەزارەت هەیە، کە بریتین لە: ئیسلام، مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی، زەردەشتی، بەهائی، صابیئەی مەندائی، جو.**

راگەیاندنی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کەمە نەتەوەییەکان/ ساڵی ١٩٩٢، لە ماددەی یەکەمی ئاماژە بە مافی کەمە نەتەوەکان دەکات لەسەر بنەمای ناسنامە ونەتەوە ورۆشەنبیری وکەلتووری وئایین

وزمان، وئاماژە بە ئەرکی حکومەتەکان دەکات بۆ پاراستنی کەمە نەتەوەکان.

بەهەمان شێوە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ هەموو شێوە جیاکارییەك رەت دەکاتەوە دژ بە کەمینەکان . ویاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بە نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکاریەك دەکات لەسەر بنەمای ئاین یاخود نەتەوە وئاماژە بە پاراستنی کەمەنەتەوەکان دەکات. لە ماددەی (٢٧) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی وسیاسییەکاندا هاتووە کە نابێت بە هیچ شێوەیەك رێگری بکرێت لە ئاشکرا کردنی مافە رۆشەنبیریەکان وئاین وزمان بۆ کەسەکان لەو ولآتانەی کەمە نەتەوەیی تێدایە.

**١- کلـــدانی ســـریانی ئاشـــوری (مەسیحییەکان):** وەك نەتەوە هەر لە کۆنەوە وبەر لە هەزارەها ساڵ لە ناوچەکانی پارێزگای: (نینوی) ودهۆك و هەولێر، وسنوری نێوان عیراق وتورکیا وسوریا ژیاون کە خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی وکلتووری ورۆشەنبیری وتایبەتمەندی خۆیانن وبەبەشێکی گرنك هەژمار دەکرێن لە پێکهاتەی کوردستان. بەپێی ئەو ئامارانەی لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری مەسیحییەکان سەر بە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی وەرگیراوە، ژمارەی خەڵکی مەسیحی لە عێراق تا ساڵی (٢٠٠٣)، (١,٨٠٠,٠٠٠) یەك ملیون وهەشت سەد هەزار کەس بوون، بەلآم لە دوای ئەو رووداوانەی لە ساڵی رابردوو روویدا بە هێرشی گروپی تیروریست داعش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مسیحی پەناهەندە بوون بۆ ولآتانی دەرەوە وشوێنی خۆیان جێهشت و نزیکەی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار مەسیحی ئاوارەی وڵاتانی (لوبنان، ئوردن ، تورکیا) بوونە و نزیکەی (٢٥,٠٠٠) بیست وپێنج هەزار مەسیحیەکانی هەرێمی کوردستانن. هەروەها نزیکەی (١٤٠,٠٠٠-١٥٠,٠٠٠) سەد وچل تا سەد و پەنجا هەزار مەسیحی دەشتی نەینەوا و شاری موصل ئاوارەی کوردستان بوونە و دابەش بوون بەسەر شارەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە: (١١,٥٠٠) یانزدە هەزار و پێنج سەد خێزان لە شاری هەولێر و (٥,٥٠٠) پێنج هەزار و پێنج سەد خێزان لە شاری دهۆك و (٢٨٠) دوو سەد و هەشتا خێزان لە شاری سلێمانی و (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا خێزان لە شاری کەرکوك. بەگوێرەی ئامارەکان ئێستا ژمارەی مەسیحییەکانی لە هەرێمی کوردستان (٣٠٠,٠٠٠- ٣٥٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار تا سێ سەدوو پەنجا هەزار کەس دەبێت. شایانی باسە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) وە لە عێراق بە گشتی (١١٣٤) هەزار و سەد و سی و چوار مەسیحی کوژراون و (٢٢) بیست و دوو کەنیسە و شوێنی ئاینیی لە موصل و دەشتی نەینەوا لە لایەن تیرۆرستانەوە تەقێندراونەتەوە.

لە هەرێمی کوردستان مافی ئەم پێکهاتەیە پارێزراوە لە پاراستنی ئەمنیەت وسەرومالٚ ومافیان لە خوێندن وخوێندن بە زمانی خۆیان ومافە ئیداری وسیاسی ونوێنەرایەتیان لە ناو پەرلەمان وحکومەت و وەرگرتنی پۆستی ئیداری وحزبی و مافە ئاینیەکانیان لە بوونی کەنیسە وئەنجامدانی گشت بۆنە و ڕێورەسمە ئاینیەکان وچالاکیە کلتوری ورۆشنبیریەکانیان. بەلاٚم ئەو ڕووداوانەی دوایی کە دوچاری عیراق بووەوە بە هێرش بردنە سەر پارێزگای نینوی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤) وئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچانە، کاریگەری نەگەتیفی هەبوو بەسەر خەڵکی ئەم پێکهاتەیە لە هەرێمی کوردستان وبووە مایەی ترس ودڵەڕاوکێی خەڵکی مەسیحی لە هەرێمی کوردستان وجێهێشتنی زێدی باوباپیرانیان وپەنابردنیان بۆ ولاٚتانی تر، لە ترسی کوشتن ورفاندن وهێرشکردنە سەریان تەنها لەبەر ئەوەی خاوەن ئاینێ جیاوازن لە ئاینی ئیسلام. ئەم پەناهەندە بوونە کاری کردە سەر دابەزینی نرخی موڵك وخانووبەرە لەو ناوچانەی کە مەسیحی تیادا دەژین، کە بە هۆی کۆچ کردنیان بەناچاری موڵك وماڵیان هەرزان فرۆش دەکەن، ئەمە جگە لە کڕینی موڵکەکانیان لە لایەن خەڵکی غەیری مسیحی یاخود دابەش کردنی زەوی بەسەر خەڵکی غەیری مەسیحی لەو ناوچانەی دانیشتوانی مەسیحی تێدایە وەك شارۆچکەی عەنکاوە وشوێنی دیکە لە شاری دهۆك وگوندەکانی دەوروبەری. ئەمەش کار دەکاتە سەر نەمانی مێژووی کلتوری وئاینی ئەم نەتەوەیە کە پێویست دەکات لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم نەتەوەیە لە خۆ بگرێت وبیانپارێزێت لە هەر جۆرە هێرشێك، وکار بکرێت بۆ پاراستنی مافی گشت پێکهاتە ئاینی ونەتەوەییەکان لە دەستوری هەرێمی کوردستان وەك بەرزترین سەرچاوەی یاسایی لە رووی پاراستنی مافە مەدەنی وسیاسییەکان ومافە کۆمەلاٚیەتی وئابووری ورۆشەنبیرییەکانیان، زامن کردنی مافی ئەم نەتەوەیە زامنکردنی مانەوەیانە لە شوێنی دێرینی خویان وزامن کردنی ئەم تێکەڵییەیە لە پێکهاتەی جیاوازی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها پێویستدەکات کار بکرێت بۆ

**زەوییەکی زۆر لە موڵکی مەسیحیەکان وەك: (زەوی فرۆکەخانەی هەولێر) دەستیان بەسەردا گیراوە، بەڵام تاکو ئیستا قەرەبوو نەکراونەتەوە، هەروەها کێشەی دەستبەسەرداگرتنی زەوی هەندێك هاوڵاتی مەسیحی هەن، پێویست دەکات هەموو ئەم کێشانە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە ڕێگەی دادگاوە چارەسەر بکرێت.**

ڕێکخستنی یاسایی تایبەت بەخۆیان لە بواری باری کەسی دا.

هەرچەندە لە ساڵی (٢٠٠٩) وە (٨) کەنیسە مۆڵەتیان وەرگرتووە و بەڵام زەویەکی زۆر لە موڵکی مەسیحییەکان وەك زەوی فرۆکەخانەی هەولێر دەستیان بەسەردا گیراوە، بەڵام تاکو ئیستا قەرەبوو نەکراونەتەوە، هەروەها کێشەی دەستبەسەرداگرتنی زەوی هەندێك هاوڵاتی مەسیحی هەن، بە تایبەتی ئەوانەی لە دوای (٢٠٠٣) گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان، پاش گەڕانەوەی ئەم خاوەن زەوییانە، داوای خاوەندارییەتی کردنی زەوییەکانیان دەکەن، بەڵام زەوییەکان لە ژێر دەستی کەسانی دیکەن و ئاوەدانیان کردۆتەوە، ئەمەش پێویست دەکات لە ڕێگەی دادگاوە چارەسەر بکرێت و ماف بۆ خاوەن ماف بگەڕێتەوە، بە شێوەیەك مافی هەردوو لایەن نەفەوتێت و جۆرێك لە ڕێککەوتن بکرێت لە نێوان خاوەن زەوییەکان و ئەوانەی زەوییەکانیان ئاوەدانکردۆتەوەو بەکاری دەهێنن، بەڵام خاوەن زەوییە مەسیحییەکان گلەیی ئەوەیان هەیە، کە هەندێك لە دەزگا حکومی و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی وەك (کشتوکاڵ) کێشە و گرفتیان بۆ دروستدەکەن و سستی دەنوێنن لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان بەمەستی هێشتنەوەی زەوییەکان لەدەست ئەو کەسانەی دەستیان بەسەردا گرتووە و هەروەها دادگا بڕیاری خۆی نەدات، ئەمەش ڕوویەکی زەقی گەندەڵی کارگێڕی و سەروەر نەبوونی یاسایە. [٩]

ئاشتەوایی ئاینەکان بنەمایەکی سەرەکی گرنگە کە دەبێت پیاوانی ئاینی هەموو ئاینەکان لە هەرێمی کوردستان بانگهێشتی بۆ بکەن، بۆ یەکتر قبوڵکردن وبڵاوکردنەوەی خوشەویستی و لێبوردەیی لە نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بە هەموو چین وتوێژ وئاینیکانی. ولەدوای ئەو دژایەتی کردن وتعدا کردنە سەر برایانی مسیحی وئێزیدی دەبێت مزگەوت وماموستایانی ئاینی مزگەوتەکان پەیامی خۆیان بە خەڵك بگەیەنن بۆ قبول کردنی ئاینی جیا لە ئاینی ئیسلام وڕێزگرتن لە جیاوازی وئازادی تاکە کەسی ونەهێشتنی توندڕەوی ورق وکینە وبڵاوکردنەوەی بناماکانی برایەتی وخوشەویستی وتەبایی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگا بە مامەڵەی مرۆڤانە ودوور لە جیاکاری لەسەر بنەمای ئاین و وەیان هەر بنەمایەکی دیکە بێت.

٢- **ئێزیدییەکان:** کۆمەڵێکی ئاینی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستن، لە عیراق لە چیای (شنگال) ونزیك پارێزگای (نینوی) وشارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن. بە پێی ئامارەکان ژمارەی ئیزیدییەکان لە هەرێمی کوردستان (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار کەسن.

---

(٩) لیژنەی باڵای فەتوا لە یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بە فەتوای ژمارە (٢١٦/٤ لە ٢٤/٤/٢٠١٦) ئەم حالەتەی تحریم کردووە. پاشکۆی ژمارە (٢).

دوای هێرشی گروپی تیرۆریستی داعش بۆ سەر ناوچەکە ودواتر هێرش کردنە سەر چیای شنگال لە مانگی (ئابی ساڵی ٢٠١٤) ئەم کۆمەڵە ئاینییە دووچاری چەندین جۆر شێوازی توندوتیژی وهێرشکردنە سەر ماڵ وگیانیان بوون، لە کوشتن وسەربرین وسوتاندن وکوشتنی منداڵ وژن وپیاو، ورفاندنی ژمارەیەکی زۆر لە ژن ومنداڵ وفرۆشتنیان لە بازارەکانی شاری (موصل) وشارەکانی ولاتی سوریا وشوێنی تر. لە رۆژی (٢٠١٤/٨/٣) نزیکەی (١٢٠٠) هاوڵاتی بێوەی ئێزیدی کوژراون و (٦٢٨٩) کەسیان رفێندراون، لەم ژمارەیە، (٣٥٢٩) لە رەگەزی مێ و (٢٨٦٠) لە رەگەزی نێرن و ژمارەی ئەو منداڵانەی باوك یان دایکیان لە دەستداوە (١٧٥٩) منداڵن. ژمارەی گۆرە بە کۆمەڵەکان کە هەر گۆرەی نزیکەی (٣٥) کوژراوی ئێزیدی تیادایە، گەیشتۆتە (٢٢) بیست و دوو گۆری بە کۆمەڵی قوربانیانی دەستی تیرۆرە لە پێکهاتەی ئێزیدی. هەروەها (٣٤٠,٠٠٠) سێ سەدو چل هەزار لە دانیشتوانانی شەنگال و (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار لە دانیشتوانانی ناوچەکانی بەعشیقە و بەحزانی و هەندێك شوێنی دیکە روویان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێم کردووە و ژمارەیەکیشیان رووەو تورکیا و سوریا ئاوارە بوون و نزیکەی (٧٥,٠٠٠) حەفتاو پێنج هەزار مرۆڤی ئێزیدی وڵاتیان جێهێشتووەو داوای پەنابەریان کردووە لە وڵاتانی ئەوروپا. بە پێی زانیارییەکان نزیکەی(١٤٠٠) منداڵ و لاو گیراون بە دەست ئەم گروپی تیرۆرستی (داعش) و وبەکار دەهێنرێن بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی وسەربازی لە رێگەی شوشتنەوەی مێشك وپرۆگرامکردنی مێشك بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی وکوشتن وسەربرین. تیرۆرستەکان (٤٤) مەزاری ئاینییان خاپور کردوە[١٠]، ئەمەش هێرش کردنە سەر کلتووری ئاینی ورۆشنبیرییە کە دژ بە بەها مرۆڤایەتێکانە و دژ بە مافی ئاینی نەتەوەیەکە کە هەر لە کۆنەوە هەن ومێژوویان دەگەرێتەوە بۆ مێژوویەك کە بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام بووە بە هەزارەها ساڵ. ئێزیدیەکان تاکو ئێستا نوێنەری تایبەت بە خۆیان وەك ئاینێك لە پەرلەمانی کوردستان نییە.

> **لە ئەنجامی هێرشی تیرۆرستانی (داعش) بۆ سەر ناوچەکانی پێکهاتەی ئێزیدی، تەنها لە رۆژی (٢٠١٤/٨/٣) نزیکەی (١٢٠٠) هاوڵاتی بێوەی ئێزیدی کوژراون و (٦٢٨٩) کەسیان رفێندراون، و (٣٤٠,٠٠٠) لە دانیشتوانی شنگال و (٦٠,٠٠٠) لە دانیشتوانی بەعشیقە و بەحزانی ئاوارە بوون. (٤٤) مەزاری ئاینی ئێزیدییەکان خاپور کراون.**

(١٠) بۆ زانیاری زیاتر بروانە پاشکۆی ژمارە (١).

٣- **پێکهاتەی تورکمان**: نەتەوەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی سەرەکین و بەشداری دیاریان هەیە لە رابوردو و ئیستادا لە هەموو کایەکانی ژیان. وەك مافی سیاسی ونوێنەرایەتیکردن لە پەرلەمان و وەرگرتنی پۆستی ئیداری. لە کابینە یەك بەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیریان هەبووەو هەیە و لە پەرلەمانی کوردستان پێنج نوێنەریان هەیە. تورکمانەکان لە بواری مافی خوێندن لە هەرێمی کوردستان هیچ گرفتێکیان نیە و چەندین قوتابخانە و دەزگای خوێندن و پەروەردەکردنیان هەیە وبە ئاشتەوایی لەگەڵ خەڵکانی دیکەی هەرێمی کوردستان ژیان بەسەر دەبەن.

بەڵام لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و بەتایبەتی لەدوای داگیرکردنی شاری (موصل)، بەسەدان کەس لە خەڵکی تورکمان کوژران ورفێندران ومولك وماڵیان بە تالآن بردرا، وژمارەیەکی زۆریان ئاوارە بوون بۆ هەرێمی کوردستان وولآتی تورکیا، ژمارەی ئاوارە تورکمانەکان نزیکەی (٣٠٠,٠٠) کەس دەبێت، نزیکەی( ٣٠٠٠) تورکمان کوژراون و ( ١٠٠٠) کەسیان بێسەروشوێنن و و (١٨٠) ژن و (٦٤) منداڵیان رفێندراون.

٤- **پێکهاتەی شەبەك**: ئەم پێکاهتەیە نیشتەجێی ناوچەکانی دەشتی نەینەوان لە نزیکەی ( ٧٥ ) حەفتاو پێنج گوند نیشتەجێن، هەرچەندە داتای فەرمی دەربارەی ژمارەیان لە عێراق نیە، بەڵام بەپێی هەندێك توێژینەوە ژمارەکەیان لە ئێستادا لە نێوان (١٠٠,٠٠٠ – ١٥٠,٠٠٠) سەد هەزار تاکو سەدوپەنجا هەزار کەس دەبێت، وبەپێی سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عێراق بۆ ساڵی ( ١٩٧٧ ) ژمارەکەیان ( ٨٠,٠٠٠ ) هەشتا هەزار کەس بوو.

لە دەرەنجامی شەڕی تیرۆر بە تایبەتی لە ناوچەکانی نێشتەجێبوونی پێکهاتەی شەبك، زۆرینەیان ناوچەکانی خۆیان جێهێشتوە بەرەو سنوری هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق، بە رێژەی ( ٨٠٪ ) روویان لە هەرێم کردووە و (٢٠٪ ) بە ناوچەکانی دیکەی عێراق بڵاوبونەتەوە. ژمارەی قوربانیانی شەبەك لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ئیستا ( ١٣٦٨ ) هەزارو سێ سەدو شەست و هەشت کوژراویان هەیە، لە دوای هێرشی رێکخراوی ( داعش ) بۆ سەر ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا لە ساڵی ( ٢٠١٤ )وە، ( ٣٠٨ ) سێ سەد و هەشت کەس لە پێکهاتەی شەبك رفێندراون وهەروەها مولك وماڵی پێکهاتەی شەبەك بەتاڵان براوە. ئەم پێکهاتەیە تاکو ئێستا کێشەی یەکلابوونەوەی ناسنامەیان هەیە لە رووی نەتەوەیی و لە رووی ئاینییەوە، هەروەها نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان نییە.

٥- **ئاینی زەردەشتی** : کە بە ئاینی کۆنی میلەتی کورد ناسراوە ومێژووی دەگەرێتەوە بۆ زیاتر لە سێ هەزار ساڵ لە کوردستان کە ئاینی ئیمپراتۆریەتی ساسان وئەخمین وبارپەکان بوە. خاوەن کتێبی بیرۆزی (ئاڤێستا) بوونە کە بە زمانی میدیایی نووسراوەتەوە وبەردی بناغەی زمانی کوردی بووە، وەك مێژوویەکی ئاینی ورۆشەنبیری

کورد دەبێت بپارێزرێت. لە ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا دان بە مافی ئاینی ورۆشەنبیری زەردەشتیەکان دراوە، وئێستا لە شاری سلێمانی ودهۆك ئەنجومەنێکی تایبەت دامەزراوە بە زەردەشتییەکان لەسەرەتای ساڵی (٢٠١٥) بە ناوی (ئەنجوومەنی زەردەشتی) کە هەوڵ دەدەن باوەڕ ورۆشنبیرییەکانی ئەم ئاینە کۆنە بناسێنن. وهەوڵ دەدەن بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی پەرستگاکانیان بۆ ئەوەی بناسرێت وبمێنێت وەك مێژویەکی ئاینی ورۆشنبیری وکەلتوری میللەتی کورد. ئەمەش نیشانەیەکی باشە بۆ پاراستنی تێکەلی ئاینی ورۆشەنبیری لە هەرێمی کوردستان وپێویستدەکات پەرلەمان و حکومەتی هەرێم ئەم گیانی پێکەوە ژیان و ئازادای بیروڕا ویەکتر قبولکردنە لە هەرێم بپارێزێت و تۆکمەتری بکات.

٦- **کاکەییەکان:** کەمینەیەکی ئاینی کە ژمارەیان لە هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار کەس. شوێنەکانیان لەعیراق لە پارێزگای نەینەوا، ولە بەرتەللە وصفەیە ووردگ ولە پارێزگای کەرکوك وداقوق وتۆبزاوە ولە ناو شاری سلێمانی وناوچەی هەورەمان هەلەبجە وخانەقین ومەندەلی ولە هەولێر ودەوروبەری وناحیەی خەبات وچەند شوێنی دیکە کە تا ئێستا ئەم کەمینە ئاینیە دووچاری جۆرەها شێوازی جیاکاری کراونەتەوە وبێبەش نەبوونە لە ئاوارەبوون ولە دەستدانی ماڵ وشوێن وسەرو سامانیان بە تایبەت لەدوای هێرشی گروپی ترۆریستی داعش بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی عیراق. ئەمە وجگە لە جۆرەها کێشەی کۆمەلأیەتی وقبول نەکردن لە لایەن کۆمەڵگاوە وەك ئاینێکی جیاوازلە ئاینی زۆرینە. بەلأم لە هەرێمی کوردستان بارودۆخی کاکەییەکان لە رووی ئاینی و سیاسی وکۆمەلأیەتی وکەلتوری تا رادەیەکی زۆر باشە وجیاوازە لە ناوچەکانی دیکەی عیراق، هەرچەندە نوێنەری تایبەت بە خۆیان لە پەرلەمانی کوردستان نیە.

٧- **ئەرمەن:** مێژووی نیشتەجێبوونی پێکهاتەی ئەرمەن - مەسیحی - لە هەرێمی کوردستان بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی ئەم پێکهاتەیە ڕووبەڕووی کوشتارگەی ناسراو بە ( سیفۆ) بوونەوە لە تورکیا لە ساڵی (١٩١٥)، ژمارەیەکیان روویان لە عێراق کردوو، هەندێکیان لەسنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی لە ناوچەی (زاخۆ) نیشتەجێ بوون.

لە دوای ساڵی ( ٢٠٠٣ ) لە پاش روخانی رژێمی عێراق، ئەم پێکهاتەیەش وەك برا مەسیحیەکانی دیکەیان لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم دوچاری کوشتن و ڕاگواستن و رفاندن و موڵکوماڵ بەتاڵان بردن بوونەوە و ژمارەیەکی زۆریان روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، زۆرینەیان بۆ پارێزگای دهۆك و نزیکەی ( ١٥٠ ) سەد و پەنجا خێزان بۆ پارێزگای هەولێر و چەند خێزانێکیشیان روویان لە پارێزگای سلێمانی کردووە. پێکهاتەی ئەرمەن – مەسیحی – لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرێکیان هەیە، هەروەها مافی خوێندن و چالاکی رۆشەنبیری و ئاینیان هەیە و

چەند کەنیسەیەکیان لە شاری دهۆك و زاخۆ هەیە و لە هەولێریش پرۆژەیەکی دروستکردنی کەنیسایەکی ئەرمەنی هەیە و زەوی بۆ تەرخانکراوە بەڵام دەست بە دروستکردنی نەکراوە.

٨- **صابئەی مندائی:** وەك پێکهاتەیەکی دیکەی ئاینی لە عێراق مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە بەر لە هاتنی ئاینی پیرۆزی مەسیح. بوونیان لە عێراق مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە ناوچەکانی ناوەڕاست وباشووری عێراق نیشتەجێبوونە، پیشەی سەرەکیان کە پێی ناسراون زێڕینگەرییە. ژمارەی ئەم پێکهاتەیە لە عیراق تا ساڵی(٢٠٠٣) دەگەیشتە (٧٥٠٠٠) حەفتا وپێنج هەزار کەس، کە زۆربەیان لە پاش ڕوداوەکانی شەڕی ئاینی وتایفەگەری لە عیراق دووچاری جۆرەها شێوازی جیاکاری ئاینی وتوندوتیژی بوون، لە کوشتن ورفاندن ودەست بەسەر مولك وماڵ داگرتن ودزینی سەروەت وسامان ودەرکردن لەو شارانەی کە لێی نیشتەجێ بوون ، وبەزۆر بە حجاب کردنی ژنانی ئەم پێکهاتە ئاینییە. وجۆرەها شێوازی توندوتیژی دیکە. کە هۆکار بوو بۆ بەجێ هێشتنی خەڵکانی صابئەی مەندائی بۆ ولاتی خۆیان وپەنابردن بۆ وڵاتانی دەرەوە، کە ژمارەیەکی زۆریان ڕوویان کردە وڵاتانی سوریا وئوردن وولاتانی دیکە. وژمارەیەکی کەمیان ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان وەك ناوچەیەکی ئارام کە چەندین ئاین ونەتەوەی جیاواز لە خۆ دەگرێت، لە کاتی ئێستادا ژمارەیان نزیکەی (٣٠٠-٤٠٠) سێ سەد تا ٤٠٠ کەس دەبن، نزیکەی (١٨٠) سەد و هەشتا خێزان لە شاری هەولێرن و (٨) هەشت خێزان لە شاری سلێمانی و (٤) چوار خێزان لە دهۆکن. ڕێوڕەسمی ئاینی خۆیان ئەنجام دەدەن کە ناسراوە بە (تعمید) و هەروەها بنکەیەکی ڕۆشنبیری تایبەت بەخۆیان هەیە لە شارۆچکەی عینکاوە لە هەولێر. ولەڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان ناوی ئەم پێکهاتەیە هاتوە بۆ زامن کردنی مافەکانیان بەڵام تاکو ئێستا نوێنەرایەتیان نییە لە پەرلەمانی کوردستان، ولە داودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان کێشەی ئەوەیان هەیە کە ناتوانن ڕاژەیان بگوازنەوە بۆ سەر میلاکی دامەزراوەکانی هەرێم، و لە ئەنجامی هاتنیان بۆ هەرێم مافە وەزیفیەکانیان لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم لە دەستداوە، بە گشتی ئەم پێکهاتەیە بارودۆخی ئابووریان باشە بۆیە گرفتیان کەمە.

٩- **بەهائیەکان وجوەکان:** لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (١٠٠) سەد خێزانی بەهائی دەژین و بەشێکیان لە وڵاتی ئێرانەوە هاتوون و هەرێمیان بە ناوچەیەکی ئارام بۆ خۆیان زانیوە. ئەم پێکهاتە داواکارییەکیان لە حکومەتی هەرێم هەیە بۆ ئەوەی مارەبڕین لە ڕێگەی ( ئەنجومەنی بەهائیەکان) وەك بەڵگەیەکی یاسایی قبوڵ بکرێت و دواتر لە دادگای باری شارستانی تۆمار بکرێت، داواکارییەکەیان لە وەزارەتی دادە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی. هەروەها پێکهاتەیەکی دیکەی هەرێم ئەوانەن کە بە ئایین (جو)ن، لەم پێکهاتە (٤٠) چل خێزان بە فەرمی خۆیان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ناساندوە، بەڵام ژمارەی ڕاستەقینەی خێزانە جوەکان بە زیاتر لە (١٠٠) سەد خێزان مەزەندە دەکرێت.

**به مەبەستی باشتر کردن و تۆکمەتر کردنی پێکەوە ژیان و برایەتی لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان ئەم ڕاسپاردە و پێشنیازانەمان هەیە:**

١- لە رووی پەروەردەییەوە ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندن کە باس لە روشنبیری ئاینی وئازادی ئاین وبیر ویەکتر قبولکردن بکات. هەروەها پێویست دەکات وەزارەتی خوێندنی باڵاو وتوێژینەوەی زانستی پلانی کردنەوەی بەشی تایبەت لە کۆلیژ و پەیمانگاکان دابڕێژێت تایبەت بە کەلتور و زمان و روشنبیری پێکاهاتە جیاوازەکانی کوردستان.

٢- نەهێشتنی ناوی ئاین لەخانەی ئاین لە رەگەزنامەی عیراقی یەکێکە لەو داواکاری وبابەتە گرنگانەی کە دەبێت پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیهەڵبستێت وەك شێوازێك بۆ ئازادی تاکەکەسی بۆ هەڵبژاردنی ئاین ونەهێشتنی جیاکاری ونەهێشتنی توندڕەوی لەسەر بنەمای ئاین، وەك چۆن لە مادده (١٨ و ١٩) ی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە.

٣- پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە رەشنووسی دستوری هەرێمی کوردستان ویاساکان هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئەم کەمینە نەتەوەیی وئاینیانە لە هەرێمی کوردستان، لە رووی زمان وئاین ورۆشەنبیری وکلتوری وبەشداری سیاسی وئیداری ، وپاراستنی مولك وئەرزی خاوەنەکانیان، ورێگەگرتن لە داگیرکردنیان لە لایەن سەرمایەدارانی هەرێمی کوردستان کە بە گەندەلی وکاری نایاسایی دەست بەسەر زەوی ومولکی خاوەنەکانیان دەگرن وئەرزەکان بە گەندەڵی ونایاسایی بەسەر خۆیاندا دابەش دەکەن بە تایبەت لە گوند وشوێنی زەوییە کشتوکاڵییەکان، ئەمەش گۆڕینی دیمۆگرافی لێدەکەوێتەوە.

٤- لە رێگای رێکخراو وکۆمەڵە وحزب ولایەنەکانی مەسیحی ویەزیدی وکاکەیی وگشت پێکهاتەکانی دیکە پێویست دەکات جەخت بکەن وسوور بن لە بەشداری سیاسی وسوور بن لەسەر مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەیی وئاینییەکانیان بە یاسا ولە دەستوردا و هەروەها نوێنەرایان وەك (کۆتا) هەبێت لە پەرلەمانی کوردستان.

٥- رۆڵی گرنگی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی بۆ دانانی ستراتیجیەتی کار بەمەبەستی گەیاندنی بیری ئاشتەوایی لە نێو ئاینەکان بە دەرکردنی رێنمایی پێویست بۆ مامۆستایانی ئاینی بەگشتی و وتاربێژانی مزگەوتەکان بە تایبەت لە ووتاری رۆژی هەینی کە رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە گەیاندنی بیروباوەڕ بۆ خەڵکی، کە زۆر جار دەبینین ودەبیستین مامۆستایی ئایینی رۆڵی نەگەتیف دەبینن وبیری توندڕەوی لە نێو خەڵکی بلاوەدەکەنەوە بەرامبەر ئایینەکانی دیکە، کە پێویست دەکات لە لایەن وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینییەوە سزای ئەو جۆرە مامۆستا ئاینیانە بدرێت کە لە رێگای وتارەکانیانەوە دەبنە هۆکارێك بۆ بلاوکردنەوەی بیری توندرەوی و هەروەها ئەو منبرو ناوەندانە دابخەن کە بە پێی

یاسا کار ناکەن و هەروەها بە مەبەستی دوور لە پیرۆزی ئایینەکان و مرۆڤدۆستی بەکار دەهێندرێن.

٦- ڕێکخستنی چالاکی ئایینی لە ناوەخۆ و هەروەها بەشداریکردنی پیاوانی ئاینی لە چالاکییە ئاینییەکانی دەرەوەی هەرێم لە ڕێگەی فەرمانگەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینییەوە بێت و دەزگا پەیوەندیدارەکان لێیەوە ئاگاداربن. چونکە ئەوەی تێبینیکراوە چەندین چالاکی هەن لە لایەن کونسولگەری ئێران لە هەولێر و سلێمانی ئەنجامدەدرێت بێ ئاگاداری و وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی بەپرس و پەیوەندیدار هەروەها داوەتکردنی هەندێك لە پیاوانی ئایینی بۆ دەرەوەی هەرێم بە هەمان شێوە، ئەمەش مەترسی هەیە و دەبێت لەسەر ئاشتەوایی و پێکەوە ژیانی پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێم و پابەندنەبوونە بە سەروەری یاسا.

هەروەها لەسەر وەزارەتی ناوخۆ وهێزە ئەمنیەکانی هەرێمە سەروماڵی هاولاتیان بپارێزێت، بە تایبەت لەو دۆخەی ئێستای عیراق بە گشتی وهەرێمی کوردستان بە تایبەتی، بە تایبەت هاولاتیانی مەسیحی وئێزیدی وتورکمان وهەر پێکهاتەیەکی دیکەی نەتەوەیی و ئاینی لە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

**پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی وئاینیەکان بەشێکە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی، کە خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی مافی ئاینی ورۆشنبیری وکەلتووری وپاراستنی زمان وپاراستنی ناسنامەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك کە بە کەمینە هەژمار دەکرێن لەهەر کۆمەڵگایەك بەبێ جیاوازی وجیاکاری.**

## کەمئەندامان

تـــا ئێســـتا یاســـای مـــاف و ئیمتیـــازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتی (ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١) لـە هـەرێمی کوردسـتان بەشـێوەیەکی دروسـت جێبـەجێ نـەکراوە کـە بەشـێکی زۆر لـە مافـەکانی خـاوەن پێداویسـتە تایبەتـەکان و کـەم ئەندامانی دابین کردووە، ئەمەش واپێویست دەکات هـەوڵ بـدرێت بـە زووتـرین کـات بخرێتـە بـواری جێبەجێکردن.

لە ماوەی ئەم قەیرانـە دارایـیەدا سەرەڕای کـەمی مووچـەکانیان هـەردەم لـە وادەی مانگانـەی خۆیدا موچەکانیان دابـەش ناکرێت بـە جۆرێك کە زۆربـەیان لـە بـارودۆخێکی دژواری ئابووریـدا ژیـان بەسەر دەبەن.

ڕەچاویی تایبەتمەندی ئەم توێژە نەکراو لە کاتی داڕشتنی نەخشەی ڕێگاوبـان هـەروەها زۆربـەی باڵەخانەکان و قوتابخانەکان و تەنانـەت هەنـدێك لـە مارکێتـەکان پێویسـتە ڕێگـای تایبـەتیان بـۆ تـەرخان بکرێت بۆ هاتووچۆ کردنیان. هەروەها هـەوڵی ئـەوە نـەدراوە کـە لـە کـاتی دابـین کردنـی هـەلی کـار دەرفەتێکی تایبەتیان بۆ بڕەخسێندرێت و ڕێژەیەکی تایبەت بۆ کەمئەندامان دیاریبکرێت لەو کارانەی لـە تواناییاندایە ئەنجامی بدن.

تا ئێستا ڕێکخراوەکانی خاوەن پێداویستیە تایبەتـەکان کـە ژمارەیـان دەگاتـە (٢٧)ڕێکخـراو، لـە چوارچێوەی ڕێکخراویکی نیشتیمانی وەیان لە ژێـر چـەتری فیدراسـیۆنێکی یـەکگرتوو خۆیـان ڕێـك نەخستووە و پەرتەوازەییان پێـوە دیـارە، لـە ئێسـتادا لە ژێر چاودێری پرۆگرامی گەیشتن بە دادپـەروەری (USAD) ئـــەمریکی هەســـتاون بـــە دانـــانی فیدراسیۆنێك بەڵام تا ئێستا دەستبەکار نەبووە هـەر چـەندە هـەوڵ دەدرێـت تـا کۆتـایی هـاتن بـە وادەی تـەواو بـوونی ئـەم پرۆگرامـە ڕێـك بخـرێن لەسـەر ئاستی پارێزگاکان.

هـــەروەها لـــە کـــاتی دروســـت بـــوونی قوتابخانەکان پێویستە ڕەچاویی ئەم توێـژە بکرێـت بـە شـێوەیەك دروسـت بکرێـت کـە قوتـابی خـاوەن پێداویستی تایبەت بتـوانن بـە شێوەیەکی ئاسـان لـە قوتابخانـــەکان درێـــژە بـــە خوێنـــدنیان بـــدەن. لـــە قوتابخانە کۆنەکان بە هیچ شـێوەیەك ڕەچاویی ئـەم تایبەتمەندیانە نەکراوە بـەڵام لـەو قوتابخانانـەی کـە تازە بنیات دەنرێت تا ڕادەیەك هەوڵدراوە ڕەچاویی ئەم خاڵانە بکرێت و هەروەها پێویستە ئۆتۆمـۆبیلی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت بۆ هاتووچۆ پێکردنیان لە نێوان ماڵ و قوتابخانەکانیاندا.

## هاتووچۆ وڕێگەوبان

بەهۆی ئەو مەترسی ولێکەوتە خەراپانەی لەڕووداوەکانی هاتوچۆ دەکەێتەوە، میدیاکان دەستەواژەی (مەرگی سپی) بەکاردەهێنن بۆقوربانیەکانی ڕوداوەکانی هاتووچۆ، بە جۆرێك بەرزبونەوەی ڕۆژ بە ڕۆژی ژمارەی قوربانیان ئاماژەیەکی ترسناکە ودەرخەری ئەوەیە کەهۆکار وکێشە وگرفتی زۆرهەن بۆبەرزبونەوەی ئەوڕێژەیە، ڕوداوەکانیش کاریگەری نەرێنی هەبووە بۆسەر تەواوی بوار ولایەنەکانی ژیان.

یاسای هاتووچۆی عێراقی ژمارە (٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤) لە هەرێمی کوردستانیشدا کاری پێدەکرێت، ئەم یاسایە پێویستی بەهەموارکردنەوەی زۆر هەیە، دیارترینیان ئەوەیە یاساکە کێشەی پێکدادان وتەواوی ڕووداوەکانی دیکەی هاتوچۆی بەتەواوی چارەسەر نەکردووە، بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی قوربانی وگیان لەدەستدانی مرۆڤەکانی لێدەکەوێتەوە بەجۆرێك پێویستە تاوانبار وقوربانی لێکتر جیابکرێنەوە، چونکە مەرج نیە هەموو کات شوفێری ئۆتۆمبێلەکان خەتابار بن، بەو پێیەی زۆر کات دەکرێت ڕووداوەکان هۆکارەکەی پیادەکان بن بەهۆی پابەند نەبونیان بە ڕێنمایەکانی ڕۆیشتن وپەڕینەوە ڕەچاونەکردنی هێماکانی هاتووچۆ.

ئەرکی و بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆیە بە هەماهەنگی و هاوبەشی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ڕێگەی ئەم زنجیرە کار وڕێوشوێنانەوە هەوڵی ڕەخساندنی بزاوتێکی هاتوچۆی سانا و سەلامەت و تۆکمە دابین بکات لە ڕێگەی:

- دابەشکردنی ڕێگاو بانەکان لە ڕێگەی هێماکانی هێلکاری و هێماکنی هاتووچۆ، بۆ

دیاردەی هێنانە پێشەوەی منداڵ لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکان وسوارکردنی منداڵان لەشوێنی دواوەی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان، ژیانی منداڵانی خستۆتە مەترسی و زۆر کاتیش کارەساتی دڵتەزێنی لێکەوتۆتەوە، ئەوەش دەخوازێت هەڵمەتی هۆشیاری ئەنجام بدرێت ومەترسیەکانی ئەم کارە بۆ دایکان وباوکان ڕونبکرێتەوە.

هاتووچۆ کردن و رێنوێنیکردنی شوفێرەکان.

- چارەسەرکردن و رێکخستنەوەی ئەو خراپی و چاڵ و تێکچوونە زۆرەی لە شەقامەکان هەن، هەروەها دروستکردن و رێکخستنەوەی (رەمپە)کان لە شەقامەکان بەشێوەیەکی نازانستیانە و دیراسەکراو.
- چارەسەرکردنی نەبوونی شوێنی پەڕینەوەی وەیان پردی پەڕینەوەی فەرمی و نیشانکراو بۆ هاوڵاتیان.
- کامیراکانی چاودێریکردنی خێرایی رۆیشتنی ئۆتۆمۆبیلەکان زیاتر بۆ وەرگرتنی (غەرامەیە) نەبێت، بەڵکو بۆ کەمکردنەوەی خێرایی و پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و ئاگادارکردنەوە شوفێرەکان بۆ کەمکردنەوەی خێرایی ئۆتۆمۆبیل و پابەنبوون بە رێنماییەکانی هاتووچۆ بێت.
- تا ئێستا هیچ حالەتێکی وەرگرتنەوەی مۆڵەتی شوفێری لەسەر هیچ حالەتێکی یاساشکێنی شوفێران جێبەجێنەکراوە. ئەمەش پێویست دەکات لە رێگەی سیستەمێکی یاسایی تایبەت رێکخستن بۆ دابەزاندنی چەند نمرەیەك لە شوفێری سەرپێچیکار پەیرەو بکرێت، بۆ ئەوەی لە دەرەنجام ئەگەر کۆی ئەو نمرانە بگات بە ژمارەیەکی دیاریکراو ببێتە مایەی وەرگرتنەوەی مۆڵەتی لێخوڕین لە شۆفێرەکە.
- پابەندبوونی هەمووان، پۆلیسی هاتووچۆ و شۆفێر و کەسانی ئاسایی و بەرپرسان و ئۆتۆمۆبیلە حکومی و ئەهلییەکان بە یاسا و رێنماییەکان، بێ لەبەر چاوگرتنی پەیوەندی کەسی و بەرپرسیاریەت، بەڵکو هەمووان ملکەچی یاسا بن و سەروەری یاسا پارێزراو بێت.

زۆرێك لەورووداوانەی کە گیان لەدەستدانی مرۆڤەکانی لێدەکەوێتەوە لەرێگەی پەنا بردنەبەر (صولحی عەشایری)ەوە چارەسەردەکرێن، ئەمەش دژە لەگەڵ بنەمای سەروەری یاساو لەو ڕووەوە رۆل وکاریگەری دادگا بەلاواز دەبینرێت.

یەکێکی تر لەوگرفتە سەرەکییانەی کە ڕووبەڕووی کەرتی هاتووچۆ بۆتەوە لەهەرێمی کوردستان، نەشیاوی وخەراپی ڕێگاوبانەکانە بەتایبەت لەڕووی نەبوونی پردی پەڕینەوە لە هەموو شوێنە سەرەکیەکان، ئەمەش پێویست دەکات بەرلەدانان ودەرکردنی یاساو ڕێنمایەکانی پەیوەست بە هاتووچۆ، لایەنە پەیوەندارەکان ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە سەلامەتی گیانی هاوڵاتیانەوە هەیە جێبەجێ بکەن.

لە پاشکۆی ژمارە (١٦/خ) لەیاساکەدا هاتووە کە ناکرێت منداڵان لە کورسی تەنیشت شوفێر دابنرێن بەبێ ئەوەی یاساکە ئاماژەی بە پێویستی دابینکردنی (کورسی ئەمان)کردبێت لەکورسیەکانی

دواوەی ئۆتۆمبێلەكان، ئەمەش تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ (پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری كۆمەڵایەتی وكلتوریەكان)، كە عێراق لەساڵی (١٩٦٧)دا واژووی كردووە ولەمادەی (١٠)ی پەیماننامەكەدا ئاماژە بەپێویستی گرتنەبەری رێگاكانی تایبەت بەپاراستنی سەلامەتی گیانی منداڵان وهەرزەكاران كراوە بەبێ جیاوازی. بەڵام ئەوەی لە سەر زەمینی واقیعدا دەبینرێت بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەیە. دیاردەی هێنانە پێشەوەی منداڵ وسواركردنی منداڵان لەشوێنی دواوەی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەكان ژیانی منداڵانی خستۆتە مەترسی وزۆر كاتیش كارەساتی دڵتەزێنی لێكەوتۆتەوە، ئەوەش دەخوازێت كە زنجیرەیەك هەڵمەتی هۆشیاری ئەنجام بدرێت ومەترسیەكانی ئەم كارە بۆدایكان وباوكان ڕونبكرێتەوە، پێویستیش دەكات رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی ومیدیاو زانایانی ئاینی لەم بوارەدا رۆڵی پێشەنگ ببینن.

هۆكارێكی سەرەكی دیكەی بەرزبوونەوەی رێژەی ڕووداوەكانی هاتووچۆ و گیان لەدەستدانی هاوڵاتیان، بریتیە لەخراپی رێگاكانی دەرەوەی شارەكان بەتایبەت دوای شەڕی گرووپی تیرۆرستی(داعش) بەشێك لەرێگا سەرەكیەكانی تێپەڕبونی بارهەڵگرەكان گیران وئێستا ئەوبارهەڵگرە گەورانە هاوشانی ئۆتۆمۆبێلی ئاسایی بەرێگاكاندا هاتووچۆ دەكەن وهۆكارێكی سەرەكین بۆ زیاتر خراپبوونی رێگاكان. گومانی تێدانیە كە ئەو قەیرانە داراییەی كەڕووبەڕووی هەرێمی كوردستان بۆتەوە بۆتە هۆی پەكخستنی ژمارەیەك پرۆژەی گەورەی بواری رێگەوبان، وێڕای ئەمەش ناكرێت ئەم قەیرانە بكرێتە پاساوی دەست هەڵگرتن لەجێبەجێكردنی ئەو پرۆژانە یاخود چاك نەكردنەوەی ئەو رێگاوپردانەی كە هەن، چونكە بەپێی بەشی(١١) لەیاسای هاتووچۆ ئاماژەی بەوەدراوە كەپێویستە رێژەی (٥٠٪) لە داهاتی بەرێوەبەرایەتیەكانی هاتووچۆ لە بودجەی گشتی دا بخرێتە بەردەست وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی بەكارهێنانی ئەوپارەیە بۆ بواری سەلامەتی هاتووچۆ.

ئەو سیستەمەی لە ئێستادا پەیڕەودەكرێت بۆ پێدانی مۆڵەتی شوفێری، ناتوانێت توانای ڕاستەقینەی شوفێرەكان دیاربخات وبەتەواوی ئامادەی بكات بۆ شوفێری كردن بەشێوەیەكی رێكوپێك، هەروەك چۆن لەشەقامەكاندا ئەوە بەدی دەكرێت كە زۆرینەی شوفێرەكان پابەند نین بەیاسا ورێنمایەكانی هاتوچۆ، بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بەوسیستەمەدا بكرێت وپەیوەندی كردن بە (فێرگەی لێخورینی ئۆتۆمۆبێل)، وەك چۆن لەوڵاتەپێشكەوتوەكاندا پەیڕەو دەكرێت بكرێتە مەرجێكی سەرەكی بۆ پێدانی مۆڵەتی شوفێری بەجۆرێك فێرخواز لەوفێرگەیەدا ڕابهێنرێت لەسەر چۆنیەتی پیادەكردنی یاساو رێنمایەكان وچۆنیەتی شوفێری كردن بەشێوازێكی تەندروست وسەردەمیانە. ئەو سیستەمەی كەباسمان لێوەی كرد پێویستە شوفێرانی بارهەڵگر وتەكسیەكانیش بگرێتەوە چونكە زۆرینەی ئەوشوفێرانە بێ وەرگرتنی ڕاهێنان دەستیان بەوكارە كردووە، بەپێی

بەدواداچوونەکانی دەستەکەشمان هاولاتیان تیژڕۆیی شوفێرانی بارهەلگرو تەکسیەکان لەرێگاکانی دەرەوەی شارەکان بەهۆکارێکی سەرەکی دەزانن بۆزیادبوونی رووداوەکانی هاتووچۆ.

بلاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لەماتۆرسکیل لەنێو شەقامەکاندا دیاردەیەکی مەترسیدارە بۆسەر جولەی هاتووچۆ، بەجۆرێك زۆرینەی ئەوانەی کە ئەو ماتۆرسکیلانە لێدەخورن لەتوێژی هەرزەکارانن وبەپێ یاسا ئەو مافەیان نیە ئەوئامێرە بەکاربێنن، تەنانەت ئەوانەی مافی بەکارهێنانیشیان هەیە مۆلەتی یاساییان نیە. ئەمە جگە لە پیادەنەکردنی مەرجەکانی سەلامەتی بۆ لێخورینی ئەو ماتۆرسکیلانە وێرای ئەمەش زۆربەیان بەبێ ژمارەن ولەکاتی ئەنجامدانی سەرپێچی یاسایدا ناتوانرێت بناسرێنەوە، بۆیە پێویستە لەسەر بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ رێوشوێنی یاسایی پێویست بگرنەبەر بۆ رێکخستنی ئەم بابەتە.

لەم ماوانەی دواییدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە تانکەری بارهەلگر بەتایبەت ئەوانەی بۆ گواستنەوەی سوتەمەنی بەکاردێن لەنێو کوچە وکۆلانەکانی شار وشارۆچککەکاندا بەدی دەکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی گەورە بۆسەر ژیانی هاولاتیان وپیسکردنی ژینگە وپێدانی وێنەیەکی ناشارستانی، پێویست دەکات گەراجی تایبەتیان بۆدیاری بکرێت لەلایەن شارەوانیەوە بەئامانجی دورخستنەوەی مەترسی لەسەر ژیانی هاولاتیان.

تیرۆرستان لەسەنگەردان بۆتێکدانی هێمنی وئاسایشی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە هەموو لایەك بەهاولاتیانیشەوە بەرپرسانە مامەلە لەگەل ئەو دۆخەدا بکەن وچاوکراوەبن بەرامبەر پلانی تیرۆرستان وهاوکاری دەزگا ئەمنیەکانی هەرێم بن، بوونی ژمارەیەك لە ئۆتۆمۆبێلی بێ تابلۆ هۆکارە بۆدەزەکردنی تیرۆرستان وبەکارهێنانی ئەو ئۆتۆمۆبێلانە بۆکردەوەی نەشیاو، ئەمەش پێویستە دەکات دەزگا ئەمنیەکان وەك چۆن لەرابردوودا بەوپەری چاو کراوەیی کاریان کردووە، ئاواش بە بەردەوامی رێ لەو ئۆتۆمۆبێلانە بگرن وڕووبەڕووی یاسایان بکەنەوە.

هەموو ئەم کەم وکورتیانەی کە لەسەرەوە خستمانە ڕوو پێویستی بە چارەسەری خێرا هەیە، یەکەم هەنگاویش بۆ ئەم چارەسەریە بریتیە لە ڕاگەیاندنی هەلمەتێکی نیشتیمانی بۆهۆشیارکردنەوەی هاولاتیان بەرێنمایی ویاساکانی هاتووچۆ، بەجۆرێك هاولاتی ئاشنا بکرێت بە پێویستی گرتنەبەری رێگاکانی خۆپاراستن لەرووداوە ترسناکەکانی هاتووچۆ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ناوەندە ئەکادیمی ومیدیایەکان رۆلی پێشەنگ وکاریگەر ببینن.

# داعش وتیرۆر

سەرەتاکانی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٤) بە ناوی ( تنفيم القاعده في بلاد الرافدين)، پاش ئەوەی چەندین گروپی دیکەی تیرۆرستی چونە پاڵیان و بە تەشەنەکردنی چالاکییەکانیان لە سوریا لە دەرەنجامی کێشەی سوریا، لە ساڵی (٢٠١٣) دەوڵەتی ئیسلامی لە (عێراق و شام)یان ڕاگەیاند (داعش)، وە لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٧/٢٩) داعش سیستەمی خەلافەتی ئیسلامیان لەسەر ئەو ناوچانەی عێراق و سوریا ڕاگەیاند کە لە ژێر کۆنترۆلیاندا بوو. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستییە بێ سڵەمینەوە گەورەترین پێشێلکاری دەرحەق بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجامداوە، بە پێی بڕیاری ژمارە (٢١٧٠) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە گروپێکی تیرۆرستی وێناکراوە[١١].

بە گوێرەی گوتە و ئەو تۆمارە دەنگی و گرتە ڤیدیۆیانەی ئەو کەسانەی لە دەست ئەم ڕێکخراوە دەربازیان بووە و هەروەها قوربانیانی دەستی ئەم گروپە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی (داعش)، کەسانی سڤیل ڕووبەڕووی هێرشی بێ پەروای داعش دەبنەوە بۆ سەر ماف و ئازادییە سەرەکییەکانیان لە ئازادییە ئاینیەکان و ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوەو پێکهێنانی کۆمەڵە و هەموو ئەو ئازادییانەی دیکە کە یاسای نێودەوڵەتی لە ئەستۆی دەگرێت. لەگەڵ جێبەجێکردنی سزادانی جەستەیی سەخت لەسەر بنەمای ڕاڤەکردنی هەڵە و توندڕەوانەیان بۆ یاسا شەرعییەکان، لە کوشتن بە چەندین شێوازی هۆڤانە لە سوتاندن و سەربڕین و ...هتد وە هەروەها دارکاریکردن و سەرانە وەرگرتن و ...هتد، هەموو ئەمانە بۆ ترساندنی خەڵك و کپکردنی دەنگە ناڕازییەکانن. هەروەها وە بە شێوەیەکی سیستەماتیك و بە ئەنقەست پێکهاتە ئاینی و ئاینزاکان و نەتەوەکانی لە عێراق کردۆتە ئامانج، وەك پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی و شیعە و کوردی فەیلی و تورکمان و شەبك و...هتد.

لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی داعش دایە، پێکهاتەکان ناچار دەکرێن بە هەڵاتن وەیان توانەوە، هەروەها باجیان لەسەر دەسەپێندرێت و شوێنەوارە مێژوویی و ئاینیە پیرۆزەکانیان خاپوردەکرێن ، بۆ نمونە لە شاری موصل و دەشتی نەینەوا ( ٣٢) سی و دوو کەنیسە و شوێنی ئاینی مەسیحی تەقێندراونەتەوە[١٢]. هەروەها (٤٤) چل و چوار مەزار وشوێنی ئاینی پیرۆزی ئێزیدیان تەقێندراوەتەوە[١٣]. هەروەها چەندین شوێن و مەزاری پیرۆزی کاکەییەکان تەقێندراونەتەوە. (داعش) دەستی بەسەر خانووبەرەی ئەم پێکهاتانەدا گرتووە دابەشیکردوە بەسەر کەسانی سەر بە ڕێکخراوەکەیاندا.

ساڵی (٢٠١٥) ساڵێکی سەخت و پڕ کارەسات بوو دەرحەق بە منداڵان، لەم ساڵەدا (داعش) منداڵی وەك لەمپەری مرۆیی لە شەڕەکاندا بەکار هێناوە و بۆ کرداری خۆکوژیش منداڵی بەکار هێناوە، ئەمە جگە لە بازرگانی کردن بە جەستە و بە ئەندامانی لەشی منداڵان و بەزۆر کارپێکردنیان و بەکارهێنانی منداڵ لە جێبەجێکردنی کوشتن.

---

[١١] بۆ زیاتر و ووردتر دەربارەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە، بگەڕێوە بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بە سوریا، (حكم الرعب: الحياة في ظل الدولة الاسلامية في العراق والشام في سوريا ٢٠١٤).
http://www.ohchr.org/Documents/HRBodies/HRCouncil/CoISyria/HRC_CRP_ISIS_14Nov2014_AR.pdf

[١٢] بۆ زانیاری زیاتردەربارەی تاوانەکانی (داعش) بەرامبەر بە مەسیحییەکان لە تۆماری ناوی قوربانیان و شوێنە ئاینیەکانی کە کراون بە ئامانج، بڕوانە ئەرشیفی کۆمەڵەی عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئەمریکا، ( ضحايا الارهاب من المسيحيين الكلدان والسريان والأشوريين والأرمن في العراق، من عام ٢٠٠٣ ولغاية ٢٠١٤).

[١٣] بڕوانە پاشکۆی تایبەت بە بانگەوازێکی (ب.گ. ئێزیدیەکان/ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی)، بە ناوی (صرخة للانسانية).

# تەندروستی

کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان وەك پێویست نەیتوانیوە خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات، بە تایبەت لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥)، یەکێك لە هۆکارەکانی خراپی خزمەتگوزاری تەندروستی بایکۆتکردنی دکتۆر وکارمەندانی تەندروستییە لەبەر نەدان ودواکەوتنی مووچەکانیان. ئەمەش بوە هۆی خراپی خزمەتکوزاری تەندروستی لەلایەن ئەوانەوە بۆ هاوڵاتیان لە نەخۆشخانەکاندا، تەنها بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەکاندا کاری خزمەتگوزاری تەندروستیان ئەنجامداوە لە کاتی پێویست. ئەم خراپی بارودۆخەی نەخۆشخانەکانی حکومی وئامادە نەبوونی دکتۆر وکارمەندی تەندروستی لە کاتی دەوامی فەرمی خۆیان لە نەخۆشخانەکاندا، وای کردوە هاوڵاتیان بۆ وەرگرتنی چارەسەر ڕوو لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بکەن سەرەڕای گرانی نرخی چارەسەری لەو نەخۆشخانانە وگرانی نرخی دەرمان کە لەسەرەوەی توانای دارایی هاوڵاتیانە بەڵام بە ناچاری ڕوو لەو نەخۆشخانە تایبەتیانە دەکەن.

کەمتەرخەمی پزیشك وکارمەندانی تەندروستی بەرامبەر بە نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی هاوڵاتیان دەبێتەوە ولەئەنجامدا زۆر گیروگرفتی لێدەکەوێتەوە وکاریگەری خراپ ومەترسی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان دەبێت. یەکێك لە نموونەی کەم تەرخەمی پزیشك بەرامبەر بە نەخۆش، لە ڕێکەوتی شەوی(٢٦-٢٧ی ئایاری ٢٠١٥) ئافرەتێك بەمەبەستی منداڵ بوون دەچێتە نەخۆشخانەی (شەهید شەوکەت) لە قەزای سەید صادق، بەڵام لە ئەنجامی کەمتەرخەمی پزیشکی ئیشکگر لەو نەخۆشخانەیە ئافرەتەکە لە باخچەی نەخۆشخانەکە

> **لە ڕێکەوتی شەوی(٢٦-٢٧ی ئایاری ٢٠١٥)، لەبەر کەمتەرخەمی پزیشکی ئێشکگر، ئافرەتێك لە باخچەی نەخۆشخانەی (شەهید شەوکەت) لە قەزای سەید صادق، منداڵی دەبێت.**

منداڵی دەبێت بەبێ یارمەتیدانی پزیشك وکارمەندی تەندروستی. وە لە ڕێکەوتی (١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥) لە شاری هەولێر منداڵێك دەستی بەردەرگا دەکەوێت وبریندار دەبێت، لە کاتی بردنی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی (جمهوری) چارەسەری بۆ ناکەن وڕەوانەی فریاکەوتنی ڕزگاری

دەکەن ولەویش چارەسەری بۆ ئەنجام نادەن ورەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوای دەکەن ولەدوای کاتێکی زۆر لە چاوەروانی بەهۆی ئەوەی پزیشکی ئیشکگر لە کاتی دەوامی فەرمی خۆی لە نەخۆشخانە نابێت لە دوای پەیوەندی کردن بە دکتۆرەکە ئامادە دەبێت بۆ چارەسەری منداڵەکە.

ئەم نموونانە ودەیان حاڵەت ونموونەی دیکەی خراپی خزمەتگوزاری تەندروستی لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن پزیشکان وکارمەندانی تەندروستی کاریگەری خراپی بووە ودەبێت لەسەر هاوڵاتیان بە تایبەت چینی کەمدەرامەت کە تەنها ئەوان پێویستیان بە نەخۆشخانەی حکومی هەیە بۆ چارەسەرکردن لەبەر ئەوەی لە توانای دارایی هاوڵاتی ئاسایی هەرێمی کوردستان نیە روو لە نەخۆشخانەی تایبەت بکات لەبەر گرانی نرخی چارەسەری وپشکنین وبێ گومان لە تواناشی دا نییە روو لە نەخۆشخانەی دەرەوەی وڵات بکەن هاوشێوەی چینی باڵادەست ودەوڵەمەند کە بۆ مەبەستی چارەسەری رووی تێدەکەن. ژمارەیەکی زۆر لە پزیشکەکانی خاوەن نەخۆشخانەی تایبەت یان ئەوانەی کار دەکەن لە نەخۆشخانە تایبەتییەکان، چارەسەری نەخۆش ناکەن لە نەخۆشخانە حکومییەکان بەڵکو نەخۆش رەوانەی نەخۆشخانەی تایبەت دەکەن بە بیانوی نەبوونی ئامێر یان نەبوونی کات بۆ پشکنین، ئەمەش تەنها بە مەبەستی وەرگرتنی قازانجی زیاتر وەك جۆرێك لە بازرگانی کردن بە تەندروستی هاوڵاتی نەخۆشەوە. ئەمە سەرەرای مامەڵەی خراپی هەندێك لە پزیشکەکان لەگەڵ نەخۆش و بەکارهێنانی توندوتیژی زارەکی لەگەڵیان دوور لە پێوەرە مرۆڤایەتییەکان.

کەمی و کۆنی ئامێری پزیشکی وپشکنین کێشەیەکی دیکەیە کە هاوڵاتیان لێی دەناڵێنن وەك ئامێری تیشکی رەنگاورەنگ و(ئامێری رەنین) (CT scan) کە بەهۆیەوە ماوەی زۆر دادەنرێت بۆ پشکنینی نەخۆش، سەرەرای بۆنی حاڵەتی بەپەلە وپێویست بۆ نەخۆشەکان وئەگەری دروست بوونی مەترسی لەسەر ژیانی نەخۆش لە ئەنجامی دواکەوتنی پشکنینەکە بۆ مانگ ودوو مانگ وسێ مانگ وزیاتر

> رێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی وای دادەنێت ئەو وڵاتانەی کەمتر لە (٢٣) پزیشکیان هەیـە بـۆ هەر (١٠٠٠٠) دە هـــەزار هـــاوڵاتی ناتوانێــت رێــژەی دیــاریکراوی خزمــەتگوزاری پێشــکەش بــە هاوڵاتیـــانی بکـــات وهـــەرێمی کوردســتان لــەخوار ئــەو رێــژە دیاریکراوەیە.

لەوە، لەئەنجامی ئەمەش هاوڵاتی ناچار دەبێت روو لە نەخۆشخانەی تایبەت بکات بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو جۆرە پشکنینانە بە پارەیەکی زۆر ولەسەروەی توانای دارایی هاوڵاتیان.

نەبوونی ئامێری تیشکی لێزەر بۆ توشبووانی نەخۆشی (شێرپەنجە) کە ماوەیەکی زۆر دادەنرێت بۆ نەخۆش بۆ وەرگرتنی ئەم چارەسەرییە لە نەخۆشخانەی (هیوا) لە شاری سلێمانی، سەرەڕای گرنگی ئەم چارەسەرییە بۆ نەخۆشی شێرپەنجە بەڵام ناچار روو لە دەرەوەی وڵات دەکەن بۆ وەرگرتنی بە تێچوونی ماددی زۆر وئەستەمی سەفەر وڕووکردنە ئەو وڵاتانە.

کێشەی دارایی هەرێمی کوردستان وایکردوە لە ساڵی (٢٠١٥) لە بودجەی گشتی هەرێم، بودجەی تایبەت بۆ کەرتی تەندروستی تەرخان نەکرێت، وتەنها لەسەر داواکاری وپێویست بوون پارە بۆ ئەم کەرتە تەرخان کراوە. نەبوونی پارە وکێشەی دارایی ناکرێت وەك بیانویەك بهێندرێتەوە بۆ تەرخان نەکردنی بودجە بۆ ئەم کەرتە وخراپی بارودۆخی خزمەتگوزاری لە نەخۆشخانەکانی هەرێم، لەبەر ئەوەی لە ماوەی (٢٥) ساڵ حوکمڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی تایبەت هەبووە بۆ چارەسەری کەموکورتی ئەم کەرتە بەڵام تا ئێستا نەکراوە. لەلایەکی دیکەوە لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو (٥٠) نەخۆشخانەی تایبەت کراوەتەوە ونرخی چارەسەری لەو نەخۆشخانانە زۆر گرانە ولە توانای دارایی هاوڵاتی وتاکەکانی هەرێمی کوردستان وئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە وپەنابەرانەدا نییە ڕووی تێبکەن بە مەبەستی چارەسەری.

بەپێی ئەو ئامارانەی لە وەزارەتی تەندروستی بەدەستمان هێناوە:

- ڕێژەی نەخۆشخانەی حکومی بۆ (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کەس ( ١,٥) نەخۆشخانەیە.
- ڕێژەی نەخۆشخانەی تایبەت بۆ (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کەس (١) نەخۆشخانەیە.
- ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر نەخۆشخانەیەکی حکومی (٦٨٠٠٠) شەست وهەشت هەزار کەسە.

**لە ساڵی (٢٠١٥)دا، (٨,٢٧٦,٤٠٩) هەشت ملیۆن و دووسەد و حەفتاو شەش هەزارو چوار سەد و نۆ نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستانیان کردوە، ئەم ژمارەیە نیشانەیەکی دیارە بۆ خراپی باری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.**

- ڕێژەی پزیشکان بۆ هەر (١٠٠٠٠) دەهەزار کەس (١٣,١) دکتۆرە.

ئەم ڕێژانە لەخوار پێوەرە جیهانییەکانن، بۆ نموونە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وای دادەنێت ئەو وڵاتانەی کەمتر لە (٢٣) پزیشکیان هەیە بۆ هەر (١٠٠٠٠) دە هەزار هاوڵاتی ناتوانێت ڕێژەی دیاریکراوی خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیانی

بکات، وهەرێمی کوردستان لەخوار ئەو ڕێژە دیاریکراوەیە ووەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد بۆ هەر (١٠٠٠٠) کەس (١٣،١) دکتۆر هەیە، واتە بۆ هەر پزیشکێك لە هەرێمی کوردستان (٧٦٢) کەسە، لە کاتێکدا بەپێی پێوەرە جیهانییەکان ژمارەی دیاریکراو دەبێت (٤٣٥) کەس بێت بۆ (١) پزیشك. جگە لە ژمارە لە رووی پسپۆری پزیشکی لە هەرێمی کوردستان کێشە هەیە لە کەمی پسپۆری لە هەندێ بواری پزیشکی وزۆری لە هەندێ بواری دیکە.

ساڵی (٢٠١٥)دا، (٨،٢٧٦،٤٠٩) نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستانیان کردوە، ئەم ژمارەیە نیشانەیەکی دیارە بۆ خراپی باری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، نەبوونی هۆشیاری پزیشکی لای هاوڵاتیان وکزی ڕۆڵی حکومەت ووزارەتی تەندروستی ولایەنە پەیوەندیدارەکان لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان، هۆکارێکە بۆ زۆری ژمارەی نەخۆش، جگە لە خراپی باری دارایی وئابووری هاوڵاتیان کە وا دەکات هاوڵاتی لە توانایدا نەبێت لە رووی خۆراکەوە جەستەی خۆی بپارێزێت یان لە رووی پاراستن لە وەرزەکانی گەرما وسەرما، جگە لە کاریگەرییە ژینگەییەکان لە پیس بوونی هەوا وکاریگەری پاڵاوگە نەوتییەکان کە بە پێوەر کار ناکەن، وزۆر بوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل وپیس بوونی سیستەمی ئاو وئاوەڕۆ لە شارەکان، وبەکارهێنانی خۆراکی ماوە بەسەرچوو ودەرمانی خراپ کە لە لایەن کۆمپانیاکانەوە هاوردە دەکرێن بۆ هەرێم کە ژمارەیان ( ١٥٥) کۆمپانیا بووە لە ساڵی (٢٠١٥) ژمارەیەك لەم کۆمپانیایانە لەبەر سەرپێچی داخراون، هێنانی دەرمانی خراپ وماوە بەسەرچوو یان پارێزراو لە ژێر بارودۆخی ژینگەیی خراپ کە کاریگەری هەبووە بۆ سەر تێکچوونی دەرمانەکان ئەمەش مەترسی زۆری هەیە بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان لە هەرێم، لە ساڵی (٢٠١٥) ( ١١٩) تەن دەرمانی ماوە بەسەرچوو لەناوبراوە، کە

**لە وەزارەتی تەندروستی لە ساڵی (٢٠١٥)، ژمارەی سکاڵاکان (٨٠) سکاڵا تۆمارکراوە لە لایەن هاوڵاتیانەوە لەسەر پزیشك وکارمەندی تەندروستی ونەخۆشخانەکان، لەو ژمارەیە تەنها (٩) سکاڵا نێردراوەتە دادگای لێکۆڵینەوە، و (٣٣) دۆسیەی لێکۆڵینەوە داخراوە، و (٢٦) دۆسیەیە بەردەوامە بۆ لێکۆڵینەوە، و (١٣) حاڵەتی سزا هەبووە بۆ لایەنی پەیوەندیدار، و تەنها (١) نەخۆش قەرەبوو کراوەتەوە، و (٥) دکتۆر و (٥) کارمەندی تەندروستی سزا دراون. سزا هەبووە بۆ لایەنی پەیوەندیدار، و تەنها (١) نەخۆش قەرەبوو کراوەتەوە، و (٥) دکتۆر و (٥) کارمەندی تەندروستی سزا دراون.**

بێگومان بەشێکی زۆر لەو دەرمانانە بەر دەستی هاولاَتیان کەوتووە وبەکارهاتوە وکاریگەری خراپی هەبووە لەسەر تەندروستیان.

کێشەی نەبوونی نەخۆشخانەی دەروونی گونجاو بۆ لە خۆگرتنی حالَەتەکانی نەخۆشی دەروونی یەکێکە لە کێشە زەقەکانی ئەم سێکتەرە، لە هەرێمی کوردستان (٤) نەخۆشخانەی دەروونی هەیە لە ژێر بارودۆخی خراپ لە رووی بینا وکۆنی بینای تەرخانکراو، نموونەی ئەو شوێنەی تەرخان کراوە بۆ نەخۆشخانەی دەروونی لە شاری هەولێر کە لە رووی بیناوە بچوکە وپاکوخاوێنی نەپارێزراوە ولە رووی گەرم کردنەوە وساردکردنەوەی ژورەکانی کێشەی هەیە، وپرۆسەی وەرگرتنی نەخۆش لەم نەخۆشخانەیە کاتی زۆری پێدەچێت ومەرجی زۆری تێدایە ئەوەش لەبەر نەبوونی شوێن ولە توانا نەبوون بۆ وەرگرتنی ژمارەی زۆر لە نەخۆشی دەروونی، ئەمە جگە لە نەبوونی چارەسەری باش وخزمەتگوزاری دەروونی بۆ چاکبوونەوەی حالَەتەکان. ئەمەش پێشێلکارییەکی گەورەیە بەرامبەر بە نەخۆشی دەروونی لە هەرێمی کوردستان وپێویست دەکات لەسەر حکومەت نەخۆششخانەی تایبەت دابین بکات بە خزمەتگوزاری گونجا وباش بۆ لە خۆ گرتنی حالَەتەکانی نەخۆشی دەروونی.

بە پێی ئاماری وەرگرتراو لە وەزارەتی تەندروستی لە سالَی (٢٠١٥)، ژمارەی سکالاَکان (٨٠) سکالاَ تۆمارکراوە لە لایەن هاولاَتیانەوە لەسەر پزیشك وکارمەندی تەندروستی ونەخۆشخانەکان، لەو ژمارەیە تەنها (٩) سکالاَ نێردراوەتە دادگای لێکۆلینەوە، و (٣٣) دۆسیەی لێکۆلینەوە داخراوە، و (٢٦) دۆسیەیە بەردەوامە بۆ لێکۆلینەوە، و (١٣) حالَەتی سزا هەبووە بۆ لایەنی پەیوەندیدار، و تەنها (١) نەخۆش قەرەبوو کراوەتەوە، و (٥) دکتۆر و (٥) کارمەندی تەندروستی سزا دراون.

## مادده هۆشبەرەکان

لەم دواییانەدا هەرێمی کوردستان بەرزبونەویەکی مەترسیداری بەخۆوە بینیوە لەرێژەی بەکارهێنان وبازرگانیکردن بەمادده هۆشبەرەکان، ئەمەش دوای ئەوەهات کەعێراق بەشێوەیەکی گشتی دوای ساڵی(٢٠٠٣) بەهۆی بۆشایی ئەمنی ونەبوونی چاودێری توند لەسەر سنورەکان بووە بازارێکی بە برەو بۆساغکردنەوە وبەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، بەجۆرێك راپۆرتەکانی (نوسینگەی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکانی سەر بە نەتەوە یەیەکگرتوەکان) ئاماژە بۆئەوە دەکەن کەعێراق بۆتە وێستگە ورێرەو بۆ بەقاچاغ بردن وگواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان لەولآتانی ئێران وئەفغانستانەوە بۆ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، لەهەمان کاتدا هۆشداری ئەوەشیان داوە کە ئەگەر هەیە لەداهاتوودا عێراق ببیتە ولآتێکی بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان بەشێوەیەکی بەربلآو.

بەوپێیەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لەدەوڵەتی عێراق هەموو ئەو یاسایانەی کە لە عێراقدا لەو بوارەدا پەیرەو دەکرێن هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، تەنانەت ئەو رێکەوتنامە نێودەوڵەتیانەش کەعێراق پەسندی کردوون لەوبوارەدا، یاسای نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان ژمارە (٦٨)ی ساڵی ١٩٦٥ لە ئێستادا بەرکارە ولە دادگاکانی عێراق وهەرێمی کوردستان پەیرەودەکرێت، بەپێی ماددەی (١٣)ی یاساکە دەسەڵات دراوە بە وەزیری تەندروستی ماددەی بێ هۆشکەری زیاتر بخاتە خشتەی مادده قەدەغەکراوەکان، وەزیری تەندروستی هەریم ئەم دەسەڵاتەی بەکارهێناوە وبەپێی بەیانێك کە لە ساڵی (٢٠١٢)دا دەرکراوەو لەژمارە(١٤٧)ی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بلآوکراوەتەوە هەندێك مادده بۆ خشتەکە زیادکراوە.

کارکردن لەسەردۆسیەی مادده هۆشبەرەکان لەتایبەتمەندی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانە، بۆیە دەستخستنی ئامارو زانیاری ورد دەربارەی ژمارەی تۆمەتباران ورەگەز وتەمەنیان وئالودەبوان وبازرگانی پێکەران وهەر زانیاریەکی تر کارێکی ئاسان نیە، بەجۆرێك بوونی ئەو زانیاریانە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ توێژەران ولایەنە پەیوەندارەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە وپێشکەشکردنی رێگەچارەی گونجاو بۆحکومەت بەمەبەستی زاڵبون بەسەر ئەم دیاردە مەترسیدارە، چونکە تەنها لایەنی یاسایی وئەمنی بەس نیە بۆ

"بەرێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران لەسلێمانی نەبۆتە شوێنی چارەسەرکردن وشیاندنی ئالودەبوان بەڵکو بۆتە جێگای بەکارهێنان وبازرگانی کردن بەو ماددانە"

بەرگرتن بەودیاردەیە وپێویست دەکات هەوڵەکان لەتەواوی ئاستەکان بنرێن وهەموو لایەنە پەیوەندارەکان وەك یەك تیم کاربکەن وهەماهەنگی تەواو دروست بکرێت.

هۆکارگەلی زۆر هەن بۆ زیادبوونی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان کەدیارترینیان نەبونی هۆشیاریە بە مەترسیەکانی وبەتایبەتیش درك پێنەکردنی خێزان بەمەترسی ولێکەوتە خەراپەکانی ماددەهۆشبەرەکان زۆرکات وای کردووە کە هەرزەکارەکان توشی بەکار هێنان وئالودەبوون ببن.بێ کاری وئەودۆخە ئابووریە خەراپەی کەهەرێم پێیدا تێپەڕدەبێت پاڵنەرێکی ترە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بازرگانی کردن بەماددە هۆشبەرەکان وبەبەراورد بەساڵانی ڕابردوو ڕێژەی بەکارهێنان وبازرگانی پێکردن بەماددە هۆشبەرەکان ڕووی لەهەڵکشان کردووە.

دەرمانخانە بی ٔمۆڵەتەکان یاخود ئەوەی پێی دەگوترێت نۆرینگەکانی یاریدەدەری پزیشکی ڕوویان لەزیادبوون کردووە بەشێوەیەکی بەربڵاو کەبەشێکی زۆریان مافی مامەڵەکردنیان نیە بە دەرمانە پزیشکیەکان بەپێی یاسای تایبەت بە کاری دەرمانخانەکانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی (١٩٧٠)، کارمەندی تەندروستی دەسەڵاتی سنورداری هەیە، گرنگترینیان خۆی دەبینێتەوە لە پێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی وبرین پێچی و لێدانی دەرزی بەلاٚم بوونی هەندێك جۆر لە حەبی پزیشکی بێ هۆشکەر لە نۆرینگەکانیان ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ زیادبوونی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان چونکە دەتوانرێت بەبێ ڕەچەتەی پزیشك بکرڕێن ئەمەش تەواو پێچەوانەی یاسای ئاماژە پێکراوە وهەندێك لەونۆرینگە نایاسایانە تەنها هەوڵی دەست خستنی قازانج دەدەن بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی خەڵك.

مەترسی ماددە هۆشبەرەکان: تادێت مەترسیەکانی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان زیاتردەبێت ولێکەوتەکانی بەسەرکۆمەڵگاوە دەردەکەوێت بەجۆرێك زۆر لە تاوانەکان لەنموونەی: (دزی ودەست درێژی سێکسی وکوشتن بەهۆی تیژڕەوی ئۆتۆمۆبێل)لەژێر کاریگەری ماددەهۆشبەرەکان ئەنجام دەدرێن ئەمە جگەلە لێکترازانی خێزان و زۆربوونی حالەتەکانی لێکجیابونەوەی ژن ومێرد چونکە یاسای باری کەسی عێراقی (ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩) ئالۆدەبوونی بە یەکێك لەهۆکارەکانی لێکجیابوونەوە هەژمارکردووە. یەکێك لەتوێژە هەرە هەستیارەکانی کۆمەڵگا کەتوێژی گەنجانن زۆرترین هەڕەشەیان لەسەرە بۆبەکارهێنان وکەوتنە ژێرکاریگەری لێکەوتە خەراپەکانی ماددە هۆشبەرەکان بەپێی ئامارە نافەرمیەکان بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لەنێو توێژی گەنجان ڕوو لەهەڵکشانە. مەترسیەکانی ماددە هۆشبەرەکان کۆمەڵگای تێپەڕاندووەو گەیشتۆتە نێو چاکسازیەکان وەك بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی (نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان لەئاسایشی سلێمانی)لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند "بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران لەسلێمانی نەبۆتە شوێنی چارەسەرکردن وشیاندنی ئالودەبوان

بەڵکو بۆتە جێگای بەکارهێنان وبازرگانی کردن بەو ماددانە"، ئەم لێدوانەش قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێ وپێویستە دەزگا پەیوەندارەکان بەدواداچوونی جیدی بۆئەم بابەتە بکەن و ئەوانەی بونەتەهۆی ڕووادنی ئەم تاوانە گەورەیە ڕادەستی دادگابکرێن.

ئەومەترسیانەی لەسەرەوە خستمانە ڕوو هەرەشەیەکی جدین بۆسەر کۆمەڵگای کوردستانی لەتەواوی ڕووەکانەوە بەتایبەت بۆسەر ئاسایشی نیشتیمانی، بۆیەدەخوازیت کە کاری گەورە تر بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنان وبازرگانی کردن بەماددەهۆشبەرەکان، گرنگترین هەنگاوەکانیش لەوپێناوەدا خۆی دەبینێتەوە لە دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ بەرەنگاربونەوەی ماددەهۆشبەرەکان کەبتوانێت هاوتەریب بێت لەگەڵ ئە وسەردەمە، هەروەها بنیاتنانی دەزگایەکی تەندروستی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئالۆدەبوان هەنگاوێکی باش دەبێت بەئاراستەی بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان.

(( نووسینگەی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵانە یارمەتی دەنێرێت بۆ حکومەتی عێراقی، بەمەستی نەهێشتنی ئەم دیاردەیە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم یارمەتیانە بێ بەشە، ئەمەش بە دڵنیاییەوە لە تواناکانی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکە کەم دەکاتەوە)).

| جۆری ماددەی هۆشبەر | بڕەکەی |
|---|---|
| تریاك | ١٠.٣٩٣ کیلو گرام |
| هیروین | ٢.٢٨٢ کیلوگرام |
| حشیش | ٣١.٦٩٤ کیلوگرام |
| شیشە | ٣.١٨٩ کیلوگرام |
| حەبی پزیشکی بێ هۆشکەر | ١٢١٩٠ پارچە |

خشتەی ئەو ماددە هۆشبەرانەی کەدەستیان بەسەرداگیراوەلە پارێزگاکانی هەولێرودهۆك بۆسالی ٢١٠٥ (١٤)

| پارێزگا | ژمارەی تۆمەتباران |
|---|---|
| هەولێرو دهۆك | ٥٤٠ |
| سلێمانی | ٧٤ |
| هەڵەبجە | ١٥ |
| کۆی گشتی | ٦٢٩ |

خشتەی ژمارەی ڕاگیراوان بەتۆمەتی بەکارهێنان وبازرگانی کردن بەماددەهۆشبەرەکان

(١٤) ئامـــاری ئاسایشـــی گشـــتی هەرێم/هەولێر/بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان.

## پێشنیازەکان

وێرای جەخت کردنەوەمان لەسەر گشت ئەو پێشنیازانەی لە راپۆرتەکانی پێشوومانداا هاتوون وتاکو ئێستا جێ بەجێ نەکراون، ئەم پێشنیازانە سەرەڕای ئەو پێشنیازانەی لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا هاتوون، دەخەینە روو بەمەبەستی زیاتر و باشتر پاراستنی و پتەوکردنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

### یەکەم : بۆ پەرلەمانی کوردستان

١- کاراکردنەوەی پەرلەمان وپابەندبوون بە رێوشوێنە یاساییەکان وپاراستنی سەروەری یاسا.

٢- دەرچوواندنی ئەو یاسایانەی کە کاریگەریان هەیە بەسەر سەلامەتی هاولاَتیان ورێکخستنی کۆمەلگا.

٣- هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە، بەمەبەستی گونجاندینان لەگەلَ رێککەوتنامە وپێوەرە نێودەولەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و هەروەها باشتر کردنی ژیان و گوزەرانیان و زیاتر پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەلگا.

٤- بەرکارکردنی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی عیراقەوە دەردەچن وکاراکردنیان لە بەرژەوندی هاولاَتیانی هەرێمی کوردستان.

٥- لێژنەکانی پەرلەمان هەریەك وبە پێی تایبەتمەندی و سنووری ئەرکەکانی، هەماهەنگی وررووچوونی زیاتریان هەبێت لەگەلَ فەرمانگە وچین وتوێژەکانی کۆمەلگا بەمەبەستی گەیاندنی داواکاری وپێشنیازەکانیان بۆ پەرلەمان.

### دووەم: بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

١- پابەندبوون بە دەق و گیانی یاسا بەرکارەکان وپاراستنی سەروەری یاسا وشکومەندی تاکەکان.

٢- چڕکردنەوەی زیاتری تواناکان لە خزمەتکردنی کایە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەلگا وەك ( تەندروستی وپەروەردە وخوێندن وخوێندنی بالاَ، ولایەنەخزمەتگوزارییەکان... هتد) هەروەها تەرخانکردنی بوودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە بە باشترین شێوە.

٣- بەهەند وەرگرتنی کاریگەری ترسناکی بەکارهێنان ومامەلَە پێکردن وبازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، لە رێگەی چارەسەری یاسایی وتۆکمە کردنی رێوشوێنی قەدەغەکردنیان وگرتنەبەری رێوشوێنی تەندروست بۆ چارەسەری ئالَودەبوان وهۆشیارکردنەوەی کۆمەلگا لە مەترسییە

تەندروستی وئەمنی وکۆمەڵایەتیەکانی مادده هۆشبەرەکان.

٤- هەوڵدان بۆ پاراستن وبلاۆکردنەوەی زیاتری گیانی پێکەوە ژیان ولێبووردەیی ومرۆڤ دۆستی وڕێزگرتن وقبوولکردنی بیروڕای جیاواز وفرەئاینی لە ڕێگەی باشتر سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی ناوەندەکانی خوێندن وشوێنەکانی خواپەرستی وراگەیاندن و هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگا لە خزمەتی ئەم پرسەدا.

٥- پێداچونەوەی گشتگیر بۆ کەرتی میدیا بکرێت بە هەر سێ کەناڵی بینراو و بیستراو و خوێندراو، لەلایەنی یاسایی و تەکنیکی و زمانەوانی بۆ ئەوەی هۆکارێك بێت بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی گیانی ئاشتەوایی و دیموکراسی و وڵاتپارێزی و هۆکارێك بێت بۆ پاراستن و برەودان بە زمان و کەلتور و زانست و زانیاری و داهێنان.

٦- توندوتۆڵکردنی ڕێکارە ئەمنی و کارگێڕییەکان لە کەمپەکانی ئاوارەو پەنابەران بەمەبەستی نەهێشتنی دیاردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بەگشتی و بەدڕەوشتی و کاری نەشیاو هەروەها پاراستنی کۆمەڵگەی خۆمان لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەم حالەتانە.

٧- باشترکردنی بنکەکانی گرتن و گواستنەوە لە روی بیناو پێداویستیەکان و دامەزراندنی کارمەندی ئافرەت لەم بنکانە بە تایبەتی لە قەزا و ناحییەکان.

٨- زیاتر ڕاهێنانی هێزە ئەمنیەکان دەربارەی پاراستنی مافی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی شارستانیانە لەگەڵ هاوڵاتیان و بەتایبەتی لە کاتەکانی گرتن و خۆپیشاندانەکان. هەروەها زیاتر ڕاهێنانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ڕێزگرتن وپاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا، وەك کەرتی تەندروستی وخوێندن وناوەندەکانی خواپەرستی ...هتد.

٩- لە ڕێگەی سەروەری یاسا چارەسەری هەموو ئەو تجاوز و نادادپەروەریانەی هەیە بکرێت لە بوارەکانی ژیان و جومگەکانی کارگێڕی، بەمەبەستی پاراستنی ژیان و سەروماڵی هاوڵاتیان و موڵکی گشتی.

١٠- پەیڕەوکردنی سیاسەتی شەفافیەت لە داهاتی هەرێمی کوردستان وبوودجەی هەرێم بە گشتی. ودۆزینەوەی ڕێگەچارەی یاسایی گونجاو بۆ دەرهێنانی سامانەکانی هەرێم لە دەست کەسانی قۆرخکار ویاسا شکین.

١١- کاراکردن و پابەندبوونی هەموو لایەنەکان بە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری وەك مافێك وڕێگە چارەیەك بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی وئاشکرا کردنی کارەکان.

١٢- دابین کردنی مووچە وپێدانی وگەڕاندنەوەی هەموو ماف وشایستە داراییەکان بۆ خاوەنەکانیان لە فەرمانبەران وماموستایان وموچەخۆران وبەڵێندەران... هتد.

١٣- لەبەرچاوگرتنی ژیان وگوزەرانی کەسانی کەمئەندام وپیر ومنداڵ ونەخۆش وخاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕێگەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تایبەت بەو کەسانە وهاوکاری کردنیان ودابین کردنی ژیان وگوزەرانیان.

## سێیەم : بۆ ئەنجومەنی دادوەری

١- پابەندبوون بە ماوە یاساییەکان لە یەکلاکردنەوەی کەیسەکان.

٢- پێگەیاندن و ئامادەکردنی ژمارەی زیاتر لە دادوەران بە مەبەستی باشتر و زووتر یەکلایکردنەوەی کەیسە یاساییەکان.

٣= پابەندبوون بە یاسا ناوخۆییەکان وپێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کارپێکراو لە بواری هەڵبژاردنی دادوەر وداواکاری گشتی وکەسانی جێبەجێکاری یاسا.

## چوارەم: بۆ داواکاری گشتی

١- زیاتر کاراکردنی رۆڵی داواکاری گشتی لە چاودێریکردن و بەدواداچون بۆ کەیسی راگیراوان لە بنکەکانی گرتن و گواستنەوە بە گشتی و بە تایبەتی لە بەندیخانەکانی ئاسایش، هەروەها هەموو ئەو لایەنەکانی دیکەی ژیان کە پێویستی بە لێپێچینەوە و بەدەنگەوە هاتنی داواکاری گشتی هەیە بەپێی یاسا.

# پاشکۆ

حكومة إقليم كوردستان
وزارة الاوقاف والشؤون الدينية
المديرية العامة للشؤون الايزيدية
أربيل

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان
هەولێر

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Endowments & Relegious Affairs
General Directorate of Ezidian Affairs - ERBIL

ژمارە — العدد — NO (　　) / 　/ 2016 زایینی / / 2716 کوردی / /1437 کۆچی

## صرخة للإنسانية

هاجم إرهابيو ما تسمى بالدولة الاسلامية في العراق والشام ( داعش) السيء الصيت ، قضاء ومجمعات وقرى سنجار ، صبيحة يوم ٠٣- اب -٢٠١٤ مستقلين سيارات حديثة وعجلات عسكرية ومدرعات ، مدججين بأسلحة حديثة ومتطورة . في البداية قاوم الاهالي القوات الغازية لأكثر من ثلاثة ساعات ، لكن عدم التكافؤ بينهم وبين تلك القوات من حيث العدد والعدة ، أدت الى وقوع منطقة سنجار وبرمتها بأيدي ارهابيي داعش والقوى المؤازرة لهم من رجال القرى العربية المجاورة . صراخ الاطفال والنساء كانت تهز السماء ، مجازر تحدث داخل شنكال وقراها ، اطلاق النار بعشوائية على كل من يعترضهم ومن لم يعترضهم على اللذين يهربون منهم واللذين يقاومونهم ، حيث قتل في ذات اليوم ما يقارب (١٢٠٠) من الأهالي العزل وسبي أكثر من (٦٢٨٩) منهم الاناث (٣٥٢٩) والذكور (٢٨٦٠) حيث تم بيع النساء في أسواق النخاسة علنا ، كما نزح ما يقارب (٣٤٠,٠٠٠) انسان من سنجار و (٦٠٠٠٠) اخرين من بعشيقة وبحزاني ومناطق أخرى الى إقليم كردستان وقسم منهم لجأوا الى تركيا وسوريا ... كما قاموا بتفجير (٤٤) مزار ديني ، وأيضا نهب العديد من القرى من قبل ساكني القرى العربية المجاورة تحت انظار وحماية مسلحي داعش . من بين (٦٢٨٩) مختطف ومختطفة ، تم الى الان تحرير (٢٥٩٢) منهم (٩٣٦) نساء و (٣٢٦) رجال و (٦٥٩) أطفال اناث و(٦٧١) أطفال ذكور ، وبذلك قد بقى الى الان ما يقارب (٣٧٩٧) في ايدي ارهابيي داعش ، منهم (١٩٣٤) أناث و (١٨٦٣) ذكور ، وبحسب مصادرنا فإن هنالك ما يقارب (١٤٠٠) طفل وشاب يتم تدريبهم على القتال والعمليات الانتحارية . اما عدد الايتام التي افرزته تلك الغزوة فيبلغ (١٧٥٩) طفل . كما بلغ عدد المقابر الجماعية المكتشفة الى الان (٢٢) مقبرة متوسط عدد الضحايا في كل منها (٣٥) قتيل تقريبا . ناهيك عن المئات من الجرحى والمعوقين والاف المرضى النفسيين نتيجة لهول الكارثة التي حلت بهم . وأيضا تم تدمير البنية التحتية للمنطقة وسويت اغلبية المنازل بالأرض ، كما ونهب الأموال من قبل البعض من ضعاف النفوس من عرب المنطقة . كنتيجة حتمية لهذه الكارثة المستمرة بالأيزيديين فإن ما يقارب (٧٥٠٠٠) أيزيدي قد هاجر الى خارج الوطن طالبين اللجوء الى الدول الاوربية ، ولكن الوصول الى مبتغاهم ليس بالأمر اليسير.

الان ، نعلن – وكما أعلننا فبل الان مرارا وتكرارا - بأن الأيزيديين يعيشون الان في حالة لا يحسد عليه ، فمئات الالاف منهم يعيشون في مخيمات ، هنالك الالاف منهم يحتاجون لإعادة التأهيل الى الحياة الاجتماعية الاعتيادية ، الالاف من الناجين من قبضة داعش بحاجة ماسة الى مستلزمات الحياة اليومية ، المئات من الأطفال بلا معين ، المئات من المسنين يحتاجون الى ابسط أمور العيش ، الالاف من المرضى وذوو الاحتياجات الخاصة في حاجة ماسة الى العلاج ، العشرات من المرضى ينتظرون اجراء العمليات الجراحية لهم وليس بحوزتهم تعريفة فحص الطبيب ... ناهيك عن أن هنالك الالاف من المخطوفات والمخطوفين لا يزالون يئنون تحت ظلم ارهابيي داعش ... عليه نناشد المجتمع الدولي والمنظمات الإنسانية الى العمل الجاد لمعالجة المشاكل الانفة الذكر .

خيري بوزاني
المدير العام لشؤون الايزيدية
في وزارة أوقاف حكومة إقليم كردستان – العراق
009647504676173

khairi_bozani@yahoo.com
00964662226517

هەولێر . شەقامی ٦٠ مەتری تەنیشت نەخۆشخانەی Emergency
أربيل-الشارع الستيني-بجانب مشفى Emergency
Erbil – Street 60 Meters – Opposite Emergency Hosiptal

**پاشکۆی ژمارە (١)**

| | |
|---|---|
| **یەکێتی**<br>**زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**<br>**مەکتەبی تەنفیزی**<br>**لیژنەی بالای فەتوا** | **إتحاد**<br>**علماء الدين الإسلامي في كوردستان**<br>**المكتب التنفيذي**<br>**اللجنة العليا للإفتاء** |

بسم الله الرحمن الرحيم

ژمارە ی فەتوا / ٤/٢٠١٦          بەروار : ٢٤/٤/٢٠١٦

Kurdistan Islamic Clerics Union – Executei Office

## ( فەتوای شەرعی )

## ( حوکمی داگیر کردنی شوێنە ئاینی و کۆمەلایەتیەکان )

دوای ئەوەی چەند بەرێزێك داوای روونکردنەوەیان لە لیژنەی بالای فەتوای هەرێمی کوردستان کرد سەبارەت بە داگیرکردنی شوێنە ئاینیو کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ئەو شوێنە ئاینیانەی کە حکومەتی پێشتری عیراق داگیریکردوونە وەك شوێنە ئاینی و مەزەبییەکانی موسڵمان – سوننە و شیعە– ، مەسیحی ، جوو ، ئێزدی ، کاکەیی ، هەر پێکهاتەیەکی تر .. کە تا ئێستاش خەڵکێکی تر لە سەریانە.

وەلام/

لیژنەی بالای فەتوا پاش لێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە لە چەندین دانیشتنەوە، لە کۆبونەوەی رۆژی ٢٠١٦/٤/٥، بە رای سەرجەم ئەندامەکانیەوە ئەم را یەیی خوارەوەی دەربری :

( بێگومان داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی هەر زەوی و شوێنێك، جا مولکی موسڵمانان یان مەسیحی یا جوو وەیا ئێزدی و کاکەیی یان هەر پێکهاتەیەکی تر ... دروست نییەو حەرامە و بێ شەرعیە، چونکە مولکی موسڵمانان و هەموو ئەو ئاین و مەزەبانەی بە ئاشتییانە لەگەڵ موسڵمانان دەژین وەکو یەك وایە و، لە روانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بە هیچ شێوەیەك دروست نییە مولك و ماڵی هیچ مرۆڤێك داگیر بکرێت، بەتایبەتی شوێنە ئاینیەکان دەبێ لە کاتی شەڕو ئالۆزیشدا بە باشترین شێوە پارێزراو بن، چونکە تەنها رێگەی بستە زەوییەکیش نادرێت، لەم بارەوە پێغەمبەری سەرووەرمان دەفەرموویت: (مَن أَخَذَ شبراً مِن الأرْضِ ظُلماً" فإنَّه يُطَوَّقُهُ يومَ القيامَةِ مِن سَبْعِ أرضينَ) رواه الشيخان.

واتە: ئەوەی بە زوڵم دەست بە سەر بستە زەوییێك دابگرێت، ئەوا خوای گەورە لە رۆژی دواییدا لە حەوت زەوی دەیباتە خوارەوە.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان – لیژنەی بالای فەتوا – اتحاد علماء الدين الإسلامي الكردستاني

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**
**لیژنەی بالای فەتوا**
٢٠١٦/٤/٢١

ناونیشان: هەولێر (٦٠ مەتری) بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان          www.zanayan.org

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

## بەشێك لە دەقی بەیاننامە و پەیام و ڕوونکردنەوە وراگەیێندراوی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە ماوەی ساڵی (٢٠١٥)، کە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن دەرچوون:

ژمارە / ٣ / س٣ _ ٢٠١٥	بەروار/ ٢٢ / ١ / ٢٠١٥

پەیامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەسەر بلاو کردنەوەی وینەو ڤیدیۆی کوشتن و توندو تیژی لە تۆرە کۆمەلایەتیەکان.

وەك هەموو لایەك ئاگادارن کە ماوەیەکە بەهۆی ئاسان بەکارهینانی ئامیرەکانی تەکنەلۆژیاو بەتایبەت تۆرە کۆمەلایەتیەکان . جۆرەها وینەو گرتەی ڤیدۆیی بلاو دەکریتەوە کە بەشیکی زۆریان وینەو ڤیدیۆی توندوتیژی و کوشتن و تەنانەت زۆر جار سوکایەتیشە بە چین و تویژیك

ئێمە لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ویرای دلگرانیمان بە بلاو کردنەوەی ئەو جۆرە بابەت و ڤیدیۆیانە وەك ئەرکی سەرشانی خۆمان و بە بروا بون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ریزگرتن لە کەرامەت و سەروەری مرۆڤ ، ئەو دیاردانەو بلاو کردنەوەی شتی لەو جۆرە بە مەترسی دەزانین بۆ سەر ژیانی کۆمەلایەتی و ئاسایشی تاك و خیزان و کۆمەلگە. ئەوەش دەچیتە چوارچیوەی هاندان و بلاو کردنەوەی توندوتیژی و لەلایەکی تریشەوە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر لایەنی دەرونی هاولاتیان دەبیت و دەرچونە لە بەها مرۆییەکان.

ئیمە بە پیویستی دەزانین کە هاولاتیانمان هۆشیاربن و رەچاوی ئەو بارو دۆخە بکەن بەتایبەت کە میللەتەکەمان پێیدا تی دەپەریت و لەشەریکی چارەنوسازداین لەگەل گروپە تیرۆریستیەکان کە بونەتە مایەی مەترسی بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتی و جگە لە زمانی کوشتن و تۆقاندن بروایان بە هیچ ریگایەکی تری سەردەمی و شارستانی نیە.وە دەبیت ئەوەش بزانریت کە بلاو کردنەوەی هەر جۆرە بابەت و گرتە ڤیدیۆیەکی لەو جۆرە پیچەوانەی یاسایەو دەرچونە لە بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی و ژیانی مەدەنی.

ئیمە سەرەرای ئەوەی هەموو هەولیکی خۆمان دەخەینە گەر بۆ ریگری کردن لە بلاو کردنەوەی شتی لەو بابەتەو بلاو کردنەوەی هۆشیاری . لە هەمان کاتدا سوپاس و پیزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو بەریوەبەرایەتیەکانی پۆلیس و ئاسایش دەکەین لە هەریمی کوردستان بەتایبەت وتەبیژی پۆلیسی هەولێرکە هاوکارن و بەدوا داچون و لیکۆلینەوە بۆ ئەو بابەتانە دەکەن ، هیوادارین هەموو لایەك هاوکاربین بۆ بنیات نانەوەی کۆمەلگەیەکی مەدەنی و شارستانی دوور لە توندوتیژی و کاری دوور لە مرۆڤایەتی و بەهاکان.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

٢٠١٥/١/٢٢

ژ: ٥ س٣ _ ٢٠١٥

## ڕاگەیەنراوی ڕۆژنامەوانی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەسەر بڕیاری دادگای دهۆك بەرامبەر جێگری بەڕێوەبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی دهۆك.

دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوو جێگری بەڕێوەبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی دهۆك لە چوارچێوەی ئەرکی خۆی وەك چاودێری کردن و پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤ هەڵساوە بە چاودێری کردنی پێشیلکردنی مافی منداڵێکی کارکەر لەسەر شەقام کە لەلایەن چەند کارمەندێکی پۆلیس کە ئازاری دەدرا، ئەوەبوو سەرەڕای ئەوەی ئەو فەرمانبەرەی ئێمە خۆی ناساندوەو هەوڵی داوە مافی ئەو منداڵە پێشێل نەکرێت و هەرچی هەیە بگوازرێتەوە بۆ بنکەی پۆلیس بۆ ئەوەی بە شێوەی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام لەلایەن ئەو کەسانە جگە لەوەی ڕێز لە کارو ئەرکی نەگیراوەو دواتر ئەو کارمەندانەی پۆلیس سکاڵایان لەسەر هەریەك لە منداڵەکەو فەرمانبەرەکەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ تۆمار کردوە. ئێمەش بۆ ڕێز گرتن لە ڕێرەوی لێکۆڵینەوەو بڕیاری دادگا وە بڕوا بون بە سەروەری یاسا.چاوەڕێ ی دەرەنجام و بڕیاری دادگا بوینە، بۆ ئەوەی هەم مافی فەرمانبەرەکەی ئێمەو منداڵەکەش بپارێزریت وە هەم شکۆی مافی مرۆڤ و بەتایبەت دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کە دەزگایەکی باڵای نیشتمانی سەربەخۆیەو ئەرکی چاودێری کردنە لە مافەکانی مرۆڤ بەپێ ی ماددەی (سێ ) یەم و بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (چوارەم) ی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠١٠) ی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ڕێزی لێبگیرێت. سەرەڕای ئەوەی کە بەر لە دادگاو لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەش بەردەوام لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر خەت بوینە بەتایبەت وەزارەتی ناوخۆو وە ئاگادار کردنەوەی نوێنەری سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە ئەنجومەنی دەستەکەمان بۆ ئەوەی بتوانین بە هەموو لایەك بگەینە چارەسەرێکی گونجاوو پێویست وە پاراستنی مافی هەموو لایەك.

بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژی ١٠ / ٢ / ٢٠١٥ بڕیاری کۆتایی دادگا بەرامبەر فەرمانبەرەکەی ئێمە دەرچوو وە حوکمی (٤) مانگ بڕیاری دادگای بەسەر دادرا لەگەڵ وەستانی جێ بەجێ کردنی بڕیارەکە.

ئێمە لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کە خۆمان بە داکۆکی کاری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەزانین ئەوەشمان وەك ئەرکی سەرشانمان وەرگرتوە . بۆ ئەوەی بتوانین بەشێکی سەرەکی بین لە پاراستنی مافی هاوڵاتیان و چاودێری کردن و بە دوا داچون بەرامبەر بە پێشیلکاریەکان بە رامبەر مرۆڤ. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەمان حاڵەت لە شاری سلێمانی ڕووبەڕوی (٢ ) فەرمانبەرمان بۆوە کە لەکاتی ئەرکی خۆیان بۆ بەدوا داچونی پێشلیکردنی مافی منداڵێك لەلایەن باوەژنەکەیەوە بەرامبەری کرابوو ، دواتر فەرمانبەرانی دەستەکەمان توشی سکاڵاو ڕووبەڕووی دادگا بونەوە ، بەڵام خۆشبەختانە دوای ئەوەی داواکاری گشتیمان لەکەیسە ئاگادار کردەوەو وهاتە ناو بابەتەکە. ئەوەبوو بڕیاری کۆتایی دادگا لە بەرژەوەندی ئەو فەرمانبەرانە یەکلا بۆوە. بۆیە ئێمە سەرەرای ئەوەی بە هەموو شێوەیەك بەردەوام دەبین لە ئەرکی خۆمان ئەگەر قورسیش بێت و ڕێز لە بریارەکانی دادگا دەگرین و خۆشمان بە پارێزەری یاساو مافەکانی مرۆڤ دەزانین ، لە هەمان کاتدا لە پێناو داکۆکی کردن لە مافی فەرمانبەرانی خۆمان سەرجەم ئەو رێو شوێنە یاساییانە دەگرینە بەر بۆ تەمیزکردنەوەی بڕیاری دادگای دهۆك بەرامبەر فەرمانبەرەکەمان ، هەمیشە ئەوەش دوپات دەکەینەوە کە بەردەوام دەبین لە ئەرکی پارێزگاری کردن لە مافی هاوڵاتیان ورێگری کردن لە پێشلیکاری بە رامبەر مرۆڤ لە هەر شوێنێك و بەهەر ناوێك بێت. ئەوەش بەپێ ی ماددەی (سێ) یەم لە یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠١٠) ی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کە ( ئامانجی دەستە پارێزگاری کردنە مافەکانی مرۆڤ و پتەوکردنی و داکۆکی کردن لێی لە هەموو لایەنەکانەوە بە پێی پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان . لەگەڵ بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ ).

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

٢٠١٥/٢/١٥

ژ: ٧ س٣ _ ٢٠١٥

## پەیامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بەبۆنەی رۆژی (٨) ی مارس رۆژی جیهانی ئافرەتان.

ژنانی ئازادیخوازو پێشەنگ...

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ، یادی (٨) ی مارس رۆژی جیهانی ئافرەتان بەرز رادەگرێت و لەو نێوەندەشدا پیرۆزبایی ئاراستەی ژنانی کوردستان و جیهان دەکات. ئەو رۆژە سەلمینەری رەتکردنەوەی زوڵم و نا دادپەروەری بوو لەلایەن ژنانەوە لە دوو سەدە بەر لە ئێستاوە کە سەرچاوەکەی لە شاری نیۆرکەوە چەخماخەی شۆرشەکە دەستی پێکردوو دواتر بۆ هەموو جیهان گوێزرایەوەو بوە هەوێنی خەباتی رزگاری ژنان. هەر ئەو خەبات و ئازایەتی و بوێریە بوو وڵاتانی جیهان و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکانی هاندا بۆ ئەوەی بەندو بریاری تایبەت بە دابین کردنی مافەکانی ژنان و یەکسانی دەربکەن بەتایبەت دیاری کردنی رۆژی (٨) مارس بە بریاری (٣٢/١٤٢) لە سالی (١٩٧٧) کە کۆمەلەی گشتی داوای لە هەموو جیهان کردوە گرنگی بە رۆژی جیهانی ئافرەتان بدەن و کۆتایی بە جیاوازی چەوسانەوەی ژن بهێنن. و رۆژی (٢٥) نۆڤیمبری هەموو ساڵێك وەك رۆژی هەڵمەتی بەرەناگاربونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان دەست نیشانکراوە ، وە هەر ئەو خەباتە و بەردەوامی یەکەی بوو وای لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەکان کرد کە بریاری ژمارە (١٣٢٥ / ٢٠٠٠) دەربکەن و وەك پاراستنی مافەکانی ئافرەتان و بەشداری پێکردنی زیاتری ژنان لە بریاری سیاسی ودابین کردنی یەکسانی. ئەگەرچی هەموو ئەو بریارانە لە رووی معنویەوە توانیویانە ببنە بەشێك لە پاڵپشتی کردنی خەباتی ژنان لە پێناو ئازادی و بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی و هاندانی زیاتری وڵاتان بۆ پارێزگاری کردن لە ژنان ، بەڵام دیاردەی توندوتیژی و چەوسانەوەی ئافرەتان لە ژێر ناوو بەرنامەی جیاوازەو هێشتا بەردەوامەو رۆژانە هەواڵی نەخوازراو دەبیستین کە رووبەروی ئافرەتان دەبێتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا ژنانی هەرێمی کوردستان لە رابردووش و لە ئێستاش بۆ هەموو جیهانیان سەلماندوە کە سەرقافلەی خەبات و وڵاتپارێزی بونەو هەمیشە دایك و خوشکی ماڵ و سەربازی رووبەرو بونەوە بونە بەرامبەر غەدرو نا دادپەروەری. ئێستاش لە هەرێمی کوردستان دوای چەند ساڵ لە حوکمرانی و دەسەڵاتی ناوخۆیی توانراوە لە پەرلەمانی کوردستان یاسای تایبەت بە پاراستن و داکۆکی کردن لە ئافرەتان و رێگری کردن لە توندوتیژی بەرامبەریان بێتە کایەوە بەتایبەت یاسای ژمارە (٨) ی سالی (٢٠١١) بەرنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی و دروست کردنی چەندان بەریوەبەرایەتی تایبەت بە رووبەرو بونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و دامەزراندنی ئەنجومەنێکی تایبەتی باڵای خانمان بۆ پاراستن و داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت. بەڵام هێشتا بە داخەوەین کە رۆژانە لێرەو لەوێ زۆر هەواڵی دوور لە بەهاو گەورەیی مرۆڤ دەبیستین لە جۆرەها توندوتیژی و کوشتن بەرامبەر ژنان و بەهۆی کۆمەڵێك داب و نەریت و بیری تاریکی بۆیە هێشتا هەوڵەکان پێویستیان بە کاراتر کردن و بەرەو پێشتر بردن هەیە.

ئەمرۆش لە کاتێکدا یادی ئەو رۆژە دەکەینەوە کە لەلایەك ژنان و کچانی کوردستان هاوشانی براکانیان لە بەرەکانی جەنگ و رووبەروبونەوە دان بەرامبەر گروپی تیرۆریستی داعش و مێژووی سەروەری تۆمار دەکەن و لاپەرەکانی مێژوو پر دەکەن لە نەبەردی و ئازایەتی بی نمونەو موعجیزە ئاسا دەجەنگن .لەلایەکی تریشەوە سەدان کچی پێکهاتەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لەلایەن ئەو گروپانەوە رفێنراون و مامەڵەی بازرگانیان پێوە دەکرێت و دوور لە هەمو بەهایەکی مرۆیی و شارستانی. بۆیە وێرای دوبارە پیرۆزباییمان بۆ ئەو یادە لە هەموو ژنانی سەربەرزی کوردستان و هیوادارین زیاتر مافەکانیان پاریزراو بن و هەمومان پێکەوە کاربکەین بۆ بەدی هینانی ژیانێکی شایستە بۆ دایکان و خوشکانمان و دوور بونیان لە هەموو توندوتیژی و چەوسانەوەك وە بەو هیوایەی ئافرەتانی رفینراویش بە زووترین کات رزگاریان بێت لە دەستی ئەو گروپانەو بگەرێنەوە ناو خانەوادەو زێدی خۆیان ، هەمیشە سەربەرز بن.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

٢٠١٥/٣/٨

ژ : ٨ س٣ / ٢٠١٥

## بەیاننامەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بۆ یادی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە.

ئەمرۆ (٢٧) ساڵ تی دەپەرێت بەسەر کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی شەهید لەلایەن رژێمی دیکتاتۆری بەعس. کەلەو رۆژەدا هەزاران هاوڵاتی مەدەنی بێ تاوان لەیەك ساتدا لەناو بران و بەچەکی قەدەکراوی کیمیایی و بۆمبا باران کران و خاك و ژینگەو ئاسمانی وئەو شارەیان کردە گۆرستانی بەکۆمەل . ئەو تاوانەی نامرۆییانەی رژێمی ئەوکات بریتی بو لەدرێژەی ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر هاوڵاتیان و نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکان و ئازادیخوازان بەرێوەیان دەبردو پاکتاوو کۆمەڵکوژیان ئەنجامدەداو مرۆڤیان لەناو دەبرد. ئەوتاوانەی کە لە مێژوودا نمونەی کەم وێنەیەو بەبەرچاوی هەموو جیهان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بەرامبەر ئەو شارەو خەڵکەکەی کرا. هەرچەندە زامی ئەو برینەو تاوانە بەبەردەوامی لە ناخی هەموو مرۆڤ دۆستان بە زیندویی دەمینێتەوەو هەموو جیهان لە ئاست گەورەیی ئەو تاوانە قەرزاری گەورەیی ئەو شارەو خەڵکەکەیتی. بەڵام لە هەمانکاتدا بەدادگایی گەیاندنی ئەو تاوانبارانەی دەستیان لەو تاوانە هەبوە وە خزمەتکردنی ئەو شارەو هەنگاوەکانی بە پارێزگا کردنی دەتوانن کەمێك لەو ئازارانە کەم بکەنەوەو ببنە پاڵپشتیکی معنوی بۆ ئەو شارەو خەڵکەکەی . ئەمە جگە لەوەی پێویستە رۆژی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە لە ئاستی نێو دەوڵەتیەوە ببێتە رۆژی بەرەنگاربونەوەی بەکارهێنانی چەکی قەدەغە کراوو کۆمەڵکوژی و بەدادگایی گەیاندنی هەموو ئەو کەسانەی دەستیان لەو تاوانانە هەبوەو رێگری کردن لە دوبارە بونەوەی لە جیهان. ئەمساڵیش لەکاتێکدا ئەو یادە بەرز رادەگرین ویرای ئەوەی سەری رێزو نەوازش بۆ ئەو شەهیدانە دادەنوینێن وە هەروەها سلاو بۆ گیانی شەهیدانی پێشمەرگەی کوردستان دەنێرین کە پارێزگاری لە دەستەکەوتەکان دەکەن و رووبەروی گروپی تیرۆریستی داعش دەبنەوە. ئەو گروپانەی کە بەهەمان جۆرو شێوازی رژێمی رابردوو تاوان و کۆمەڵکوژی بەرامبەر هاوڵاتیان و گەلان و پێکهاتەو ئایینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا. لەهەمانکاتیشدا پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی خەڵکی بەشەرەفی ئەو شارە دەکەین بۆ بریاری بە پارێزگا بونی بەو هیوایەی ئەو بریارەش ببێتە هەنگاوێك بۆ خزمەتکردنی زیاتری ئەو شارەو سارێژ کردنی بەشێکی برینەکان و کەم کردنەوەی خەمەکانیان و شاد بونی رۆحی شەهیدەکان ، لەبەرامبەریشدا وەك دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ هەموو جۆرە تاوانێك و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوو و پێشلکاری یەك بەرامبەر بە مرۆڤ و خاك و وڵات و تێکدانی ژینگە لەهەر شوینێك بێت رەت دەکەینەوەو ئیدانەی دەکەین. بەو هیوایەن ئەو یادە ببێتە مایەی گەرانەوەی ئاشتی بۆ هەموو جیهان و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و سەرکەوتنی هێزەکانی پیشمەرگە بەسەر تیرۆریستان و دژە مرۆڤایەتیەکان.و خزمەتکردنی زیاتری پارێزگای هەڵەبجە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان و هاتنە دی ئاواتەکانیان.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

٢٠١٥/٣/١٥

ژ : ١٢ س٣ _ ٢٠١٥

## پەیامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە سالرۆژی یادی ئەنفالی بەدناودا..

ئەمرۆ یادی رۆژێك دەکەینەوە کە مرۆڤایەتی هەمووی لەبەردەم کارەساتێکی وەها گەورەو دژە مرۆڤایەتی بێ دەنگی هەڵبژاردو هەزارەها مرۆڤ زیندە بەچاڵ کران و لەناوبران.ئەنفال ئەو تاوانەی وەك پەڵەیەکی رەش لە مێژووی رژێمە دیکتاتۆرەکان و داپلۆسینەرەکان و بەتایبەت رژێمی لەناو چووی بەعس دا دەمینێتەوە ، هیچ بونێك بۆ سەروەری مرۆڤ و ئازادی و ژیان لەو رۆژانەدا نەماو دەنگ و هاواری خەڵکی زولم لێکراوو منداڵی ناو بێشکەی بێ تاوان هەموو ئاسمان و گوێچکەی مرۆڤایەتی پر کردبوو،بەڵام تەنها دوا مەنزڵ و ئارامگاو چارەنوسی ئەو خەڵکە ژێر خاکەکان بوو. وە بە زیندویی سەریان نایەوە ، جینۆساید ئەو تاوانەی کە بە درێژایی مێژوو لەسەر دەستی رژێمە توۆتالیتارەکان و دژە مرۆڤایەتیەکان بەرامبەر ئازادیخوازان و بیرو را جیاوازەکان ئەنجام دراوەو وەك پرۆسەیەکی لەناوبردنی بە کۆمەڵ بەرێوەچووە. ئەمرۆش لە کاتێکدا ئەو یادە بەرز رادەگرین کە بەهەمان شێوەو نەفەسی ئەو کات و ئەو رژێمە ، گروپە تیرۆریستیەکان و پاشماوەکانی ئەو رژێمانە پرۆسەیەکی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی بەرێوە دەبەن بەرامبەر ئەو خەڵکانەی وەك ئەوان بیر ناکەنەوەو دەسەڵات و حوکمی ئەو گروپانە رەت دەکەنەوە. ئەگەر لە ساڵانی سەردەمی ئەنفال جیهان بێ دەنگی هەڵبژاردو لەکاتی خۆی دەنگی خەڵکی زوڵم لێکراو نەگەیشتە دەرەوەو کۆمەڵگەی نێو دەولەتی.ئەوە لەسەردەمی پیشکەوتن و بچوك بونەوەی جیهان و بەبەرچاوی هەموو جیهان و مرۆڤ دۆستان و رێکخراوەکان و کۆمەڵگەی نێو دەولەتیش ، گروپی تیرۆریستی بەناو دەوڵەوتی ئیسلامی (داعش) کۆمەڵکوژی بەرامبەر پێکهاتەو ئایینە جیاوازەکانی عیراق بەکارهێنا بەتایبەت پێکهاتەی ئێزیدی کە رووبەروی دڕندەترین کۆمەڵکوژی و تاوان و لەناوبردن بونەوە لەسەر دەستی ئەو گروپانە. ئەو تاوانانەش ئەوەمان پی دەڵێن کە هێشتا لە هزری هەندێ گروپ و خەڵك بیری لەناو بردن و کۆمەڵکوژی و رەش کردنەوەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بونی هەیەو و هەرەشەکان بۆ سەر مرۆڤایەتی بەردەوامە. ئەگەرچی لە دوای روخانی رژێمی هاتنە سەر تەختی حکومەتی تازەو هەلبژێردراو چاوەرێ ی ئەوە دەکرا کە ئەو خەڵکانەی دەستیان هەبوە لەو تاوانانە رووبەروی دادگا بکرێنەوەو بە سزای خۆیان بگەن و ئەو خەڵکەش قەرەبوو بکرێتەوە لەلایەن حکومەتی تازەی عیراق ، بەڵام بەداخەوە نەقۆناغەکانی بە جینۆسایدناساندنی ئەو کەیسە وەك پێویست بەرەو پێش چووە وە نە ئەو خەڵکەی دەستی هەبوە لەو تاوانانە بەسزای خۆی گەیشتوەو خەڵکەکەش قەرەبو نەکراوەتەوە. بۆیە لە ئێستادا سەرەرای ئەوەی هەموو مرۆڤ دۆستان و هاوپەیمانان لەیەك بەرەدان بۆ رووبەروبونەوەی ئەو مەترسیانەو لەناو بردنی تیرۆرو تاریك پەرستان لە هەمان کاتدا پێویستە هەوڵەکانیش بۆ بەنێو دەوڵەتی کردنی کەیسەکانی جینۆسایدی پێکهاتەو نەتەوە جیاوازەکانی عیراق چر تر بکرێنەوە پاڵپشتی نێو دەوڵەتی بۆ مسۆگەر بکرێت لە پێناو دووبارە نەبونەوەی ئەو تاوانانەو قەرەبوکردنەوەی خەڵکەکەو بە سزا گەیاندنی تاوانباران و دەستەو هاوکارانیان.وە لەو یادەشدا وێرای دەربرینی هاوخەمی خۆمان بۆ کەس و کارو خانەوادەی سەربەرزی ئەنفال و شەهیدان هیوادارین بە مافەکانیان شاد بن و بە ئاوەدان کردنەوەو نەمری هێشتنەوەی ئەو یادە وەفای خۆمان دەربرین بۆ ئەو ئازیزانەمان و تاوانبارانیش بە سزای خۆیان بگەن وە لە هەمان کاتدا هیوای سەرکەوتن بۆ هێزەکانی پیشمەرگە دەخوازین لە سەنگەرەکانی رووبەورو بونەوەی تیرۆرۆ دوژمنانی مرۆڤایەتی و ئازادی و دیموکراسی .

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدان....

سەرکەوتن بۆ مرۆڤ دۆستان و ئازادیخوازان..

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

لەهەرێمی کوردستان

٢٠١٥/٤/١٣

ژ/ ١٤ _س٣ /٢٠١٥

## بەیاننامەیەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ سەبارەت بە کردەوە تیرۆرستیەکەی عەنکاوە.

لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان سەرەرایی ئەوەی لە سەنگەری رووبەروبونەوەیە بەرامبەر تیرۆرستان و رۆژانە سەرکەوتنی گەورە بە دەست دەهێنێت ، لە ئاستی ناوخۆش خەڵکی لە ژێر سایەی ئاشتی و ئاسایشەوە ژیان بەسەر دەبەن بەڵام دیارە تیرۆرستان هەموو رێگەیەك دەگرنە بەر بۆ تۆڵەی شکستەکانیان و جیاوازی ناکەن لە نێوان هیچ پێکهاتەوە هاووڵاتی سڤیل و خەڵکی ئاسایی . ئێمە لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئیدانەی کردەوە تیرۆستیەکەی شاری عینکاوە دەکەین لە شاری هەولێر بە کارێکی ترسنۆکانەو دوور لە بەهاو بنەماکانی مرۆڤە لەبەر ئەوەی سەلامەتی و ئاسایشی خەڵکی سڤیل دەخەنە مەترسیەوە جگە لەوەی هەولێکە ئاشتی و پێکەوە ژیان لەو شارۆچکەیە و لە تەواوی هەرێمی کوردستان و جیهانیش دەکەنە ئامانج و مەترسیەوە ، بە ئامانج گرتنی خەلکی سڤیل پێشلکاریەکی ئاشکرای یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و پێشڵلکاری یاسای مافەکانی مرۆڤە ، ئەوە جگە لەوەی تیرۆر خۆی کاریکە دژی مافەکانی مرۆڤە و بە تاوانی شەرانگێزی هەژمار دەکرێت لەسەر ئاستی جیهانی، لەهەمان کات لەسەر ئاستی ناوخۆش تاوانە ، ئەو کارە تیرۆرستیانە بەلگەی تەواون کە تیرۆرستان باوەریان بە ژیان دۆستی و مافەکانی مرۆڤ نیە و دژی شارستانیەت و ئاشتی و پێکەوە ژیانن وە هیچ نرخێك بۆ بە هاکانی مرۆڤایەتی دانانێن ، وەك دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئیدانەی ئەو کارە تیرۆرستیەدەکەین و سەرەخۆشی خۆمان بۆ خانەوادەی شەهیدەکان دەردەبرین و هیوای چاك بوونەوەش بۆ بریندارەکان هەوڵەکانمان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی شارستانی و سەروەربوونی یاساو مرۆڤ ، و ە بە پێچەوانەوە جدی ترمان دەکات لەسەر ئەرکەکانمان بۆ خزمەت مرۆڤایەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

١٨ /٤/ ٢٠١٥

ژ _ 16 / س 3/ 2015

## پەیامی پیرۆزبایی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بە بۆنەی (1) ی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکارانەوە.

ئەمرۆ لە مێژووی خەباتی کرێکاری و ڕوبوروبونەوەی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی کار بە ڕۆژێکی پرشنگدار و لە بیر نەکراو دادەنرێت لە خەباتی مرۆڤ و چینی کرێکاران بۆ بەدەست هینانی مافەکانی خۆیان و ڕەت کردنەوەی زوڵم و نادادپەروەری .

کرێکاران هەمیشە وەك چۆن ڕووبەڕوی سەختیەکانی ژیان و قورسی کار بونەتەوە ئاوهاش داکۆکی کاریگەری ڕاستەقینەی مافەکانی خۆیان بونە و مێژووش ئەوەی سەلماندوە . چونکە کرێکاران لە ڕێگەی کار و خزمەتەوە بەشداری بونیاتنانەوەی کۆمەڵگە و شارستانیەت دەکەن و بەشێکی دانەبڕاوی واقیعی کۆمەڵگەن . ئەگەر چی جگە لەوەی کرێکاران بەبەردەوامی پێشێلی مافەکانیان کراوە لە کاژمێری کارکردن و پێ نەدانی مافی کار و ئیش و بێ بەش بون لە دەستەبەری کۆمەلایەتی و چەندان مافی سەرەتایی تر کە بە داخەوە لەسەردەمە جیاوازەکان بەشێك لەو مافانەیان بە یاسا لێ زەوت کراوە و ناونیشان و ئەرکی تریان بۆ دانراوە . هەمیشە مرۆڤەکان هەموو هەوڵەکانیان لە پێناو بەسەر بردنی ژیانێکی شەرەف مەندانە و ئازادانەیە بۆ ئەوەی هەم ژیان و هەم سەر و ماڵیان پاریزراو بێت و هەموو لایەك لە ژێر سایەی خۆشی و پێکەوە ژیان و ئاشتی بژین دوور لە توندوتیژی و ڕەت کردنەوەی یەکتر و دروست کردنی چینی جیاوازو جیاکاری لە مافەکانی ژیان کە ئەوەش بنەمای خەباتی کرێکاران بوە . کرێکارانی هەرێمی کوردستانیش هەمیشە دانەبڕاو بونە لە خەباتی مەدەنی و کرێکاری و هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان و قوربانی دان لەو پێناوە . وە ئێمە وەك دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ وێرای پیرۆزباییمان لە سەرجەم کرێکارانی جیهان و کوردستان بەتایبەتی هیواداریین دابین کردنی مافەکانی کرێکاران و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆیان لە ئەرکی پیشینەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بێت و سەلامەتی گیان و پیشەی کاریان لە مافە بنەرەتی و سەرەتاییەکان جێگیر بکریت و لەکاتی پیشکەش کردن و هەموار کردنەوەی هەر یاسایەکی تایبەت بە کرێکاران خۆیان بەشێك بن لە دەست نیشانکردنی مافەکانی خۆیان و پیداویستی و دەست نیشانکردنی ئاییندەی ماف و ژیانیان لە ڕێگای یاسای گونجاو لەگەڵ پێوەرەکانی مافی مرۆڤ لێرەوەش ڕایدەگەیەنین سەرەرای ئەوەی بە داخەوەین کە ڕۆژانە هەواڵی گیان لە دەست دانی کرێکاران لە کاتی کار و ئیشدا دەبیستین و نیگەرانین لە ئامارەکانی تایبەت بەو بابەتە لە هەمان کاتدا ئەوە وامان لێ دەکات کە هەموو لایەك هاوکاربین بۆ ئەوەی ژیانی کرێکاران زیاتر گرنگی پێ بدرێت و مەرجەکانی ئیش و سەلامەتی کار ڕێکبخرێت لە پێناو دابین کردنی سەلامەتی و پاراستنی ژیانی کرێکاران وەك دەستەش هەموو هاوکاری و پاڵپشتی خۆمان بۆ داوا و مافە ڕەواکانی کرێکاران لە چوار چێوەی یاسا و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دوپات دەکەینەوە .

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

ژ / ١٧ _ س٣/ ٢٠١٥

## پەیامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بەبۆنەی ٦/١ ڕۆژی جیانی منداڵانەوە.

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی سەرجەم منداڵانی جیهان و عیراق و کوردستان و بەتایبەتیش منداڵانی ئاوارەو پەناهەندەو قوربانیانی دەستی تیرۆر دەکات.

منداڵان ئەو بونەوەرە پاك و فریشتە ئاسایەی کە هەمیشە باجی تاوان و شەری وڵاتان و قوربانی سەرەکی جەنگەکانن. دابین کردن و فەراهەم کردنی ژیانێکی شایستەو پڕ لە خۆشی و یاری و تەندروستی پەروەردەیەکی دروست بۆ منداڵان لە مافە بنەرەتی و سادەکانی هەموو منداڵێکەو پێویستە ئەو مافانەش پارێزراو بن. ئەگەرچی دیاری کردنی هەر ڕۆژێك لە لایەن ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هەر چین و توێژێك و بۆنەیەك بۆ ئەوەیە کە لەو ڕۆژو یادەدا زیاتر گرنگی بە ژیان و گوزەران و تایبەتمەندی ئەو چین و تویژە بدرێت و بکرێتە بۆنەیەکی نیشتمانی بۆ ئاوردانەوەو ڕاگەیاندنی کەمپین و هەڵمەتی هۆشیاری و دابین کردنی مافەکانیان. بۆیە ئەگەر گەورەیی ئەو ڕۆژانە بۆ هەر چین و توێژێك گرنگی خۆی هەبێت ئەوە بۆ منداڵان گرنگی تایبەتی هەیە چونکە نەوەی دوارۆژن و زیاتر چێژ لەو ڕۆژەو بۆنە وەردەگرین. بۆیە منداڵانی کوردستان و عیراق بەگشتی ئەمساڵیش لە چاوەڕێ ی ئەو ڕۆژە بون بۆ ئەوەی کەمێك لە ئازارەکانیان لەو ڕۆژە لە ڕێگای دەربرینی خۆشی و شادیەوە برەوێننەوە بەڵام پێچەوانەکەی دەرچوو، بەداخەوە چەندان منداڵ بە هۆی کارە تیرۆریستیەکان گیان لە دەست داو دەیانی تر کەوتنە دەستی گروپە تیرۆریستیەکان و مامەڵەی بازرگانیان پێوە دەکرێت کە بە مەترسی ترین دیاردەو تاوانی سەردەم دادەنرێت لەسەر منداڵان ئەمە جگە لەوەی سەدان منداڵی تر لە ئێستادا لە ژیانێکی ناخۆش گوزەر دەکەن و ڕۆژانەش بەهۆی گەرماو ئاوارەیی و کەم خۆراکی یەوە توشی نەخۆشی و چەندان دەردی تر دەبن و بێ بەشن لە سادەترین مافەکانی ژیان.

ئەگەرچی ئەم ساڵ ئەو یادە لە کاتێکدا دەکەینەوە کە هەزارن منداڵ بەهۆی ئاوارەیی و ڕەوشی خراپی ژیانیان لە کەمپەکان و لە ئاوارەیی ژیان بەسەر دەبەن.

ئێمە وەك دەستەی مافی مرۆڤ وێرای ئەوەی پیرۆزبایی خۆمان لە منداڵانی چاوگەشی کوردستان لە هەموو پێکهاتەو ئایینەکان و نەتەوەکان دەکەین لە هەمان کاتدا دڵگرانین بەو ڕەوشەی کە منداڵانی تێدا دەژی و بەتایبەت ئاوارەکان و ئەو منداڵانەی ئێستا بەهۆی نەخۆشیەوە دەناڵێنن ، وە بەو هیوایەین کە ساڵی داهاتوو لە نزیکترین کاتدا منداڵان لە کەش و هەوایەکی پر ئاشتی و شادی و لەناو ماڵ و یاریەکانی خۆیان ئەو یادە بکەنەوەو کۆتایی بێت بە ناخۆشی و دەربەدەری و ئاوەریی ، پیویستیشە لە ئاستی ناوەخۆو لەلایەن حکمەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەسەلاتدا زیاتر گرنگی بە جیهانی منداڵان و دابین کردنی مافەکانیان بدریت لە پەروەردەی دروست و دابین کردنی تەندروستی شیاوو چاودیری کردنی ڕەوشی ژیانی منداڵانی ئیش کەرو سواڵ کەری سەر شەقامەکان و بێ سەرپەرشتان کە ئاییندەیەکی نادیار چاوەڕێ یان دەکات و پیویستە بە یاساو بریاری تایبەت ئەو بابەتانەی تایبەت بە منداڵان ڕێکبخریت و منداڵان دوور بن لە هەموو توندو تیژی و شەرو ناخۆشیەك.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

٢٠١٥/٦/١

ژ/ ژ١٨ _ س٣ _٢٠١٥

# پەیامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە ڕۆژی جیهانی پەنابەران.

هەموو سالێك ڕۆژی ٢٠ ی حوزەیران لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكان بە ڕۆژی جیهانی بۆ پەنابەران دەست نیشانكراوە ، ئەمسالیش لە كاتێكدا ئەو ڕۆژە بەرز رادەگرین كە جیهان بەقۆناغیكی ئالۆز تێدەپەرێت و ڕۆژانە ژمارەی ئاوارەو پەنابەران ڕوو لە زیاد بون دەكات بە هۆی شەڕو جەنگ و كارەساتەكان ، بەردەوام هاولاتیان دەبنە قوربانی و مەترسی بۆ سەرژیانی هەزران مندالٚ و پیروپەككەوتەو كۆی گشتی مرۆڤایەتی دروست بوە ، ئێستا كە یادی ئەو ڕۆژە دەكەینەوە بەپێ ی دوا ئاماری نەتەوە یكگرتووەكان ژمارەی ئاوارەكان لە جیهان نزیك بۆتەوە لە (٦٠) ملیۆن هاوڵاتی و نیوەی ئەو ڕێژەش مندالأنن و ئەو ڕێژەیەش ژمارەی پێوانەییە بۆ ئاوارەكان لە چەند ساڵێ رابردوو.

سەرەرای ئەوەی ئاكامەكانی شەرو جەنگەكان هەر بریتی نیە لە ئاوارەیی بەڵكو بلاو بونەوەی برسێتی و نەخۆشی و تێكدانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و چەندان كێشەو دەركەوتەی تری نامرۆڤایەتی و پێشیلكردنی پرەنسیپەكانی مافی مرۆڤی لەگەڵەو بەدواوەیە.

ئەگەرچی ئاوارە بون دیاردەیەكی جیهانی یەو ئێستا زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتوەتەوە بە هۆكارو شێوازی جیاواز.بەلاَم بۆ گەلانی عیراق و هەرێمی كوردستانیش ئەو ڕۆژە ئەمسالٚ تایبەتمەندی خۆی هەیە كە بەهۆی شەرو هێرشەكانی گروپە تیرۆریستیەكانی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی (داعش) هەزاران مالٚ و هاولاَتی ئاوارەو دەربەدەر بونەو ڕویان لە شارەكانی هەرێمی كوردستان كردوەو لە ژیان و گوزەرانێكی خراپ و سەخت ژیان دەگوزەرێنن دوور لە مالٚ و خاك و شوێنی خۆیان ،.ئاوارەكان لەجیهان و لە عیراقیش بەتایبەت لەسەر دەستی گروپەكان توشی چەندان كارەساتی مرۆیی بونەتەوە لە كوشتن و ڕفاندنی ژنان و مندالاَنیان و تالاَن كردن و كاول كردنی مالٚ و حالٚیان.

ئێستا بەهۆی زیاد بونی ڕێژەی ئاوارەكان هەموو جیهان و ڕێكخراوە نێو دەوڵەتیەكان باری نائاساییان ڕاگەیاندوە لە بواری لاوازی پالٚپشتە داراییەكان وكەم بونەوەی هاوكاریەكان بۆ ئاوارەو دەربەدەرەكان و هەموان بە قۆناغیكی هەستیار دەرۆن لە ڕووی داراییەوە.

ئەو یادە ئەوەمان پی دەلیٚ كە پێویستە هەموو مرۆڤایەتی هەولەكانی چر بكاتەوە بۆ ئەوەی ڕووبەروی شەڕو كێشەو ناخۆشیەكان بێتەوە كە سەرچاوەی ئاوارەیی و دەربەدەریە و زمانی دیالۆگ و ئاشتی جێگەی ناكۆكی و شەڕو جەنگەكان بگرێتەوەو چیتر هاولاَتیانی سیڤیل نەبنە قوربانی ناكۆكیەكان ، لەوەش گرنگتر ئەركی هەمو مرۆڤایەتی و ولاَتانە ڕوبەڕوی مەترسی دارترین دوژمنی مرۆڤایەتی بێتەوە كە سەرچاوەی تێكچونی ئاسایشی زەوی و ئارامی وڵاتانە كە تیرۆرو گروپە توند رەوەكانە. چونكە بەردەوام بون بەو بارو دۆخەی ئێستا جیهان رووبەروی كارەساتی مرۆیی دەكاتەوەو ژیانی ئاوارەكان لە هەموو جیهان لە مەترسی دایە بە هۆی برسێتی و نەخۆشی و بێ شوێنی حەوانەوەی شیاوو.

ئەوەی پەیوەستە بە هەرێمی كوردستانیش سەرەرای ئەوەی هەولەكانی حكومەت و پەرلەمان و ڕێكخراوەكانی مرۆیی و هاولاَتیان كە لەسەرەتای هاتنی تەوژمی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە بەهەموو شێوەیەك خزمەت كراون و شوێن و جێگەیان بۆ دابین كراوەو چاودێری دەكرێن لە رووی مرۆیی و پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری یەوە ، بەلاَم بەهۆی ئەوەی ماوەی سالێك و نیو زیاترە حكومەتی ناوەند لە جیاتی هاوكاری كردن و دەست گرتنی خەلٚك حكومەتی هەرێم كەچی گەمارۆی ئابوری پەیرەو دەكاو بودجەو موچەی خەلٚكی بڕیوەو دوا دەكەوێ ، لەكاتێكدا ئەركی سەرەكی پێشكەش كردن و خزمەتكردنی ئەو ئاوارانە لە ئەستۆی حكومەتی ناوەندە چونكە بەشێكی زۆری ئەو خەلٚكە لەوناوچانە ئاوارەبونە كە لەژێر سایەی ئەو حكومەتەیە. ئێستاش ئەركەكەو ژمارەی زۆری ئاوارەكان زۆر زیاترە لە ئیمكانیەتی هەرێمی كوردستان و خەلٚكەكەی ، و بەردەوامی ئەو دۆخی شەرو ئالۆزیانە ئەوەمان پێ دەلیٚ كە پێویستە ڕێكخراوە نێو دەوڵەتیەكان و هەموو مرۆڤ دۆستان و بە پلەی یەكەمیش حكومەتی ناوەند كە بەرپرسی ڕاستەوخۆیە هاوكاریەكانیان بۆ ئەو خەلٚكە زیاتر بكەن و هاوكاری حكومەتی هەرێم بكەن بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریەكان و چیتر ئەو ئەركە بەتەنها لە ئەستۆی هەرێمی كوردستان نەبێت وە بەدلٚنیاییەوە ناتوانێت بەردەوام بێت بەو جۆرە. بەو هیوایەن لە ئاییندەیەكی نزیك سەرجەم ئاوارەو خەلٚكی دەربەدەر بگەرێنەوە سەرمالٚ و شوێنی خۆیان و بە ئاشتی و ئارامی ژیانی خۆیان درێژە پێ بدەن. وەك دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤیش بەردەوام دەبین لە هەولەكانمان بۆ چاودێری كردنی ڕەوشی ژیانی ئاوارەكان و بەسەر كردنەوەو گەیاندنی دەنگ و داواكاریەكانیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان و هەماهەنگی كردن لە ئاستی ناوەخۆو دەرەوەش بۆ دابین كردنی پێداویستی و چارەسەری كێشەو كەم وكوڕیەكانیان.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان

٢٠١٥/٦/١٩

ژ.١٩ /س_٣_٢٠١٥

## پەیامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ سەبارەت بە هەوڵی لابردنی کۆتای کەمینەکان لە پەرلەمانی کوردستان

لەدوای ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلانی هەرێمی کوردستان لە ساڵە ١٩٩١ و دواتر دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەو ساتەوە کەمینەکان وەك بەشێکی ڕەسەن لەو خاکە بونە بەشداری ڕاستەقینەیان هەبوە لە سیستەمی پەرلەمانی و حوکمڕانی ، وە لەیەکەم خولی پەرلەمانیش سیستەمی کۆتا بەیاسا چەسپێنرا و وەك عورفێك بوە بەشێك لە کەلتوری بەشداری کردنی کەمینەکان لە پرۆسەی سیاسی و پەرلەمانی ، هەر لەو ئەوکاتەوە هەرێمی کوردستان هەنگاوی بەرەو دیموکراسی ناو بوە جێگای سەرنجی وڵاتان وەك نمونەیەکی جوانی پێکەوە ژیان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بەڵام ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆتەوە کە هەولێك هەیە بۆ لابردنی ڕێژەی کۆتا بۆ کەمینەکان لە پەرلەمانی کوردستان ، پێمان وایە بەهیچ شێوەیەك خزمەت بە پێکەوە ژیان و سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناکات و لەهەمان کاتدا دەرچونە لە پرەنسیپە گشتی یەکانی مافی مرۆڤ و یەکتر قبولکردن و پرۆسەی دیموکراتی، چونکە ڕێژەی کۆتا لە جیهانی تازە قۆناغی باشی بریوەو بۆتە واقعی سیستەمی سیاسیی و پەرلەمانی بۆ بەشداری چین و توێژەکان یان پێکهاتەو ئایینەکان بە واتای سیستەمی کۆتا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و یەکانگیرە لەگەل زۆر لە بڕیارەکانی نێو دەولەتی وەك کۆتای ( ژنان و لاوان و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان ) چونکە ئەوە تاکە ڕێگەی بەشداری دیموکراسی و مەدەنی ئەو جۆرە چین و توێژو پێکهاتانەیە بۆ نوێنەرایەتی کردنی خۆیان کە لە ئێستادا لە وڵاتانی پێشکەوتوو دیموکراسی پەیرەو دەکرێت ، مێژووی هاوبەش و تێکەلاوی کەلتوری وڕۆشنبیری و شارستانی ئەو گەلانە هەموانی کۆکردۆتەوەو لەسەر ئەو خاکە وە پێکەوە ژیاون و قوربانیان داوەو ئاشتی کۆمەڵایەتی بۆتە ناسنامەی ئەو هەرێمە کە سیمایەکی جوانی پێ بەخشیوە ، لە جیهانی دەرەوەش کە وەك نمونەیەکی جوانی پێکەوە ژیانی جیاوازیەکان و رەنگەکان دەناسرێت لە ناوچەکە و هەر ئەوەش بوە یەکێك لە هۆکارەکان بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی نێو دەوڵەتی و هاوپەمانان لە شەری داعش و زۆر پرسی تر.

لەوەش گرنگتر دەرکردنی یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٥ ی مافی پاراستنی کەمینەکانە لە پەرلەمان کە رەنگدانەوەی واقیعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ پێکهاتە ئایینی و نەتەوەکان و بەرەو پێش چونی زیاتر بۆ خزمەتکردن و بە یاسا کردنی مافی کەمینەکان بەرەو قۆناغیکی تری پێکەوە ژیان و بەشداری راستەقیەنەیان لە بەرێوە بردن و دەست نیشانکردنی مافەکانیان. ئەو هەوڵەش یەکناگرێتەوەو پێچەوانەیە لەگەڵ هەوڵەکان و یاسا دەرکراوەکانی تری پێشوو لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان.

بۆیە هیواداریین ووردترو بەرپرسیارانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەو بارو دۆخە بکرێت و لە ئێستادا ئەو پرسە پەیوەست نەکرێت بە کێشەو ململانێ حیزبی وسیاسیەکان وە بە پێچەوانەوە پێویستە مافەکانی ئەو پێکهاتانە لە دەستور جێگای بۆ بکرێتەوەو بەتایبەتی کە ئێستا لیژنەی نوسینەوەی ڕەشنوسی هەریمی کوردستان خەریکی نوسینی ماددەو برگەکانی پرۆژەی دەستورو بەتایبەت دەست نیشانکردنی ماف و ئازادیە گشتی یەکانن پێویستە رەچاوی تایبەتمەندی ژیان و کەلتوری کەمینەو پیکهاتە جیاوازەکان بکرێت و مافەکانیان پارێزراو بێت.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

٢٠١٥/٧/٧

ژ:٢٠: س ٣ _ ٢٠١٥

## بەیاننامەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەسەر بۆردومانەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەرخاکی هەرێمی کوردستان.

بەداخەوە ئەمرۆ بەیانی ٢٠١٥/٨/١ فرۆکەکانی دەوڵەتی تورکیا هێرشیان کردەوە سەر خاکی هەرێمی کوردستان و لە ئەنجامیشدا شەهیدو بریندار هەیەو ئەمە جگە لەوەی زیانێکی زۆریش بە ژینگەو سروشت و ئاوەدانی ئەو ناوچانە کەوتوە. ئێمە لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ وێرای ئەوەی ئیدانەی هەموو جۆرە هێرشێکی سەربازی و زمانی شەر دەکەین هیوادارین بیر لە رێگەی ئاشتی و دیالۆگ و پاراستنی گیانی هاولاتیان بکرێتەوە . بەپێ ی ریکارو یاساکانی جەنگیش نابێت هاوڵاتی مەدەنی ببێتە قوربانی و بەشێك لە ململانێ و جەنگەکان وە ئەمە جگە لەوەی کە بەزاندنی سنورو خاك و هەوای هەر ولاتێك و ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی لەناو خاکی ولاتێکی تری دراوسێ لادانە لە رێکەوتنە نێو دەوڵەتیەکان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و سەروەری خاك و سنوری دراوسێ .وە ئێمە بەداخەوەین کە دیسان ژمارەیەك هاوڵاتی شەهیدو بریندار بون و زیانیش بەو ناوچانە گەیشتوە ، داواکارین هەرچی زووە دەوڵەتی تورکیا ئەو هێرشانە بوەستێنێت ودوبارە نەبێتەوە ، وە بەردەوامی بە پرۆسەی ئاشتی بدەنەوەو کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکەن لەسەر مێزی گفتوگۆو دانیشتن ، چونکە شەرو جەنگ خزمەت بە هیچ لایەك ناکات و ناوچەکەش بەتایبەتی کە لە ئێستادا کە لەشەری تیرۆریستانی داعشدایە نابێت ئەو دەرفەتە لەدەست بدەین کە هەموو لایەك لەبەرەی دژە تیرۆر بین و ململانێ ناوخۆییەکان بە زووترین کات و بەرێگەی ئاشتی چارەسەر بکرین ، وە بەرپرسیارێتی یاسایی سەرەکیش دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی بەپێ ی دەستوری ولاّت کە پارێزگاری لە سنورو خاکی عێراق بکات و هاوڵاتیانی عێراق لەهەر شارو ناوچەیەك بن پارێزگاریان لێ بکات و رێگە نەدات سنورو خاکەکەی و سەروەریەکانی پێشیل بکرێت. وە پێویستە حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیش بە رۆڵی خۆیان هەڵسن بۆ هێور کردنەوەی ئەو بارو دۆخەو کۆتایی هێنان بە جەنگ و شەڕ ، لەرێگەی دەستپێشخەری ئاشتەوایی و دیبلۆماسی لەگەڵ هەردوو لا بۆ گەیشتن و بەردەوامی بە پرۆسەی ئاشتی نێوانیان ،لە کۆتاییدا سڵاو بۆ شەهیدو قوربانیەکان دەنێرین و هیوای چاك بونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

٢٠١٥/٨/١

ژ ٢١س٣ /٢٠١٥

## پەیامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە ساڵرۆژی داگیر کردنی دەشتی نەینەواو ئاوارە بونی هەزاران خێزانی پێکهاتەکانی مەسیحی و کاکەیی و شەبەك.

ئەمرۆ ٦ ی ئابی ٢٠١٥ ساڵێك تێدەپەرێت بەسەر داگیرکردنی دەشتی نەینەوا لەلایەن گروپی تیرۆریستی داعش و ئاوارە بونی هەزاران خێزانی پیکهاتە جیاوازە رەسەنەکانی ئایینی ( مەسیحی و کاکەیی و شەبەك) و شەهید بون وبێ سەرو شوێن بونی چەندانی تر لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش و دوژمنانی ئاوەدانی و پێکەوە ژیان و مرۆڤایەتی.

ئەگەرچی بەهیچ پێوەرێك و یاسایەك ناتوانرێت خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن بۆ ئەو رۆژەو کارەساتە بکرێت چونکە ئەو گروپە بە دڕندانە ترین شێواز مامەڵە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ ئەو خەڵکە کردوو پێوەرەکانی ژیان و مرۆڤایەتی و هەموو سنورێکیان بەزاند. ئەگەرچی لەئێستادا ئەو خەڵکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بونە لە رووی ئاسایشەوە ژیانیان پارێزراوەو بە ئارامی دەژین ، بەلاَم ئاوارەیی و سەختی ژیان لە ناو کەمپەکان تینی گەرماو کەمی خزمەتگوزاری و پیداویستیەکان ئەوەندەی تر ئازارو خەمەکانی ئەو خەڵکەی زیاد کردووە چونکە ژیانی ئاوارەیی و دوور لە خاك و ماڵ و شوێنی خۆیان ئەوانی لە چاوەروانی و غەریبی هیشتۆتەوە. ئەمە جگە لەوەی بەداخەوە ژمارەیەکی بەرچاویش لەو هاولاتیانەو بەتایبەت لە پیکهاتەی مەسیحی رۆژانە ولات بەجێ دەهێلن و کۆچ دەکەن بۆ وڵاتانی دەرەوەو مالئاوایی لەو خاکە دەکەن کە خۆیان بەشێکی سەرەکی و رەسەنن لە پێکهاتەو بونیادو شارستانیەتی ئەو خاك و وڵاتە بە دریژایی مێژوو بەیەکەوە لەگەڵ پێکهاتەو ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لەوخاکە ژیاون و لە خۆش و ناخۆشی یەکتر بەشدار بونە ، بەڵام ترسی تیرۆرو داگیر کردنی ناوچەکانیان بێ هیوای کردون و دەرۆن و کۆچ دەکەن ، کە هیواداریـن وڵاتانی کۆمەك بەخش و مرۆڤ دۆست ئاوریان لێ بدەنەوەو هاوکاریان بکەن و ژیانییان بپارێزن.

ئەگەرچی ئێمە لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ نیگەرانین لەو رەوشەی کە ئاوارەکان لە عێراق بەگشتی بەسەری دەبەن لە کەمپەکان و شارەکان بەڵام ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەر حکومەتی ناوەند کە سەرەرای پێشکەش کردنی خزمەت بە ئاوارەکان و ئاوردانەوەی زیاتر لە ژیانیان لە هەمان کاتیشدا رزگار کردن و پا ککردنەوی ئەو ناوچانەشی دەکەوێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە لە ژیانی دووری و ئاوارەیی رزگاریان بێت و بگەرێنەوە ماڵ حاڵی خۆیان. ئەمە سەرەرای ئەوەی خەلك و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای کارەساتەکە بەجوانترین شێوەو لە روانگەی مرۆییەوە هەموو خزمەتێکیان پیشکەش بە ئاوارەکان و ئەو خەڵکە کردوەو سەرەرای ئەو بارودۆخە ئابوریە سەختەی رووبەروی ئەو هەرێمە بۆتەوە کەبەشێکی سەرەکی دەگەرێتەوە بۆ ئەو گەمارۆ ئابوریەی حکومەتی عیراق بەسەر حکومەت وخەڵکی هەرێمی کوردستان و برینی بودجەو موچەی هاوڵاتیان.

لەو رۆژەدا ویرای دەربرینی هاوسۆزیمان بۆ خەلکی رەسەن و ئەمەکداری دەشتی نەینەوا بەهەموو پیکهاتەکانەوە داواکارین کە هەرچی زوو ناوچەکانیان رزگار بێت و بگەرێنەوەو لە هەمان کاتیشدا زیاتر ئارام بگرن و وڵات و شارستانیەت و خاکی باب و باپیرانیان جێ نەهیلن ، دڵنیاین بە هێزو پشت و پەنای هێزی پیشمەرگەی کوردستان وهاوپەیمانان و سوپا لە ئاییندەیەکی نزیك سەرکەوتنی گەورە بەسەر تیرۆریستان دێت و بە خاکی خۆتان شاد دەبنەوە . ئیستاش بۆ هەموو جیهان ساغ بۆتەوە کە تیرۆر بۆ هەموو لایەك هەرەشەیەو ئایین و مرۆڤ و نەتەوەو کلتور ناناسێ و رووبە روبونەوەشی ئەرکی هەموو مرۆڤایەتی و ئازادیخوازانە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بە ئارامی بژی .

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

٢٠١٥/٨/٦

ژ : ٢٢ س٣ / ٢٠١٥

## پەیامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ سەبارەت بە کۆچی دوایی ئەو کچە نەخۆشەی کە بەهۆی هەڵەی پزیشیکەوە ١٤ ڕۆژ لە نەخۆشخانە بێ هۆش بوو دوایی گیانی سپارد.

بەداخەوە ئەمرۆ ٨/٨ هەواڵی کۆچی دوای کچە قوتابی ( شادان ابراهیم ) هەموانی توشی شۆ کرد. کە دوای مانەوەی ١٤ ڕۆژ لەنەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر بە بێ هۆشی و بەهۆی نەمانی ئۆکسجین لە ژووری نەشتەرگەری توشی بێ هۆشی دەبێت و ئەمرۆش گیانی سپارد.

بەداخەوە ڕۆژانە لێرەو لەوی ٘ هەواڵی کارەسات بارو ناخۆش دەبیستین لە کەرتی تەندروستی بەتایبەت لەسەر پێشیلکردنی مافی نەخۆش و مامەڵەی ناتەندروست لەگەڵ نەخۆشەکان . ئەگەرچی ئێمە لەدەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دەمێکەو بەتایبەتیش لە ڕاپۆرتەکانی خۆمان بە ووردی ئاماژەمان بە کەموکوڕی و پیشیلکاریەکانی کەرتی تەندروستی کردوە لە هەرێمی کوردستان و هەمیشە داوامان کردووە پێویستە چاکسازی جددی لەو کەرتە بکرێت و چیتر بەهۆی هەڵەو کەمتەرخەمیەوە گیانی هاوڵاتیان نەکەوێتە مەترسیەوە. وە خۆشمان بە داکۆکی کاری مافی هاوڵاتیان بەگشتی و پارێزگاری کردن لە مافی نەخۆش بەتایبەتی زانیوەو داوای دابین کردنی خزمەتگوزاری و مافەکانی نەخۆشمان کردووە. بەڵام بەداخەوە جگە لەوەی گرنگی بە سەرنج و پێشنیارەکانمان نەدراوە بەلکو ڕۆژانەش هەواڵی تازە دەبیستین لەسەر ڕووداوو پێشیلکردنی مافی نەخۆش.بۆ کەیسی ئەو کچە قوتابیەش ( شادان ابراهیم) ئێمە سەرەڕای دڵگرانی بۆ کۆچەکەی ، تا ڕۆژی کۆچی دوایی لەگەڵ خانەوادەکەی لەسەر خەت بوین و بەدوای ڕاستی ڕووداوەکەو هۆکارەکانی بوین و بەدو داچونی جددیمان کردووە وە هەر ئەوکاتیش داوامان کردووە کە پێویستە بە زووترین کات وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی تایبەتمەند پیك بهێنیت بۆ لێکۆلینەوە لە ڕووداوەکە بکرێت و دەست نیشانکردنی کەمتەرخەم لەو کارەو گرتنەبەری ریکاری یاسایی . بەڵام تا ساتی گیان سپاردنیشی بەداخەوە هیچ لێکۆلینەوەیەك و بەدوا چونێکی جدی نەکراوەو کەسیش لێکۆلینەوەی لەگەڵ نەکراوەو دەست نیشانی هۆکارەکانی ئەو ڕووداوەش نەکراوە. بۆیە ئەوە جگە ئەوەی مایەی نیگەرانیە بۆ هەموان و ناکرێ ئەو بابەتە تەنها وەك کەیسێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وبروات. چونکە ئەوە پەیوەستە بە ژیان و کەرامەتی مرۆڤ و ئەگەری دوبارە بونەوەشی لێ دەکرێت و هەڵەیەکی پزیشیکە کە نابێت ڕوو بدات. ئێمە پێش دەرنجام و لێکۆلینەوەکان ناکەوین و کەسیش تاوانبار ناکەین بەڵام پێویستە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی بەتایبەت هەرچی زووە بەدوای ئەو بابەتەوە بن و ڕاستیەکان و دەرەنجامی لێکۆلینەوەکان بڵاو بکەنەوە بۆ رای گشتی و خانەوادەی خوالێخۆشبو چونکە بۆ ئەوان بەتایبەت و بۆ هەموو لایەك بەگشتی کۆستێکی گەورەیە.ئێمەش وەك دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ سەرەرای ئەرکی خۆمان کە چاودێری و بەدوا داچونە لە هەمانکاتدا داوا لە داواکاری گشتی دەکەین کە لاپەرەی تایبەت بۆ ئەو کەیسە بکاتەوەو وەك مافی گشتی  بە بەدوا داچون بکات لە رووی یاساییەوە. لە پێناو پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و دووبارە نەبونەوەی هەڵەو ڕووداوی تری لەم جۆرە. چونکە دابین کردنی ژیانێکی تەندروست و پارێزگاری کردن لە مافەکانی هاولأتیان لەسەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤن کە جارنامەو پەیماننامەکاندا هاتووە.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان

٢٠١٥/٨/٨

ژ / ٢٣ س_٣_٢٠١٥

## رونكردنەوەیەك لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەریمی كوردستان سەبارەت بە دەستگیر كردنی ( شڤان ئازاد) كارمەندی پۆلیسی بەرگری شارستانی لەشاری هەولێر.

دوای ئەوەی چەند هاولاَتیەك لەرێگای تۆری كۆمەلایەتی یەوە پەیام وداواكاریەكیان ئاراستەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ كردو داوایان كردووە دەستە بەدوا داچون بكات بۆ هۆكاری دەستگیر كردنی كەسێك كە پیشەی پۆلیسی بەرگری شارستانیە لەشاری هەولێر بەناوی ( شڤان ئازاد) كە ئاماژەیان بەوە كردووە ناوبراو لەسەر بلاَو كردنەوەی چەند گرتە ڤیدیۆیەك دەستگیر كراوە كە بلاَوی كردۆتەوە لە ئەكاونتی خۆی كە قسە بەحكومەت و حیزبەكانی هەرێمی كوردستان دەلێت ، ئەوەبو لەسەر فەرمانی راستەوخۆی بەرێز سەرۆكی دەستە ی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بریار درا بەدوا چون بۆ ئەو كەیسە بكرێت و بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن وتەبیژی فەرمی دەستەی مافی مرۆڤەوە پەیوەندی بە وتەبیژی پۆلیسی هەولێر كراو وەلاَمی پەیوەندیەكەی نەداوە بەلاَم دواتر ئەوەبوو بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر رونكردنەوەیەكی بلاَو كردەوە سەبارەت بە هۆكاری دەستگیر كردنەكەی و ئاماژەی بەوە كردوە( كە لەلایەن بەریوەبەرایەتیەكەی خۆی ئەنجومەنی لێكۆلینەوەی لەسەر پێكهاتووە لەسەر بریاری سەرۆكی ئەنجومەنەكە بەپێ ی ماددەی (٤٣٣) یاسای سزدانی عیراقی ژمارە (١١) ی سالی ١٩٦٩ دەستگیر كراوەو رەوانەی كرتوخانەی ناوەندی هەولیر كراوە)

ئێمە لەدەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ وێرای ئەوەی بە ئەركی خۆمانی دەزانین بە ووردی چاودێری رەوشی مافەكانی مرۆڤ بەگشتی و ئازادی رادەربرین بكەین لە چوارچیوەی یاسا كارپێكراوەكانی هەرێمی كوردستان و ئادابی گشتی. بۆ ئەو مەبەستە لای خۆمانەوە بەدوا داچونی دەكەین بۆ ئەو كەیسەو بەیانی رۆژی شەممە ٨/٢٢سەردانی گرتوخانە ناوەندی هەولیرو كەسە دەستگیركراوەكە دەكەین. ئەوەی لای ئێمە جێگای سەرنجە وەك هەموو لا دەزانین بریاری دەستگیر كردن و دەست نیشانكردنی برگەو ماددەی یاسایی بۆ هەركەسێك و بەهەر تاوانێك بێت تەنها لە دەسەلاَتی دادگاو دادوەرە بەرێزەكانە نەوەك هیچ كەس و ئەنجومەنێك و لیژنەیەك. بۆیە ئێمە لە چوارچێوەی رونكردنەوەكەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێرو لە روانگەی ئەرك و دەسەلاتی خۆمان لەدەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بە پێویستمان زانی ئەو رونكردنەوەیە بلاَو بكەینەوەو لای خۆشمانەوە بەدوا داچون بۆ كەیسەكە و هۆكارەكانی دەستگیر كردنەكە دەكەین و بە ووردیش چاودێری رەوشی ئەو هاولاَتیە بەتایبەتی و هەموو چاكسازی و بەندیخانەكان دەكەین .

دواتریش بەفەرمی دەرەنجامەكەی بۆ هەموو لایەك بلاَو دەكەینەوە.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان
٢١ / ٨ /٢٠١٥

٢٤_س٣/ ٢٠١٥

## پەیامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەسەر دواکەوتنی موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان.

وەك ئاشکرایە نزیکەی ٢ ساڵە هەرێمی کوردستان بەقەیرانیکی سەختی ئابوری تیدەپەریت بەتایبەت دوای ئەوەی کە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە نەنیردراوەو موچەی فەرمانبەرانیش دواکەوت، دواتر هاتنە پێشی ڕووداوەکان ونەبونی بودجەی دیاری کراوی دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەو پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان هەمووی کاریگەری ڕاستەوخۆی کردە سە رژیانی هاوڵاتیان و لایەنی ئابوری و توانای دارایی هەرێم ، بەتایبەت دواکەوتنی موچەی فەرمانبەران کە سەرچاوەی داهاتی زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستانەو ئەوەش وەك مافێکی ئاسایی و یاسایی یە لەبەرامبەر ئەوکارو ئەرکەی فەرمانبەر پێشکەشی دەکات لەکەرتی گشتی. بەردەوامی ئەو قەیرانانەو دریژە کیشانی ڕۆژانە کاریگەریەکانی زیاتر بەدەر دەکەون لەسەر ژیانی هاوڵاتیان و بەوەش بۆتە مایەی دەربرینی نارەزایی لەلای هاوڵاتیان و بایکۆت کردنی دەوام و کارکردن لەچەند وەزارەت و فەرمانگەو شوینێك بەتایبەتی کەرتی پەروەردەو تەندروستی کە پەیوەستن ڕاستەوخۆ بە ژیان و ئاییندەی خەڵکەوە، ئەگەرچی پێویستەو لەئەستۆی حکومەتە هەرچی زووە موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان دابین بکات و کۆتایی بەو قەیرانە ئابوریە بێت کە فشارێکی زۆری کردۆتە سەر ژیانی و گوزەرانی هاولاتیان، لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی کارو باری هاوڵاتیانیش لە فەرمانگەو دام و دەزگاکانی حکومەت دوانەکەوێ و ئاییندەی گەشی قوتابیان نەبێتە قوربانی ئەو باودۆخەو خوێندن پەکی نەکەوێت ، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بە پێویستی دەزانیت مامۆستایان و فەرمانبەران سەرەرای سەختی ژیان و گوزەران و دواکەوتنی موچەکانیان درێژە بەکارو خزمەت و راژەکانیان بدەن و بۆ ڕایی کردنی کاروباری هاوڵاتیان و بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و وەك چۆن لەرابردوو بەهەمو سەختی و ڕۆژگارێك خزمەتیان کردووە هەر بەو جۆرە بەردەوام بن ، سەرەرای ئەوەی گردبونەوەو نارەزایی دەربرین بەشێوازی مەدەنی مافی ئاسایی و یاسایی هەموو هاولاتیەکەو ڕێگە پێدراوە بۆ داواکردنی مافەکانی خۆی بیگرێتە بەر، بەو هیوایەی لە ئاییندەیکی نزیك کۆتایی بەو قەیرانەش بێت و حکومەتیش لە نزیك ترین کاتدا چارەسەری گونجاو بۆ ئەو قەیرانانە بدۆزیتەوەو مافی فەرمانبەران و مامۆستایان لە موچەی مانگەکانی ڕابردووش دابین بکات و بۆیان بگەرینێتەوە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەران و کاروباری هاولاتیان نەکات زیاترو چیتر هاولاتیان لەچاوەروانی نەمێننەوەو چونکە ژیان و پێداویستیەکانی قورس و سنوردارن ، وەك دەستەی مافی مرۆڤیش سەرەڕای ئەوەی پشتیوانی لە داواکاریەکانتان دەکەین بۆ دابین کردنی موچەکانتان وەك مافی ڕەوای خۆتان بە، ئومیدی چارەسەری کیشەو قەیرانەکان هەنگاو دەنێین لە پێناو دابین کردنی ژیانێکی شایستەو ئارام بۆ هاوڵاتیان.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەریمی کوردستان

٢٠١٥/١٠/٧

ژ:٢٥ س٣ _ ٢٠١٥

## دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ پەیامێك لەسەر خۆپیشاندانەکان بڵاو دەکاتەوە.

ئەمرۆ هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی هەستیارو تایبەت تی دەپەرێت لەچەند ناوچەو شارو شارۆچکەیەك هاوڵاتیان و فەرمانبەران و مامۆستایان گردبونەوەو خۆپیشاندان ئەنجامدەن بەهۆی دواکەوتنی موچەوە. ئەگەرچی ئێمە لەدەستەی مافی مرۆڤ زووتریش ئەوەمان راگەیاندبوو کە خۆپیشاندان و گردبونەوە مافێکی رەواو ئاسایی و رێگە پێدراوەو بۆ هاوڵاتیان لە پەیماننامەو رێکەوتنامە نێو دەوڵەتیەکان و تەنانەت لەهەرێمی کوردستانیش بە یاسا رێکخراوەو رێگە پێدراوە. وە داواکردنی هاوڵاتیان بۆ بۆچاکسازی و پێدانی موچەو مافەکانیان یەکێکە لەمافە بنەرەتیەکانی ژیانیان و بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوری یەی بەسەر هەرێمی کوردستانەوە هاتوە، لەسەر حکومەتە ئەو مافە دابین بکات و پارێزگاری لە مافی هاولاتیان بکات. ناکرێت زیاترلەوە هاوڵاتیان ماندوو بکرێن و سەرقاڵ بکرێن ، چونکە پێویستە دابین کردنی ژیان وموچەی فەرمانبەران لە پێشینەو خەمی سەرەکی حکومەت بێت و بۆ ئەوەی چیتر بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە قوربانی و رووداوی نەخوازراو ڕوو نەدات فەرمانبەران و مامۆستایانیش بگەرێنەوە سەر ئەرکەکانیان لەپێناو دابین کردنی ئایندەی رۆلەکانیان و رایی کردنی کاروباری هاولاتیان.بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ژیان و تەندروستی خەڵکەوە نەبێت چونکە مانگرتن لە کەرتی تەندروستی و پەروەردە بەتایبەتی راستەوخۆ پەیوەستن بەژیان و ئایندەی هاولاتیانەوەو ناکرێت بوەستن.

بەڵام بەداخەوە لە خۆپیشاندانەکانی قەڵادزی و چەند ناوچەیەکی تر گرژی و ئاڵۆزی تێکەوت و شەهیدو برینداری و پەلاماری بارەگاو شوێنی گشتی لێ کەوتەوەو هەموانی نیگەران کرد.بەوهیوایەی هەرچی زووە کۆتایی بەو قەیرانە ئابوری و رەوشە نالەبارە بێت.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ سەرەرای ئەوەی پشتیوانی لە داوکاری و دابین کردنی مافە رەواکانی هاولاتیان و خۆپیشاندەران وئازادی رادەربرین دەکاتەوە بە شیوازی مەدەنی و شارستانی و لەهەمان کاتدا دژی توندوتیژی و ئالۆزیەو دلگرانی خۆشمان بۆ قوربانیەکانی قەلادزێ ئەو ڕوداوە رادەگەیەنین و هیواداریین خۆپیشاندانەکان لە رێچکەی ئاسایی و یاسایی خۆیان لانەدەن و دووربن لەبەکارهێنانی چەك وتەقەکردن و هەڵکوتانە سەر ماڵ و موڵکی گشتی وبارەگای حیزبی ، و تاوانباران بدرێنە دادگاو کێشەکان بە یاسا یەکلا بکرێنەوە دوور لە گرژی و تۆلەو کاردانەوەی نایاسایی و نامەدەنی .هێزە ئەمنیەکان و لایەنەپەیوەندیدارەکان زیاتر بەئەرکی خۆیان هەڵسن بۆ پارێزگاری کردن لە هاوڵاتیان و پاراستنی دام و دەزگا گشتی و حیزبیەکان.

ئەوەی ئێمەی نیگەران کردوە پەیامی بەشێك لە کەناڵەکانی راگەیاندنە کە بەداخەوە دوور لە ئەنتیکی رۆژنامەوانی و پیشە یی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکەن و بەجۆرێك زیاتر لەوەی کاری رومالّ کردن و رۆژنامەوانی ئەنجامبدەن بونەتە بەشێك لە رووداوەکان ولاگیری دەکەن ، چونکە ئەرکی ڕاگەیاندن گواستنەوەی داوکاری و پەیامە لە هاولاتیانەوە بۆ دەسەلات و بەرپرسان ، پێچەوانەی ئەو رۆڵە خزمەت بەکاری پرۆفیشنالی راگەیاندن و داواکاری هاولأتیان و رەوشەکە ناکات.هیواداریین هەموو لایەك بەهەست کردن بە بەرپرسیارێتی یەوە مامەڵە لەگەل ڕووداوەکان بکەن.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەریمی کوردستان

٢٠١٥/١٠/١٠

٢٦_ س٣ / ٢٠١٥

**ڕاگەیەنراوی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دەربارەی هێرشکردنە سەرکەناڵی ( ڕووداو ) لەسلێمانی و داخستنی نوسینگەکانی کەناڵی ( کەی ئین ئین ) و ( ناڵیا ).لەهەردوو شاری هەولێرو دهۆك.**

دوای ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوو خۆپیشاندان و نارەزایی چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانی گرتەوە بەداخەوە بوە هۆی شەهید بون و برینداربونی هاوڵاتیان و سوتانی بارەگاکان و دروست بونی ڕەوشێکی نەخوازراوو نائارام.
بۆیە هاتنە پێشی ئەو ڕووداوانەو ئاکامەکانی هەموانی نیگەران کردووە چونکە چەندان پێشیلکاری ئەنجامدراوە لەخۆپیشاندانەکان و وەك دەستەش بەووردی چاودێریمان کردووەو تۆمارمان کردووە لەسەرجەم شارەکان و لە ڕێگەی نوسینگەکانمان. ئێمە هەمیشە لەدەستە وتومانە پشتیوانی داواکاری ڕەوای هاوڵاتیان و خۆپیشاندانی مەدەنیانەو شارستانیانە دەکەین دوور لە توندوتیژی و ئالۆزی و پێشێلکاری. سەرەڕای ئەوەش کە وەك دەستە تێبینیمان هەبوە لەسەر بەشێك لە ڕوماڵ کردنەکانی ڕاگەیاندنەکان لەکاتی ڕووداوەکان .
بەلاّم ئەوەی ئێمەی نیگەران کردووە هێرش کردنە سەر کەناڵی ( ڕووداو ) لەسلێمانی و داخستنی نوسینگەکانی هەردوو کەناڵی ( کەی ئین ئین ) و( ناڵیا) لە شارەکانی هەولێرو دهۆك، کە ناکرێ کەناڵەکان و هێرش کردنە سەر ڕاگەیاندنکاران ببێتە بەشێك لە کێشەو ئالۆزیەکان ، چونکە ڕاگەیاندن ئەرکی گواستنەوەو روماڵ کردنی هەواڵ و چالاکیەکانە بۆ هاوڵاتیان و گەیاندنی دەنگ و داواکاری هاوڵاتیانە بۆ دەسەلاّت ، بۆیە داخستنی نوسینگەکانی ئەو دوو کەناڵەو و هێرش بردنە سەر هەر کەناڵێك ورۆژنامەنوسێك خزمەت بە بارو دۆخەکە ناکات ، چونکەئازادی بیرو ڕا یەکێکە لەبنەماکانی مافی مرۆڤ و پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت .
بۆیە پێویستە هەرکێشەو دۆسیەك هەبێت لەسەر دەزگاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەچوارچێوەی یاساو دادگا بێت و یەکلا بکرێتەوە ، چونکە پێچەوانەکەی لەبەرژەوەندی ئەزمونەکەمان نیە، هیوادارین هەرچی زووە بارودۆخەکە هێور بکرێتەوەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش بەهەست کردن بە لێپرسراویتی و ئەرکی پیشەیی و پرۆفیشناڵی خۆیان بەردەوام بن لەڕوماڵ و کارو پیشەکانیان وپاراستنی بەرژەوەندی باڵای میللەتەکەمان و هەستیاری ڕەوشەکە لەبەرچاوبگرن.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان

٢٠١٥/١٠/١١

ژ / ٢٨ _ س٣ / ٢٠١٥

**بەياننامەی ڕۆژنامەوانی دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان سەبارەت بە ياسای كارتی نيشتيمانی**

توێژينەوەو لێكۆڵينەوەيەكی زۆر لەسەر ئاستی جيهانی ئەوەيان سەلماندوە كە كۆمەڵگاكان ناتوانن بۆ بەرێكردن و بەڕێوەبردنی كاروباری ژيانی ئێستايان كە پێويستی بە بيركردنەوەو عەقڵێكی كراوە هەيە ، باوەريان هەبێت وە پشت ببەستن بە داب و نەريتە كۆنەكانيان و بۆماوەييەكان كە چەق بەستويی و كورت بينينيان تيابەدی ئەكرێت ، جا ئەو ئەداب و نەريتانە بەرهەمی بيركردنەوەی كۆمەڵگا كە بێت ياخود ئەمانيش وەريان گرتبێت و بۆماوەيی بێت .

وە هەروەك دەشزانين بنەماكانی مافی مرۆڤ لە ماوەكانی رابردوودا لە رووی ناوەرۆكە ياسايی و مرۆڤايەتی و راگەياند نيەكەوە خوێندنەوەو تێروانينێكی ڕونی نەبوە بۆ بابەت گەلێك ، بە جياواز لەسەردەمی ئەمرۆ دەبينرێت و بەدی دەكرێت كە پيشەوتنێكی بەرچاوی بەخۆيەوە بينيوە ، بەلام بابەت گەلێ كە هەميشە ماوەتەوە ، پاراستن وە سەربەست كردنی ئازاديەكان لە بنەما سەرەكيەكانی مافی مرۆڤن لە وانەش ئازادی رادەربڕين و ئازادی كاری سياسی و وە ئازادی هەڵبژاردنی هەر ئايينێك ياخود هەر ئازاديەكی تر كە بێتە هۆی دابين كردنی مافێك بۆ مرۆڤ .

ئەوەی تێبينی دەكرێت لە ياسايی كارتی نيشتيمانی وە لە مادەی ٢٦/ دووەم كەوا ئاماژە دەكات بەوەی كە (ناكاماكان لە پەيڕەوی ئاينەكەيان ئەچنەوە سەر ئاينی ئەو يەكێك لەوان لە دايك وباوكی كەپەيڕەوی بە ئاينی ئيسلام ئەكات ) . ئەم كارەش پەيرەوی لە ياساو شەريعەتێك ئەكات كە ناكرێت هيچ سيفەتێكی مرۆڤايەتی ڕەوشتی و ئاينی تێدابێت بە قەد ئەوەی پێشێلكاری روونی مافی منداڵ و مرۆڤە.

رژێمە سياسيەكانی ڕابردووكە بە ديكتاتۆری حكومی عێراقيان ئەكرد تا ئەندازەيەكی زۆر باوەريان بە بنەماو بە لگە نامەكانی مافی مرۆڤ نەبووە، وە نەيدەكردە سەرچاوەی سەرەكی داڕشتنی ياساكان ، بۆيە دەبينين كە زۆرينە ياخود تەواوی ياسا دارێژراوەكان جا دەستوری بن ياخود ياسايی دورن لە رێكەوتن نامەو بەلگەنامە بنەماكانی مافی مرۆڤ وە ئازاديەكانی تاك و گشتی فەرامۆش كردووە.

ئەگەر لێكۆڵينەوە ياخود بەدواداچوونێك بكەين سەبارەت بە كەمينە نەتەوەو ئاينيەكان دەردەكەوێ كە هيچ گرنگييەكی پێنەدراوە ياخود لايەنی يەكەم تێروانينێكی ڕون نيە لەلايەن ياسای باری كەسی لە رابردوو وەلە ئێستا دا دەرحەق بەم پێكهاتانە، هەروەك لە ياسايی ژمارە (٦٥) ساڵی ١٩٧٢ ماددەی ٢١ برگە (٣) كە دەلی ( منداڵی ناكام خوار تەمەن ١٨ ساڵ لە ئايين ، رێچكەی دايك و باوكيان دەگرن لە ئايينی ئيسلام) ئەگەرچی لەكاتێكدا ئەو ماددەيەش پێشيلكاريەكی زەقی مافی ئازادی بيرو راو مافی مرۆڤ وئازادی يە چونكە منداڵی خوار تەمەن ١٨ ساڵ بێ هەڵبژاردن و ئارەزووی خۆی و لەدەرەوەی ئيرادەی خۆی پابەند دەكرێت بە ئايينی ئيسلام ) وە

ئەو ماددەش پێچەوانەی برگەی (١٨) ی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤە کە دەڵێت (هەموو کەسێك مافی ئازادی بیرکردنەوەو ویژدان و ئایینی هەیە ، ئەم مافەش ئازادی گۆرینی ئایین و بروا دەگریتەوەو مرۆڤ لە دەربرینی ئەو ئازادییەشدا ، بەفیربون و خەریکبوون و ئەنجامدان و پەیرەو کردنی داب و نەریت و دەستوری ئەو ئایین و بروایە بە پەنهانی یان ئاشکراو بەتەنێ یا بە کۆمەڵ ئازادە) ولەهەمان کاتدا ناگونجێت لەگەڵ پەیماننامەی نێو دەوڵەتی تایبەت بەمافە شارستانی و سیاسیەکان بۆ ساڵی ١٩٦٦کە دەوڵەتی عیراق واژووی لەسەر کردوە، وە لە روانگەی ئایینی ئیسلامیشەوە دیسان پێچەوانەی ئازادی ئایینی و پەیرەو کردنی ئایینە وەك لەقورئانی پیرۆز هاتوە ( لا اکراه فی الدین) واتە ( لە ئایین دا زۆر لێکردن نیە) وە دیسان ناگونجێت لەگەڵ ماددەی (٢)ی دەستوری عێراقی برگەی (ب) کە دەڵێ (( نابێت هیچ دەقێکی یاسایی ناکۆك بێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی) وە برگەی (ج) کە دەڵێت ( نابێت یاسایەك دانرێت ناکۆك بێت لەگەڵ ماف و ئازادیە بنەرتیانەی کە لەو دەستورە هاتوە) وە وە دیسان ناکۆکە لەگەل ماددەی (دووەم) کە دەڵی ( ئەو دەستورە پارێزگاری لە ناسنامەی ئایینی ئیسلام دەکات وەك ئایینی زۆرینەی گەلانی عیراق لەگەل دابین کردنی ئازادی ئایینی بۆ هەموو تاکیك لەپەیرەو کردنی بیروا باوەرو مومارەسەی ئایینی خۆی ) لەماددەی (١٣) یەکەم هاتوە ( ئەو دەستورە بەیاسای هەرە بەرزو بالا دادەنریت لەسەروی هەموو یاساکانی وڵات هاتوەو پێویستە پابەندبن پێوەی بێ جیاوازی لەهەموو عێراق) وە برگەی دووەم دەڵێ ( نابیت هیچ یاسایەك دەربچیت ناکۆك بێت لەگەڵ برگەکانی ئەو دەستورە) و لەماددەی (١٤) دەڵێ ( هەموو عێراقیەکان یەکسانن بەرامبەر یاسا بێ جیاوازی کردن بەهۆی ئایین و رەگەزو رەنگ و بنەچەو نەتەوەو مەزهەب و بیرو راو رەوشی ئابوری و کۆمەلایەتی ) وە ماددەی(١٧) برگەی (١) کە دەڵێ (هەر تاکێك مافی پاراستنی تایبەتمەندی کەسیتی خۆی هەیە بەو شێوەی ناتەبا نەبێت لەگەڵ مافی کەسانی دیکەو ئادابی گشتی ) وە ماددەی (٤٢) کە دەڵێ (هەموو تاکێك مافی ئازادی بیرو ویژدان و بیروباوەر هەیە لەدەستور) . پشت بەستو بەو بەڵگە یاسایی و دەستوریانەی سەرەوە کە بە روونی ئەو پێشیلکاریە دەخەنە ڕوو لەو ماددەیە بەرامبەر ئازادی ئایین و وە لادان لە بنەماو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دەستوری عێراقی وە بەهەست کردن بە بەرپرسیاریتی بۆ داکۆکی لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ وەك دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ داوا لەدادگای دەستوری لە عیراق دەکەین کە رۆڵی چاودێری دەگێری لەسەر کۆی یاساو رێساکان ، کە ئەو یاسایە رەت بکاتەوەو بیگێریتەوە بۆ ئەنجومەنی نوینەرانی عیراق بۆ ئەوەی هەمواربکرێتەوە ،

وە پێشنیار دەکەین ماددەکە بەو شێوە هەموار بکرێت لە برگەی دووەم ماددەی (٢٦) ( منداڵی ناکام لەسەر ئایینی خۆی دەمینێتەوە لەکاتێکدا ئەگەر باوك ودایکی یان هەردوکیان ئایینی خۆیان گۆری ، لەگەڵ پاراستنی مافیان لەکاتی باڵغ بونیان لەهەڵبژاردنی هەر ئایینێك کە خۆیان ئارەزوو بکەن و وە حاڵیان وەك حاڵی هەموو هاوڵاتیانی عیراقی دەبێت).

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان

هەولێر / ٢٠١٥/١١/٥

ژ : ٢٩ _ س٣ ٢٠١٥

## پەیامی پیرۆزبایی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بۆ مندالانی کوردستان بەتایبەتی و عێراق وجیهان بەگشتی بەبۆنەی رۆژی جیهانی ریکەوتنامەی مافەکانی مندالان.

ئەمسال لەکاتیکدا یادی ئەو رۆژە دەکەینەوە کە مندالان بەهۆی هاتنە پیشی رووداوەکان و شەرو ململانی و جەنگ لەبەشیك لەناوچەکەوشەری تیرۆرو ئاوارەیی و کۆچەوە زۆرترین قوربانی ئەو سەردەمەن و بی بەبەشن لە مافەکانیان ،ئەمرۆ لەکاتیکدا (٢٦) سالٚ تێپەر دەبێت بەسەر واژوو کردنی رێکەوتنامەی جیهانی مافەکانی مندالان. ئەگەرچی هەموو هەولەکان لە پیناو دابین کردنی ژیانیکی شایستەو لەبارە بۆ مندالان بەلام بەداخەوە مندالان وەك کالایەك بۆ زۆر مەبەست بەکاردیت و لە ئیستادا تەنانەت شیوەك لە بازرگانی کردن بەمندالان بەناوو جۆرو شیوازی تازەوە بۆتە دیاردە و بەکاردەهینرین ، لە بەکارهینانیان بۆ ململانی سیاسیەکان و خۆپیشاندان و چالاکیە سیاسیەکان کارپیکردنیان، کە ئەوانە پیشیلکردنیکی زەقی مافەکانی مندالانە چونکە دەبیت مندالان چاودیری بکرین و مافەکانیان بۆ دابین بکریت لە خویندن و تەندروستی و یاری و پیگەیاندن و چاودیری ژیانیان ،ئێمە لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان وێرای پیرۆزباییمان لە مندالانی کوردستان و عیراق و جیهان بەگشتی، ئەوە دووپات دەکەینەوە کە هەموو هەولێك دەدەین لە پێناو پاراستنی مافەکانی مندالان و جێ بەجێ کردنی ریکەوتنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مندالان ، وە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە چاودێری رەوشی مندالان بکەین ، بۆ ئەو مەبەستەش جەخت لەسەر دەرکردنی یاسای پاراستنی مافەکانی مندالان دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان کە وەك دەستە لە ئیستادا پرۆژە یاسای ئامادە کراومان پیشکەش بە پەرلەمان کردووەو هیواداریین لە زووترین ماوە پەسند بکریت چونکە دەبیتە قەلغانیك بۆ پاراستنی مافەکانی مندالان و رووبەروبونەوەی توندوتیژی و خراپ بەکارهینانی مندالان . وەخۆشمان لەنزیکەوە چاودیری رەوشی مندالان دەکەین ، لەلایەکی تریش تا ئێستا رەوشی مندالان لە هەندی شوێن و کات بە هۆی کێشەو داب و نەریتە کۆمەلایەتیەکان روبە رووی توندو تیژی و ئەشکەنجە دەبنەوە.سەرەرای ئەوەی بەداخەوە تا ئیستا ژمارەیەکی زۆر لە مندالان لەلایەن گروپی تیرۆریستی داعشەوە رفینراون کە خەلکی شەنگال و بەشیکی تر لەوناوچانەن کە ئەو گروپە داگیری کرد بوو، وە مەترسی ئەوە دەکریت ئەو مندالانە لەسەر هزرو بیری خۆیان پەروەردە بکەن و بۆ زۆر مەبەست بەکاریان بینن بۆیە مەترسی لەسەر ژیانی ئەو مندالانە هەیە ، بۆیە دەبیت هەموو لایەك بەگشتی و حکومەتەکان بەتایبەتی هەرچی لەتوانایە بدریت لە پیناو رزگارکردنیان و گەرانەوەیان بۆ ناوو کەس و کاری خۆیان ، باشتر چاودیری ژیانی مندالان بن و مافەکانیان بۆ دابین بکریت ، چیتر مندالان نەبنە بەشیك لەقوربانیەکان، چونکە مندلان نەوەی دوا رۆژو سەروەتی قۆناغەکانی داهاتوی دەولەت و حوکمرانین ، بۆیە پێویستە بە ووردی چاودێری بکرین و مافەکانیان پارێزراو بیت و پەروەدە بکرین. ئێمە وەك دەستەی مافی مرۆڤ ویرای ئەوەی ئیدانەی هەموو توندو تیژی و پیشلکاریەك دەکەین بەرامبەر مندالان لە هەمان کاتیشدا هەموو هەولێکمان دەخەینە گەر بۆ باشتر کردن و چاودێری کردنی رەوشی مافەکانی مندالان لە پێناو بنیات نانی کۆمەلگەیەکی شارستانی و مەدەنی و تەندروست.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
20 / 11 / 2015


www.ihrckr.org ihrckr@gmail.com
ناونیشان: هەولێر - گەرەکی ئازادی - نزیك یاریگای فرانسۆ هەریری

# ڕاپۆرتی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ

# لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی

# ساڵی ٢٠١٥

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

هەرێمی کوردستان- عێراق

www.ihrckr.org

ژمارەی تەلیفۆن: 066 25 64 908

هەولێر- گەڕەکی ئازادی- نزیك یاریگای فرانسۆ هەریری